# ڕێنمای بەکارهێنەر

تکایە بە ووردی ئەم نامیلکەی بەکارهێنانە بخوێنەوە پێش بەکارخستنی سێتەکەت و بۆ بەکارهێنانی دواتر پارێزگاری لێ بکە.

www.lg.com

# خشتەی ناوەڕۆک

## دەستپێکردن لەگەڵ LG webOS TV


زیاتر فێربە دەربارەی LG SIGNATURE OLED TV R. . . . . 5
وانەی فێرکاریەکانی ماڵ. . . . . 6
بەڕێوەبردنی ماڵەوە. . . . . 7
ئامادەکردنی تەلەفزیۆنی وشیار. . . . . 8
گرێدان بە تۆڕ . . . . . 9
حسابی LGیت بەڕێوە ببە؟ . . . . . 11
دەربارەی ڕێنمای بەکارهێنەر . . . . . 12


## شێوازی بەکارهێنانی تەلەفزیۆن


جووت کردنی مەجیک ڕیموت. . . . . 13
بەکارهێنانی مەجیک ڕیموت. . . . . 14
بەکارهێنانی تایبەتمەندیەکانی تەلەفزیۆن لەگەڵ کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست . . . . . 18
بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەلەفزیۆن لەڕێگەی وتارەوە. . . . . 20
وتار بۆ بابەت. . . . . 21
تەلەفزیۆنەکەت بە دەنگی خۆت لەگەڵ Google Assistant کۆنترۆڵ بکە. . . . . 23
دەسگەیشتن بۆ ناسینەوەی دەنگ بە بەکارهێنانی Amazon Alexa. . . . . 24
بۆ بینینی تایبەتمەندی زیاتری ڕیموت کۆنترۆڵەکە . . . . . 24
بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی . . . . . 25
کردنەوەی ئەپ لەڕێگەی دەستپێگەیشتنی خێرا . . . . . 26
گرێدان بە SIMPLINK (HDMI-CEC). . . . . 27
قەدبڕی دەستگەیشتن . . . . . 29
گرێدانی ئامێرێکی ئینپوت بە USB. . . . . 29


## چێژ لە تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ وەرگرە


وەرگرتنی زۆرترین سوود لە پێرستی ڕاستەوخۆ. . . . . 30
سەیرکردنی ڕێنوێنی . . . . . 31
دڵنیای لە زانیاریەکانی بەرنامە. . . . . 32
Live Playback. . . . . 33
تۆمارکردن . . . . . 34
بگری مووزیک. . . . . 36
بەکارهێنانی خشتەکراو. . . . . 37
پەخش کردنی پڕۆگرامی تەلەفزیۆنی تۆمارکراو . . . . . 38
دەقی زانیارییەکان . . . . . 40
HbbTV . . . . . 42


## ئەپلیکەیشنەکان و ناوەڕۆک


دامەزراندنی ئەپەکان. . . . . 43

پێشنیاری ناوەڕۆک. . . . . 44
گەڕانی ناوەڕۆک. . . . . 45

## گرێدانی ئامێرە دەرەکییەکان

بەکارهێنانی داشبۆردی ماڵەوە. . . . . 46
گرێدانی ماڵەوەی ئامێرەکانی IoT. . . . . 47
گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان. . . . . 48
گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان بە بەکارهێنانی نیشانکردنی NFC. . . . . 50
سەیرکردنی شاشەی ئامێری هۆشمەند لە سەر تەلەفزیۆن. . . . . 51
بڵاوکردنەوەی دەنگی ئامێرێکی هۆشمەند لەڕێگەی بڵندگۆ تەلەفزیۆنەوە. . . . . 52
پەیوەستکردنی USB. . . . . 52
بەکارهێنانی پەخشکەری میدیا. . . . . 53
سەیرکردنی وێنەکان. . . . . 55
پەخش کردنی ڤیدیۆ. . . . . 55
گوێ گرتن لە مووزیک. . . . . 56
هاوبەشکردنی ناوەڕۆکی کۆمپیوتەر. . . . . 57
سەیرکردنی شاشەی کۆمپیوتەر لە سەر تەلەفزیۆن. . . . . 59

## وەرگرتنی زۆرترین سوود لە تەلەفزیۆنی هۆشمەند

بەکارهێنانی هاوبەشکردنی ژوور بۆ ژوور. . . . . 60
وەرگرتنی زۆرترین سوود لە گەلەری هونەر. . . . . 61
کردنەوەی ئینتەرنێت لە سەر تەلەفزیۆن. . . . . 62
کۆبوونەکردنی ڤیدیۆیی. . . . . 65
بۆ بەکارهێنانی گەڕیدەی جادوویی. . . . . 66
بەکارهێنانی ئاگاداری وەرزش. . . . . 66
Live Plus. . . . . 67

## رێکبەندەکان

رێکبەندە خێرا. . . . . 68
وێنە. . . . . 69
دەنگ. . . . . 78
خزمەتگوزاری AI. . . . . 86
باشترکەری یاری. . . . . 89
کەناڵەکان. . . . . 91
تۆڕ. . . . . 94
ئامێرەکان. . . . . 95
سیستم. . . . . 98
دەستگەیشتن. . . . . 105
پاڵپشتی. . . . . 108

## دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان

پشکنین ئەنجام بدە لەگەڵ یارمەتیی خێرا . . . . . 112
چارەدۆزی کێشەکانی تەزوو/ڕیموت کۆنترۆڵ . . . . . 113
چارەدۆزی کێشەکانی شاشە . . . . . 114
چارەدۆزی کێشەکانی دەنگ . . . . . 117
چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی کۆمپیوتەر . . . . . 118
چارەدۆزی کێشەکانی پەخشکردنەوەی فیلم . . . . . 119
چارەدۆزی کێشەکانی تۆمارکردن . . . . . 121
چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی تۆڕ . . . . . 122
چارەدۆزی کێشەکانی ئەژمێری LG . . . . . 123
چارەدۆزی کێشەکانی ناوەڕۆک . . . . . 124
چارەدۆزی کێشەکانی وێبگەڕی ئینتەرنێت . . . . . 124

## ئاگادار بوون لە زانیاری

شێوازی فایلی وێنەی پشتیوانیکراو . . . . . 125
شێوازی فایلی ڤیدیۆی پشتیوانیکراو . . . . . 126
شێوازی فایلی مووزیکی پشتیوانیکراو . . . . . 129
ڕوناکیی پشتگیری کراو : HDMI-DTV . . . . . 130
ڕوناکیی پشتگیری کراو : HDMI-PC . . . . . 133
زانیاریی مۆڵەت . . . . . 136

# دەستپێکردن لەگەڵ LG webOS TV

# زیاتر فێربە دەربارەی LG SIGNATURE OLED TV R

## زیاتر فێربە دەربارەی LG SIGNATURE OLED TV R

LG SIGNATURE OLED TV R چەمکی نوێیە بۆ تەلەفزیۆن کە تیایدا شاشەی لوولکراولە ناو چوارگۆشەیەک هەڵگیراوە. شاشەی ناو چوارگۆشەکە بۆ سەرەوە/خوارەوە لوول دەدرێت بەگوێرەی فەرمانی تۆ.

## تایبەتمەندی تایبەتی LG SIGNATURE OLED TV R

ڕەنگە تایبەتمەندیە بەردەستەکان بگۆڕێن بەگوێرەی دۆخی شاشەکە.
دوگمەی ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە بۆ گۆڕینی دۆخی شاشەکە.

### دیمەنی سفر

دۆخێکی ستاندبایە کە تیایدا هەموو شاشەی تەلەفزیۆنەکە لە ناو چوارگۆشەکەدایە.
بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندیەکە لە دۆخی دیمەنی سفر، لە ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندەکانی تەلەفزیۆنی واژۆ**، ئەوە **Always-on** **هەڵکردن** بەکاربێنە.

پەخش کردنی مووزیک

دەتوانیت ئامێرێکی هۆشمەند بە تەلەفزیۆنەکەت گرێ بدەیت لە ڕێگەی Bluetooth بۆ پەخشکردنی مووزیک.

- ئەگەر وایەری هێز دەربێنیت و گرێی بدەیتەوە لە دوای پەخشکردنی مووزیک، سپیکەری ئاوتپوت دەخرێتە سەر **سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە**.

ناسینەوەی بەکارهێنەر

ئەگەر بەکارهێنەرێک لە نزیکی ئامێرەکە بێت، کاریگەریەکی ڕووناککردنەوە لە سەر بنەمایەکی بەردەوام پێشکەش دەکات.

- کاتێک تایبەتمەندی **Always-on** هەڵکراوە، ڕەنگە بەکارهێنانی ووزە بەرز بێتەوە.

### دیمەنی هێڵ

ئەمە مەرجێکە کە تەنها بەشێک لە شاشەی تەلەفزیۆن لە دەرەوەی سندوقەکە دەبینرێت.

پێرسته دیاریکراوەکان و ڕێکخراوەکان بۆ دیمەنی هێڵ بەردەستن.




1. دەتوانیت گۆێ لە مووزیکی سەر ئامێری USB تەلەفۆنی هۆشمەندی گرێدراو بە تەلەفزیۆنەکە بگریت.
2. زانیاری کات و کەش و هەوای ئەو ناوچەیەت پێدەڵێت کە تەلەفزیۆنەکەی بۆ دانراوە.
   - گرێدانی تۆڕ پێویستە بۆ نیشاندانی زانیاری کەش و هەوا.
3. وێنە نێردراوەکان لە LG ThinQ ی سەر تەلەفۆنی هۆشمەندت نیشان دەدات.
4. دەتوانیت بە هەوەسی خۆت دۆخەکە دیاری بکەیت.
5. دەتوانیت دۆخی ئامێرێکی دەرەکی گرێدراو و ماڵەوەی ئامێرەکانی IoT ی ماڵەوە بپشکنیت و کۆنترۆڵ بکەیت.

- لە دۆخی دیمەنی هێڵ، تایبەتمەندیەکانی نیشاندەری مەجیک ڕیموت بەردەست نین.
- ئەگەر هیچ کۆنترۆڵێکی تەلەفزیۆن بۆ ماوەی 4 کاتژمێر نەبێت و هیچ شتێک لە پێشەوەی تەلەفزیۆن هەستی پێنەکرێت، تەلەفزیۆنەکە خودکارانە دەکوژێتەوە.

### دیمەنی پڕ

دەتوانیت گشت تایبەتمەندیەکانی تەلەفزیۆنەکە بەکاربێنیت وەک سەیرکردنی نمایشەکان و ڤیدیۆکان لەسەر ئامێرێکی گرێدراو.

## ئاگاداری پێشوەختە بۆ بەکارهێنانی LG SIGNATURE OLED TV R

- کاتێک شاشەکە بۆ سەرەوە/خوارەوە لوول دەخوات، هێز مەخە سەر شاشەکە.
- دڵنیابە کە هیچ ماددەیەکی بیانی یان دەمبوسێکی بچووك نەخراونەتە ناو بەشی هەمارگەی شاشەکە.
- تکایە بە ئاگاداریەوە مامەڵەی لەگەڵ بکە بەهۆی ئەوەی فشاری لە رادەبەدەری سەر پەناڵەکە ڕەنگە نیشاندانی OLEDی زۆر تەنک بشکێنێت.
- بەهۆی سروشتی نیشاندانی خولاوە، بەشێکی ڕووپۆشەکە ڕەنگە بە چەماوەیی دەربکەوێت بەڵام کار ناکاتە سەر لایەنە کرداریەکەی.

# وانەی فێرکاریەکانی ماڵ

## بەکارهێنانی ئامرازی «ماڵەوە»ی LG webOS TV

دەتوانیت بە فشاردانی دوگمەی ڕێموت کۆنترۆڵ شاشەی «ماڵەوە» بکەیتەوە.
دوگمەی **چەرخ (OK)**ی سەر مەجیک ڕیموت بسووڕێنە بۆ گەڕان بە ناو پێرستەکە. دەتوانیت ئەپلیکەیشنەکان و ناوەڕۆکەکان بکەیتەوە و تایبەتمەندی جیاوازی تەلەفزیۆنە هۆشمەندەکە بەکاربێنیت.

- ڕیموت کۆنترۆڵی ستاندەر ڕێگەت پێدەدات لە ڕێگەی دوگمەکانی ▲/▼ بە ناو پێرستەکەدا بگەڕێیت.




1 ئامرازی **گەڕان** بکەوە.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ئەپلیکەیشنەکان و ناوەڕۆک** ← **گەڕانی ناوەڕۆک** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

2 ئامرازی **ڕێکبەندە خێراکان** بکەوە.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ڕێکبەندەکان** ← **ڕێکبەندە خێرا** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

3 ئامرازی **ئاگانامەکان** بکەوە.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ڕێکبەندەکان** ← **سیستم** ← **ئاگانامەکان** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

4 ئامرازی **ئەژمێری LG** بکەوە.
بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **دەستپێکردن لەگەڵ LG webOS TV** ← **حسابی LGیت بەڕێوە ببە؟** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

5 دەتوانیت پێشنیارەکان لە کەناڵ و پڕۆگرامی جیاوازەوە وەربگریت.

- پێویستە بچیتە ناو ئەژمێری LGیت بۆ وەرگرتنی پێشنیارەکانی ناوەڕۆکی بە کەسیکراو.
- پێویستە گرێدان بە تۆڕ بکەیت بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندی پێشنیار.

6 دەتوانیت ئەپەکانی سەر تەلەفزیۆنەکە بکەیتەوە، بگوازیتەوە، یان بسڕیتەوە.

- شاشەی ماڵەوە خودکارانە نیشان دەدرێت هەر کاتێک تەلەفزیۆنەکە هەڵدەکەیت. بۆ ناچالاک کردنی ئەم تایبەتمەندیە، بڕۆ بۆ ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **ڕێکبەندەکانی ماڵەوە** و **هەڵکردنی شاشە** دیاری بکە بۆ **ئینپوتی ئەم دواییانە**.
- بەردەست بوون و دەسگەیشتن بۆ ناوەڕۆکەکان و خزمەتگوزاریەکان لە LGE Device هەموو کاتێک دەکەونە ژێر کاریگەری گۆڕانکاری بێ ئاگاداری پێشوەختە.
- تایبەتمەندیە بەردەستەکان بەگوێرەی هەرێم یان خزمەتگوزاری دەگۆڕێن.

# بەڕێوەبردنی ماڵەوە

# بەڕێوەبردنی LG webOS TV Home

دەتوانیت ڕیزبەندی ئەپلیکەیشنە نیشاندراوەکان یان لیستی ناوەڕۆک بگۆڕیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ⌂ ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.
دوگمەی **چەرخ (OK)**ی سەر مەجیک ڕیموت بسووڕێنە بۆ گەڕان بە ناو پێڕستەکە. دەتوانیت بچیتە ناو دۆخی بژارکردن لە ڕێگەی دەسنیشان کردنی ✎ ـی خوارەوەی شاشەکە.




❶ دەچێتە ناو دۆخی **بژارکردنی لیستی ئەپلیکەیشن**.

- دوای دەسنیشانکردنی ئەو ئەپلیکەیشنەی کە دەتەوێت لە **لیستی ئەپلیکەیشن** شاشەی ماڵەوە بژاری بکەیت، دوگمەی **چەرخ (OK)**ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بۆ ماوەیەک دابگرە، یان دوگمەی **بژارکردنی لیستی ئەپلیکەیشن**ی دواییین ناوچەی **لیستی ئەپلیکەیشن** دابگرە بۆ چوونەناو دۆخی **بژارکردنی لیستی ئەپلیکەیشن**.

❷ دەچێتە ناو دۆخی **بژارکردنی لیستی ناوەڕۆک**.
دەتوانیت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕیزبەندی لیستی ناوەڕۆکە نیشاندراوەکانی سەر شاشەی ماڵەوە بژار بکەیت.

❸ **ڕێککردنەوەی ڕیزبەندی ئەپلیکەیشن** : ڕیزبەندی ئایتمەکانی ناو لیستی ئەپلیکەیشن ڕێک دەخاتەوە.
**ڕێکبەندەکانی ماڵەوە** : لە کاتی هەڵکردنی هێز، بۆ ئەو شاشەیە بڕۆ کە ڕەفتاری شاشەی سەرەکی دیاری دەکات یان ڕیکلام نیشان دەدات.
**ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت دیاری بکرێن ڕەنگە بەگوێرەی دۆخی بژارکردن بگۆڕێن.

❹ دەرچوون لە دۆخی بژارکردن.

# ئامادەکردنی تەلەفزیۆنی وشیار

## تماشاکردنی بەرنامەی پەخشکراوی تەلەفزیۆنی

01 ئانتێنی پەخش بدە لە تەلەفزیۆنەکە



02 ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **سازاندنی کەناڵ** (**سازکردن و ڕێکبەندکردنی کەناڵ**) ← **سازاندنی خودکار** دەکاتەوە.

تەنها ئەو کەناڵانە، کە ئێستا پەخش دەکرێنەوە، دەدۆزێتەوە و زێدەیان دەکات.

- یان بە جێگەی ئانتێن دەتوانیت ئامێرێک کە بەرنامەی پەخشکراو وەردەگرێت بدەیت لە تەلەفزیۆنەکە وەک سێت-تۆپ-بۆکس. ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **ئامێرەکان** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی** دەکاتەوە.
- بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی تایبەت بەم فرمانە، بەشی **دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان** لەنێو **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

# گرێدان بە تۆڕ

## گرێدان بە تۆڕ

ئەگەر ڕێککردنەکانی تۆڕ دیاری بکەیت، دەتوانیت خزمەتگەلی جۆربەجۆر وەک ناوەرۆک و بەرنامەی سەرهێڵ بە کار بهێنیت.

### دیاریکردنی تۆڕی تەلدار



01 بە کابڵێکی LAN، پۆرتیLANی تەلەفزیۆنەکە و ڕووتەر پێکەوە گرێ بدە.
بەرلەوە پێویستە ڕووتەر پەیوەست بکرێت بە ئینتەرنێتەوە.

- ئەگەر ڕووتەر پشتیوانی بکات لە DHCP، کاتێک بە کابڵی LAN تەلەفزیۆنەکە گرێ دەدەت بە تۆڕێکەوە، تەلەفزیۆنەکە خۆی بۆ خۆی پەیوەست دەبێت بەو تۆڕەوە.

## ئەگەر تۆڕەکە خودکارانە گرێ نەدرێت

02 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

03 ئەمە هەڵبژێرە: ⋮ ← **گشتی** ← **تۆڕ** ← **گرێدانی تەلدار (ئیسەرنێت)**.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ڕێکبەندەکان** ← **تۆڕ** ← **گرێدانی تەلدار (ئیسەرنێت)** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

## ڕێککردنی 'تۆڕی بێتەل'



01 ئەو ڕووتەرە کە پەیوەست کراوە بە ئینتەرنێت هەڵ بکە.

02 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

03 ئەمە هەڵبژێرە: ⋮ ← **گشتی** ← **تۆڕ** ← **گرێدانی Wi-Fi**.

04 دوای ئەوەی کە گەڕان بۆ تۆڕ تەواو بوو، لیستی ئەو تۆڕانەی کە دەتوانیت پێوەیان پەیوەست ببیت نیشان دەدرێت.

05 تۆڕێک هەڵبژێرە بۆ پەیوەستکردن.
ئەگەر ڕووتەری LANی بێتەلی تۆ بە نهێنوشە پارێزراوە، ئەوا نهێنوشەکەی پێ بدە.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ڕێکبەندەکان** ← **تۆڕ** ← **گرێدانی Wi-Fi** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

## هۆشدارەکان لەبارەی ڕێککردنی تۆڕ

- کابڵی ستانداردی LAN بەکار بهێنە (Cat7 یان سەرتر لەگەڵ پەیوەستکەری RJ45، پۆرتی 10 Base-T یان 100 Base-TX LAN).
- ڕەنگە ڕێککردنەوەی ڕاوتەرەکە ببێتە هۆی کێشەکانی گرێدانی تۆڕ. لەم حاڵەتەدا، ڕاوتەرەکە بە ئاسایی کار دەکات ئەگەر بیکوژێنیتەوە و لە تەلەفزیۆنەکەی جیا بکەیتەوە، و ئینجا دووبارە گرێی بدەیتەوە و هەڵی بکەیتەوە.

- LG Electronics بەرپرسیار نیە لە گرێدانی تۆڕ یان شکستی کارکردن بەهۆیی کێشەی وەک شکستی ئامێر یان هێڵە پچڕاوەکان.
- ڕەنگە ڕێکبەندیەکانی تۆڕ یان دابینکەری خزمەتی ئینتەرنێت ببێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەستبوون بە ئینتەرنێت کێشەی هەبێت.
- بۆ خزمەتی DSL، پێویستە مۆدێمێکی DSL بەکار بهێنی؛ و بۆ خزمەتی کابلی پێویستە مۆدێمێکی کابلی بە کار بهێنی. چونکە ڕەنگە تەنیا ژمارەیەکی سنووردار لە جۆری پەیوەستبوون بە ئینتەرنێت بۆ تۆ هەبێت، لەوانەیە بەپێی گرێبەستی تۆ لەگەڵ دابینکەری خەزمەتی ئینتەرنێت، ڕێکبەندی تۆڕی تەلەفزیۆن بە کار نەهێنرێت. (ئەگەر گرێبەستی تۆ ڕێگەت پێ نەدات زۆرتر لە یەک ئامێر پەیوەست بکەی بە خەتی ئینتەرنێت، تەنها دەتوانیت ئەو کۆمپیۆتەرە بە کار بهێنیت کە پێشتر پەیوەست کراوە بە ئینتەرنێت.)
- ئەو ئامێرانەی تر کە فریکوێنسی 2.4 گیگاهێرتز بە کار دەهێنن (وەک تەلەفۆنی بێتەل، ئامێری Bluetooth، یان فڕنی مایکرۆوەیڤ) ڕەنگە لەگەڵ تۆڕی بێتەل تەداخول بکەن و کێشەی بۆ دروست بکەن. لە کاتی بەکارهێنانی فریکوێنسی 5 گیگاهێرتزیش دا ڕەنگە تەداخول ڕوو بدات، بەڵام ئەمە کەمتر ڕوو دەدات.
- ئەگەر لە شوێنێک پەیوەندیی بێتەل هەبێت ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە تۆڕی بێتەل خاو کار بکات.
- بەکارهێنانی چەندین ئامێری بێتەل لە هەمان کاتدا دەکرێت تۆڕەکەت خاو بکاتەوە.
- ئامێری خاڵی دەسپێگەیشتن دەبێ پاڵپشتی بکات لە پەیوەندیی بێتەل و بۆ ئەوەی پەیوەندیی AP (خاڵی دەسپێگەیشتن) دروست ببێت پێویستە ئامرازی پەیوەندیی بێتەل لەسەر ئامێرەکە دا چالاک بکرێت. بۆ زانیاری لەبارەی هەبوونی پەیوەندیی بێتەل لە خاڵی دەسپێگەیشتن دا لە دابینکەری خزمەتی ئینتەرنێت پرسیار بکە.
- SSID و ڕێککردنەکان ئاسایشی AP بپشکنە. بۆ زانیاری لەبارەی ڕێککردنەکانی SSID و ئاسایشی AP نامیلکەی ڕێنما بخوێنەوە.
- ڕێککردنی ئامێرەکانی تۆڕ (هاوبەشکەری خەتی بەتەل/بێتەل) بە شێوەی هەڵە دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە تەلەفزیۆنەکە خاو کار بکات یان باش کار نەکات. بەپێی نامیلکەی ڕێنمایی و تۆڕی گونجاو، ئامێرەکان بە شێوەی دروست دامەزرێنە و تۆڕ ڕێک بکە.
- بەپێی کۆمپانیای بەرهەمهێنەری AP ڕەنگە شێوازی پەیوەستکردن جیاواز بێت.
- بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی تایبەت بەم فرمانە، بەشی **دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان** لەنێو **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

# حسابی LGیت بەڕێوە ببە؟

## ئەندامیەتی LG

دەتوانیت پێشنیاری سازێنراو وەربگریت و سوود لە خزمەتگوزاری هەمەجۆر لەگەڵ **ئەژمێری LG**ت وەربگریت.
لە **ئەژمێری LG**، دەتوانیت بە ناونیشانێکی ئیمەیل خۆت تۆمار بکەیت بۆ ئەندامیەتی LG.
لە بەرامبەردا، دەتوانیت ئەندامیەتی LGی دروست بکەیت و بچیتە ناوەوە بە بەکارهێنانی ناسنامە و نهێنوشەی ئەژمێرێکی خزمەتگوزاری دەرەکی.

01 ئەمە هەڵبژێرە: ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ئەژمێری LG**.

02 لە سێ بژاردە دانەیەک هەڵبژێرە، **بە ئەپلیکەیشنی LG ThinQ بچۆ ناوەوە**/**بە وێبی مۆبایل بچۆ ناوەوە**/**بچۆ ناو تەلەفزیۆنەکە**، و خۆت بۆ ئەندامیەتی LG تۆمار بکە.

03 بە ڕێکەوتنامەکانی بەکارهێنەر ڕازی بە و زانیاریە داواکراوەکان بۆ خۆ تۆمارکردن بنووسە.

- زانیاریە پێویستەکان ڕەنگە بەپێی وڵات جیاواز بن.

04 لینکێکی سەلماندن بۆ ئەو ناونیشانی ئیمەیلە دەنێردرێت کە لە کاتی خۆتۆمارکردن نووسیت. تکایە سەلماندنی ئیمەیل لە کاتی ڕەوایی تەواو بکە.

05 کاتێک ئیمەیلەکەت پشتڕاست دەکرێتەوە، دەتوانیت بە زانیاریەکانی خۆت بچیتە ژوورەوە.

- ڕەنگە ئەم تایبەتمەندیە لە هەندێک وڵاتدا بەردەست نەبێت.
- ڕەنگە سنووردارییەکانی تەمەن بۆ خۆتۆمارکردن جێبەجێ بێت.
- بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی تایبەت بەم فرمانە، بەشی **دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان** لەنێو **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

## حسابی LGیت بەڕێوە ببە؟

دەتوانی زانیاریەکانت لەسەر ئەو حیسابە کە ئێستا چوویتەتە نێوی ببینیت یان دەستکاری بکەیت.
دەتوانیت نهێنوشەت بگۆڕیت یان زانیاری ئەژمێرەکەت بگۆڕیت.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

02 بۆ چوونەناوەوە، بچۆ بەشی ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ئەژمێری LG**.

# دەربارەی ڕێنمای بەکارهێنەر

## دەربارەی **ڕێنمای بەکارهێنەر**

بۆ زانیاری لەبارەی هەریەک لە ئامرازەکانی LG webOS TV، **ڕێنمای بەکارهێنەر** کە لەسەر تەلەفزیۆنەکە دا یە بخوێنەوە.
دەتوانیت سەیری وەسفی پەیوەستی **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکەیت لە ڕێگەی کرتەکرن لە سەر ⋮ ← **ڕێنمای بەکارهێنەر** لە گۆشەی لای ڕاستی سەرەوە لە کاتی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنەکە، یان لە ڕێگەی کرتەکردن لە سەر ⓘ لە ماوەی سێتەپکردن لە **ڕێکبەندەکان**.
ئەگەر کرتە لە سەر **ئێستا هەوڵ بدە** بکەیت لە ناو **ڕێنمای بەکارهێنەر**، دەتوانیت بۆ تایبەتمەندی یان ڕێکبەندەکە بچیت.
ڕەنگی تێکست لەنێو ڕێنمای بەکارهێنەر دا بۆ نیشاندانی ئەم شتانەی خوارەوە بە کار دەهێنرێت:

- سوور : ناوی دوگمەکانی ڕیموت کۆنترۆڵ.
- زەرد : دوگمەکان و ئەو تێکستە کە دەبێت لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن نیشان بدرێت.
- سەوز : ناوی گرێدەرەکانی پێدانی بەرنامە بە تەلەفزیۆن.

- بەپێی مۆدێل و ژینگەی بەکاربردن، ڕەنگە وێنەکان و زانیاریەکانی نێو **ڕێنمای بەکارهێنەر** جیاواز بن.

- ڕەنگە بەهۆی ئاپگرەید کردنی ئامرازەکانی بەرهەمەکە تایبەتمەندیەکانی بگۆڕدرێن بێ ئەوەی بەکارهێنەران لەپێشەوە ئاگادار بکرێنەوە.

# شێوازی بەکارهێنانی تەلەفزیۆن

## جووت کردنی مەجیک ڕیموت

### زیاتر فێربە دەربارەی مەجیک ڕیموت

دەتوانیت بە جووڵاندن و کلیک کردنی نیشاندەر لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بەئاسانی ئەو ئامراز و فرمانانە کە دەتەوێت هەڵبژێریت، بە هەمان شێوە کە لەسەر شاشەی کۆمپیۆتر ماوس بە کار دەهێنیت.

- دەتوانیت مەجیک ڕیموت بە جیا بکڕیت ئەگەر دابین نەکرا بێت.

### جووت کردنی مەجیک ڕیموت

بۆ ئەوەی بەکاری بێنیت، پێویستە مەجیک ڕیموت لەگەڵ LG webOS TV جووت بکەیت.
پێش بەکارهێنان مەجیک ڕیموت جووت بکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

01 تەلەفزیۆنەکە هەڵ بکە. دوای نزیکی 20 چرکە، ڕیموتەکە ڕوو بە تەلەفزیۆنەکە بگرە و دوگمەی **چەرخ (OK)** فشار بدە.

02 کۆنترۆڵی لەدوور خۆیبۆخۆی تومار دەکرێت و پەیامی تەواوبوونی پڕۆسەی جووتکردن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە دەردەکەوێت.

- ئەگەر مەجیک ڕیموت شکستی هێنا لە تومارکردن، تەلەفزیۆنەکە بکوژێنەوە و هەڵبکەوە، و ئینجا دووبارە هەوڵی تومارکردن بدەوە.

### پێش تۆمارکردنی مەجیک ڕیموت

ئەگەر نیشاندەری مەجیک ڕیموت لە سەر تەلەفزیۆنەکە دەرناکەوێت، پێویستە دووبارە تۆماری بکەیتەوە.

01 ڕیموت کۆنترۆڵەکە بەرەو تەلەفزیۆنەکە ڕابگرە و لە هەمان کاتدا دوگمەی ⌂ و ⚙ بۆ ماوەی 5 چرکە دابگرە تا ڕێنماییەکە دەردەکەوێت.

02 ئەو ڕیموت کۆنترۆڵە کە پێشتر تومار کراوە لادەبرێت و دووبارە تومار دەکرێتەوە.

## هەڵوەشاندنەوەی تۆمارکردنی مەجیک ڕیموت

ئەگەر کۆمەڵێک تەلەفزیۆنی هۆشمەندی LGیت هەیە و دەتەوێت ئەو مەجیک ڕیموتـە تۆمار بکەیت کە ئێستا بۆ تەلەفزیۆنێکی دیکە بەکاردێت، پێویستە تۆمارکردنی دانەکەی پێشووتر هەڵوەشێنیتەوە.

01 ئەگەر لە هەمان کاتدا دوگمەی ⮌ و دوگمەی ⌂ بۆ زیاتر لە 5 چرکە دابگریت، گلۆپی سەر مەجیک ڕیموت هەڵدەبێت و دەکوژێتەوە و تۆمارکردنەکەش ڕەت دەکرێتەوە.

02 ئەگەر دەتەوێت تۆمارکردنی هەڵوەشێنیتەوە و بۆ تەلەفزیۆنێکی دیکەی هۆشمەندی LG تۆماری بکەیت، تکایە پەیڕەوی شێوازی تۆمارکردنی سەرەوە بکە.

# بەکارهێنانی مەجیک ڕیموت

## بەکارهێنانی دوگمەی ڕیموت کۆنترۆڵ

دوگمەی ڕیموت کۆنترۆڵ کەمێک یان بۆ ماوەیەک ڕابگرە بۆ ئەوەی دەستت بە فەرمان و ئامرازە جۆربەجۆرەکان بگات.




بۆ ئەو دوگمانەی ◎ یان هەیە، تکایە بۆ ماوەیەک (بۆ زیاتر لە یەک چرکە دایبگرە).

- : دەتوانیت کارەبای ئامێری کردنەوەی کۆد هەڵ بکەیت/بکوژێنیتەوە.
- **GUIDE** : دەتوانیت پرۆگرامەکە بپشکنیت.
- : دەتوانیت دۆخی شاشەکە بگۆڕیت.
  ◎ : ئەم تایبەتمەندیە ڕێگەت پێدەدات شاشەکە بکوژێنیتەوە و تەنها گوێ لە دەنگەکە بگریت. (ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.)
- **9** ◎ : ئامرازی **یارمەتیی خێرا** بکەوە.
- **LIST** : پشکنینی کەناڵە هەڵگیراوەکان.
- **0** ◎ : شاشەی دەستکاریکردنی **دەستپێگەیشتنی خێرا** دێتە ڕوو.
- ••• : دوگمەکانی تری سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە نیشان بدە.
  ◎ ••• : بە دەنگ ناوەڕۆکی سەر شاشە وەسف دەکات. (ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.)
- : ڕێکخستنی ئاستی دەنگ.
- : لەڕێگەی تەلەفزیۆنەکەوە دەنگ ببڕە.
  ◎ : بچۆ نێو پێرستی **دەستگەیشتن**.
- : دەتوانیت کەناڵەکە بگۆڕیت.
- : سەیری ناوەڕۆکە پێشنیارکراوەکان بکە. (ڕەنگە خزمەتگوزاری پێشنیارکردن بەردەست نەبێت بەگوێرەی ئەو وڵاتەی تیایدایت.)
  دوگمەکە دابگرە و بهێڵەوە لە کاتێکدا قسە دەکەیت بۆ بەکارهێنانی کرداری ناسینەوەی دەنگ.
- : پێرستی سەرەکیی نیشان دەدات
  ◎ : دوایین ئەپلیکەیشنی بەکارهاتوو دەخاتە کار.
- : سەرچاوەیەکی ئینپووت هەڵدەبژێرێت.
  ◎ : چوونە ناو **داشبۆردی ماڵەوە**.
- : بۆ هەنگاوی پێشوو بڕۆ.
  ◎ : پێرستەکە دادەخات.
- : دەچێتە نێو پێرستی ڕێککردنی خێرا
  ◎ : دەچێتە نێو پێرستی هەموو ڕێککردنەکان
- ◎ : ئامرازی **تۆمار** بکەوە. (ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.)

- هێما و شوێنی دوگمەکانی ڕیموت کۆنترۆڵ ڕەنگە بەگوێرەی مۆدێڵەکە بگۆڕێت.

# بەکارهێنانی مەجیک ڕیموت

01 ئەگەر مەجیک ڕیموت بۆ لای چەپ و ڕاست بشەکێنیت یان بەکرەکەی بخولێنیتەوە لەو کاتەی ڕووی لە تەلەفزیۆنەکەدایە، نیشاندەرەکە لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە دەردەکەوێت.
کۆنترۆڵەکەت بە هەر لایەک دا بجووڵێنیت ئەوا نیشاندەرەکە بە ئەو لایە دا دەڕوات.

02 نیشاندەرەکە ببە سەر ئەو شوێنە کە دەتەوێت، پاشان دوگمەی **چەرخ (OK)** فشار بدە بۆ ئەوەی فرمانی مەبەست ئەنجام بدات.

03 ئەگەر بۆ چەند ساتێک نیشاندەر بە کار نەهێنیت، خۆیبۆخۆی لەسەر شاشە لادەچێت. کاتێک نیشاندەر لەسەر شاشە دیار نامێنێت، مەجیک ڕیموت بۆ لای ڕاست و چەپ بشەکێنە. دووبارە نیشان دەدرێت.
ئەگەر دوگمەی سەرۆ، خوارۆ، چەپ یان ڕاست فشار بدەیت، نیشاندەر لادەچێت و ڕیموت کۆنترۆڵی تۆ وەکوو ڕیموت کۆنترۆڵی ئاسایی کار دەکات.

- ئەگەر نیشاندەر ڕەوان و ڕێکوپێک کار ناکات، دەتوانیت بە کێشانی نیشاندەر بۆ لێواری شاشەکە ڕیسێتی بکەیت.
- ڕیموت کۆنترۆڵ لە مەودای دیاریکراو (10 میتر) دا بە کار بهێنە. ڕەنگە ئامێرەکە بە دروستی کار نەکات کاتێک لە دەرەوەی دووری کارکردن بیت یان کاتێک بەربەستێک ڕێگری لە هێڵی بینین دەکات.
- بەگوێرەی ئامرازەکان (ڕاوتەری بێتەل، فرنی مایکرۆوەیڤ، هتد)، ڕەنگە شکستهێنانی پەیوەندیکردن ڕووبدات.
- کاریگەریەکان دەکرێت ببنە هۆی خراپ کارکردنی مەجیک ڕیموت.
- کاتێک کە مەجیک ڕیموت بە کاردەهێنیت، ئاگادار بە بەر کەلوپەلی ناوماڵ، ئامێرە ئەلەکترۆنیەکان یان کەسانی تر نەکەویت.
- بۆ زانیاریەکان دەربارەی شێوەبەندکردنی نیشاندەری مەجیک ڕیموت سەیری **ڕێنمای بەکارهێنەر** ← **ڕێکبەندەکان** ← **سیستم** ← **بەرپژاری ئاماژەدەر** بکە.

# بەکارهێنانی دوگمەی ڕیموت کۆنترۆڵ

دوگمەی ڕیموت کۆنترۆڵ کەمێک یان بۆ ماوەیەک ڕابگرە بۆ ئەوەی دەستت بە فەرمان و ئامرازە جۆربەجۆرەکان بگات.




بۆ ئەو دوگمانەی ◎ یان هەیە، تکایە بۆ ماوەیەک (بۆ زیاتر لە یەک چرکە دایبگرە).

- : دەتوانیت کارەبای ئامێری کردنەوەی کۆد هەڵ بکەیت/بکوژێنیتەوە.
- **GUIDE** : دەتوانیت پرۆگرامەکە بپشکنیت.
- : دەتوانیت دۆخی شاشەکە بگۆڕیت.
  ◎ : ئەم تایبەتمەندیە ڕێگەت پێدەدات شاشەکە بکوژێنیتەوە و تەنها گوێ لە دەنگەکە بگریت. (ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.)
- ◎ **9** : ئامرازی **یارمەتیی خێرا** بکەوە.
- **LIST** : پشکنینی کەناڵە هەڵگیراوەکان.
- ◎ **0** : شاشەی دەستکاریکردنی **دەستپێگەیشتنی خێرا** دێتە ڕوو.
- : دوگمەکانی تری سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە نیشان بدە.
- : ڕێکخستنی ئاستی دەنگ.
- : لەڕێگەی تەلەفزیۆنەکەوە دەنگ ببڕە.
  ◎ : بچۆ نێو پێرستی **دەستگەیشتن**.
- : دەتوانیت کەناڵەکە بگۆڕیت.
- : سەیری ناوەڕۆکە پێشنیارکراوەکان بکە. (ڕەنگە خزمەتگوزاری پێشنیارکردن بەردەست نەبێت بەگوێرەی ئەو وڵاتەی تیایدایت.)
  دوگمەکە دابگرە و بهێڵەوە لە کاتێکدا قسە دەکەیت بۆ بەکارهێنانی کرداری ناسینەوەی دەنگ.
- : پێرستی سەرەکیی نیشان دەدات
  ◎ : دواین ئەپلیکەیشنی بەکارهاتوو دەخاتە کار.
- : سەرچاوەیەکی ئینپووت هەڵدەبژێرێت.
  ◎ : چوونە ناو **داشبۆردی ماڵەوە**.
- : بۆ هەنگاوی پێشوو بڕۆ.
  ◎ : پێرستەکە دادەخات.
- : دەچێتە نێو پێرستی ڕێککردنی خێرا
  ◎ : دەچێتە نێو پێرستی هەموو ڕێککردنەکان
- ◎ : ئامرازی **تۆمار** بکەوە.
- : چوونە ناو **داشبۆردی ماڵەوە**.
- : ئامرازی **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکەوە.
- **FAV** : کەناڵە خوازراوەکان دەپشکنێت.

- هێما و شوێنی دوگمەکانی ڕیموت کۆنترۆڵ ڕەنگە بەگوێرەی مۆدێڵەکە بگۆڕێت.

## بەکارهێنانی مەجیک ڕیموت

01 ئەگەر مەجیک ڕیموت بۆ لای چەپ و ڕاست بشەکێنیت یان بەکرەکەی بخولێنیتەوە لەو کاتەی ڕووی لە تەلەفزیۆنەکەدایە، نیشاندەرەکە لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە دەردەکەوێت.
کۆنترۆڵەکەت بە هەر لایەک دا بجووڵێنیت ئەوا نیشاندەرەکە بە ئەو لایە دا دەڕوات.

02 نیشاندەرەکە ببە سەر ئەو شوێنە کە دەتەوێت، پاشان دوگمەی **چەرخ (OK)** فشار بدە بۆ ئەوەی فرمانی مەبەست ئەنجام بدات.

03 ئەگەر بۆ چەند ساتێک نیشاندەر بە کار نەهێنیت، خۆیبۆخۆی لەسەر شاشە لادەچێت. کاتێک نیشاندەر لەسەر شاشە دیار نامێنێت، مەجیک ڕیموت بۆ لای ڕاست و چەپ بشەکێنە. دووبارە نیشان دەدرێت.
ئەگەر دوگمەی سەرۆ، خوارۆ، چەپ یان ڕاست فشار بدەیت، نیشاندەر لادەچێت و ڕیموت کۆنترۆڵی تۆ وەکوو ڕیموت کۆنترۆڵی ئاسایی کار دەکات.

- ئەگەر نیشاندەر ڕەوان و ڕێکوپێک کار ناکات، دەتوانیت بە کێشانی نیشاندەر بۆ لێواری شاشەکە ڕیسێتی بکەیت.
- ڕیموت کۆنترۆڵ لە مەودای دیاریکراو (10 میتر) دا بە کار بهێنە. ڕەنگە ئامێرەکە بە دروستی کار نەکات کاتێک لە دەرەوەی دووری کارکردن بیت یان کاتێک بەربەستێک ڕێگری لە هێڵی بینین دەکات.
- بەگوێرەی ئامرازەکان (ڕاوتەری بێتەل، فرنی مایکرۆوەیڤ، هتد)، ڕەنگە شکستهێنانی پەیوەندیکردن ڕووبدات.
- کاریگەریەکان دەکرێت ببنە هۆی خراپ کارکردنی مەجیک ڕیموت.
- کاتێک کە مەجیک ڕیموت بە کاردەهێنیت، ئاگادار بە بەر کەلوپەلی ناوماڵ، ئامێرە ئەلەکترۆنیەکان یان کەسانی تر نەکەویت.
- بۆ زانیاریەکان دەربارەی شێوەبەندکردنی نیشاندەری مەجیک ڕیموت سەیری **ڕێنمای بەکارهێنەر** ← **ڕێکبەندەکان** ← **سیستم** ← **بەربژاری ئاماژەدەر** بکە.

# بەکارهێنانی تایبەتمەندیەکانی تەلەفزیۆن لەگەڵ کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست

## بەکارهێنانی تایبەتمەندیەکانی تەلەفزیۆن لەگەڵ کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست

ئەم کردارە تەنها ئەو کاتە بەردەست دەبێت کاتێک کە تەلەفزیۆنەکە بە ئینتەرنێت گرێدراوە.
ئەگەر کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست کار نەکات، **بەکارهێنانی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست** دیاری بکە بۆ **هەڵکردن** لە ⚙ ← ● ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ**.

01 بڵێ "Hi LG" لە ماوەی دووری سەیرکردن لە تەلەفزیۆنەکەت.

02 شاشەی ناسینەوەی قسە دەردەکەوێت.



03 ئەو تایبەتمەندیە بڵێ کە دەتەوێت.
نموونە) شتێک بدۆزەوە بۆ سەیرکردن/کەناڵی ژمارە OO/زیادکردنی ئاستی دەنگ/هەڵکردنی OOO/ئەمڕۆ کەشوهەوا چۆنە؟/یارمەتی ناسینەوەی دەنگ، هتد.

## هەڵکردنی تەلەفزیۆن بە کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست

تایبەتمەندی هەڵکردنی تەلەفزیۆن بە کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست تەنها ئەو کاتە کاردەکات ئەگەر ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **ئامێرەکان** ← **بەڕێوەبردنی تەلەفزیۆن** ← **دەستپێکردنی خێرا+** دیاریکرا بێت بۆ **هەڵکردن**.

01 ئەگەر بە تەلەفزیۆنەکە بڵێیت "Hi LG"، دەنگێکی ئاگانامە لە تەلەفزیۆنەکە دەبیستیت.

02 لە دوای دەنگەکە بڵێ "تەلەفزیۆنەکە هەڵ بکە".
هەرچۆنێک بێت، کاتێک تەلەفزیۆنەکە دەکوژێنرێتەوە، ناسینەوەی دەنگ جگە لە "تەلەفزیۆنەکە هەڵ بکە"پشتیوانیکراو نیە.

- کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست وشەکانی بە ئاگاهاتن دەکرێت بگۆڕدرێن لە ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ** ← **وشەی بە ئاگاهێنانەوە بۆ کۆنترۆڵی دەنگی بێ بەکارهێنانی دەست دیاری بکە**.
(ڕەنگە کردارەکە سنووردار بێت بەگوێرەی ڕێکبەندەکانی وڵات و زمان.)
- تەنانەت ئەگەر تایبەتمەندی **دەستپێکردنی خێرا+** هەڵکرا بێت، لە هەندێک حاڵەتی هەڵاوێردوو، تایبەتمەندی هەڵکردنی تەلەفزیۆن بە کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست ڕەنگە پشتیوانیکراو نەبێت.
  - ئەگەر نوێکردنەوەیەکی نەرمامراز ئەنجام بدرێت
  - کاتێک بۆ دۆخی فرۆشگا دیاریکرا بێت
  - ئەگەر تەلەفزیۆن بۆ ماوەی زیاتر لە 96 کاتژمێر هەڵ نەکرا بێت

## ئاگاداربوونی پێشوەختە لە کاتی بەکارهێنانی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست

- هەندێک مۆدێڵ پشتیوانی لەم کردارە ناکەن.
- ڕەنگە کردارەکە سنووردار بێت بەگوێرەی ڕێکبەندەکانی وڵات و زمان.
- لە کاتی نوێکردنەوەی تەلەفزیۆنەکە، تایبەتمەندی یان کردارە بەردەستەکان کە بەکارت هێناون ڕەنگە بگۆڕێن.

- کرداری کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست وا لە جەستەی تەلەفزیۆنەکە دەکات دەنگی بەکارهێنەر بناسێتەوە. بۆ کارپێکردنی ڕێک، ئەم کرداره لە مەودای 3 مەتری تەلەفزیۆنەکە بەکاربێنە.
- بەگوێرەی بارودۆخەکە ڕەنگە هێماکان، ژمارەکان و پیتە تایبەتەکان نەناسرێنەوە.
- ڕەنگە بکەوێتە ژێر کاریگەری ژینگە، وەک ئاوازی دەنگ یان ئاستی دەنگ، گۆکردنی ناڕوون، و ژاوەژاوی دەوروبەر.
- کاتێک سپیکەرێکی دەرەکی گرێدراو بە تەلەفزیۆنەکە بەکاردێنیت، دەنگی دەرچوو لەم جۆرە سپیکەرە دەرەکیانە دەکرێت وەک ژاوەژاو بناسرێتەوە. وا باشە کرداری ناسینەوەی دەنگ بە مەجیک ڕیموت بەکاربێنیت.
- ئەگەر کرداری کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست ئەو کاتە کار دەکات کە نەویستراوە، هەوڵی نزمکردنەوەی هەستیارییەکەی بدە لە ڕێگەی چوون بۆ ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ** ← **دیاریکردنی هەستیاری**.
- بۆ تایبەتمەندیەکانی ناسینەوەی دەنگ بە بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵێک، سەیری **شێوازی بەکارهێنانی تەلەفزیۆن** ← **بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەلەفزیۆن لەڕێگەی وتارەوە** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

# بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەلەفزیۆن لەڕێگەی وتارەوە

## بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەلەفزیۆن لەڕێگەی وتارەوە

بە کەڵکوەرگرتن لە ئامێری ناسینەوەی وتار، دەکرێ ئاسان و خێرا دەستت بە ئامرازە جیاوازەکانی تەلەفزیۆنەکە بگات.

01 دوگمەی 🎙ی ڕیموت کۆنترۆڵ فشار بدە و ڕابیگرە، پاشان بە دەنگ ئەو فەرمانەی پێ بدە کە دەتەوێ ئەنجام بدرێت یان ئەو وشەیەی پێ بدە کە دەتەوێ بۆی بگەڕێت.

02 دوای ئەوەی فەرمانە دەنگیەکەت پێ دا، ئەگەر دەستت لەسەر دوگمەی 🎙 لاببەیت، فەرمانەکە جێبەجێ دەکرێت.



- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- **شوێن** ی تۆ دەبێ لەگەڵ زمانەکە یەک بگرن بۆ ئەوەی دەرەنجامەکانی گەڕان دەقیق نیشان بدرێن. ڕەنگە هەندێک کردار بەردەست نەبێت ئەگەر ڕێکبەندەکانی شوێن و ڕێکبەندەکانی زمانت جیاواز بن.
- دەتوانیت زمان لە ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **زمان (Language)** ← **زمانی پێرست (Menu Language)** بگۆڕیت.

- زمانە بەردەستەکان بۆ تایبەتمەندی ناسینەوەی دەنگ ڕەنگە بەگۆڕەی سیاسەتی کارپێکردنی خزمەتگوزاری بگۆڕێن.
- ڕەنگە ووردەکارییەکانی خزمەتگوزاری بە گۆڕەی مۆدێل بگۆڕێت.
- تکایە سەرنجی ئەوە بدە بکە کە ئەو خزمەتگوزارییانەی فەرمانەکانی دەنگ، ناسینەوەی دەنگ و تایبەتمەندیە هۆشمەندەکانی تر چالاک دەکەن ڕەنگە بگۆڕدرێن، لابببرێن یان کۆتاییان پێ بهێنرێت، بێ ئاگادارکردنەوە، لە لایەن LGE یان دابینکەرەکانی لایەنی سێیەمی.
- دەتوانیت ڕێکبەندەکانی پەیوەست بە دەنگ بگۆڕیت یان بزانیت کامە تایبەتمەندی بەردەستن بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگ بەکاربێن لە ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ/یارمەتی ناسینەوەی دەنگ**.

### هۆشداری لەبارەی ئامرازی ناسینەوەی وتار

- ناسینەوەی دەنگ پێویستی بە مەجیک ڕیمۆت هەیە، کە ڕەنگە هەندێ لە مۆدێلەکانی تەلەفزیۆن پشتیوانیی لێ نەکەن.
- بۆ بەکارهێنانی هەموو تایبەتمەندیەکانی ناسینەوەی قسە، پێویستە کەناڵەکان، ناوچە، هتد دیاری بکەیت، ئەگەرنا، ناتوانیت هەندێک تایبەتمەندی بەکاربێنیت.
- پێویستە گرێدانێکی تۆرت هەبێت بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندی ناسینەوەی قسە.
- ئەگەر پەیوەست نەبیت بە تۆڕەوە، بۆ بەکارهێنانی ئامرازی ناسینەوەی وتار پێویستە شەرت و مەرجەکانی قەبوڵ بکەیت.
- بۆ کۆنترۆڵکردنی ئامرازی کردنەوەی کۆدی بەستراو بە تەلەفزیۆنەکە لە ڕێگەی تایبەتمەندی ناسینەوەی دەنگ، بڕۆ بۆ ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **ئامێرەکان** ← **ئامێرە دەرەکییەکان** ← **ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی** بۆ سێتەپکردنی ڕیمۆتێکی جۆکەر.
- وا باشە مەجیک ڕیمۆتەکە بەرەو ئامێرەکە ئاڕاستە بکەیت لە دوای پێدانی دەنگ.
- ڕێژەی ناسینەوەی وتار ڕەنگە بەپێی تایبەتمەندیەکانی بەکارهێنەر (واتە بەرزیی دەنگ، شێوازی زارکردن، ئاوازی دەنگ، و خێرایی قسەکردن) و دۆخی دەوروبەر (دەنگوهەرا و بەرزیی دەنگی تەلەفزیۆن) جیاواز بێت.
- بۆ بەدەستهێنانی ناسینەوەی ووردی قسەی خۆت، پێویستە بە هێواشی و ووردی وشەکان بڵێیت بە ئاستێکی گونجاوی دەنگ لە دووری نزیکەی 10 سم لە مایکرۆفۆنی مەجیک ڕیمۆتەکە.
- ئەگەر ئەم ئامرازە باش دەنگت ناناسێتەوە، ڕەنگە ئامرازی ناسینەوەی دەنگ جیاواز لەوەی کە بیرت دەکردەوە کار بکات.

# وتار بۆ بابەت

## نووسینی تێکست بە دەنگ

دەتوانی بە ئامرازی ناسینەوەی وتار، لەنێو خانەکانی تێکست بنووسیت.
بۆ گۆڕینی شێوازی پێدانی وتار، لە شاشەی کیبۆرد دا دوگمەی 🎙 هەڵبژێرە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێل پشتیوانیکراو نەبن.

01 نیشاندەری مەجیک ڕیمۆت بجووڵێنە بۆ ناو خانەی تێکست تاوەکو تەختەکلیلی مەجازی بکرێتەوە.




02 لەسەر تەختەکلیلی مەجازی، دوگمەی 🎙 فشار بدە.

03 دوای ئەوەی کە پەنجەرەی زانیاریی ناسینەوەی دەنگ بەم شێوەی خوارەوە نیشان درا، بە ئارامی و ڕوونی ڕوو بە میکرۆفۆنی ڕیمۆت کۆنترۆڵەکە قسە بکە.







04 ئەگەر وشەی هاوشێوەی ئەو وشەیە هەبێت کە تۆ بە دەنگ دەیڵێیت، لەوانەیە لیستێک لە چەند وشە ببینیت، بەو شێوەی کە لە خوارەوە نیشان دراوە. ئەگەر هیچیەک لە دەرەنجامەکان بە دڵی تۆ نەبوو، دوگمەی **دووبارە هەوڵ بدە** فشار بدە و دووبارە هەوڵ بدە. دەرەنجامێک هەڵبژێرە، کاتێ کە هەڵیدەبژێریت، لەنێو خانەی تێکست دا نیشان دەدرێت.




### ئاگاداری لەبارەی ’نووسینی تێکست بەدەنگ‘

- بەرلە بەکارهێنانی ئامرازی گۆڕینی دەنگ بۆ تێکست بزانە پەیوەستیت بە تۆڕی ئینتەرنێت.
- دەتوانیت زمان لە ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **زمان (Language)** ← **زمانی پێڕست (Menu Language)** بگۆڕیت. بۆ گۆڕینی زمانی ناسینەوەی وتار بە شێوەی کاتی، لە پەنجەرەی نیشاندەری زانیاریی ناسینەوەی دەنگ دا، دوگمەی 🎤 فشار بدە.
- تەنها بۆ پەسەندکردنی مەرجەکانی ناسینەوەی دەنگ دەتوانیت ئەم ئامرازە بە کار بهێنیت.
- ڕەنگە، ڕێژەی ’نووسینی تێکست بەدەنگ‘ بەپێی تایبەتمەندیەکانی بەکارهێنەر (دەنگ، زارکردن، ئاوازی دەنگ، و خێرایی قسەکردن) وە دۆخی دەوروبەر (دەنگـوهەرا و بەرزیی دەنگی تەلەفزیۆن) بگۆڕدرێت.
- بۆ باشترکردنی ووردی قسەکردن بۆ دەق، پێویستە بە دەنگێکی ڕوون و بەرز قسە بکەیت و دەمت نزیکەی 10 سم (4 ئینچ) لە مایکرۆفۆنی مەجیک ڕیموت دوور بێت.
- ئامرازی ناسینەوەی دەنگ لە خانەکانی پێدانی تێپەڕوشە و لە خانەی ئادرسی **گەڕاڵی وێب** دا کار ناکات (بێجگە لە گەڕانی گشتی).

# تەلەفزیۆنەکەت بە دەنگی خۆت لەگەڵ Google Assistant کۆنترۆڵ بکە

## تەلەفزیۆنەکەت بە دەنگی خۆت لەگەڵ Google Assistant کۆنترۆڵ بکە

دوگمەی (Google Assistant)ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بۆ ماوەیەک دابگرە بۆ قسەکردن لەگەڵ Google. دەنگی خۆت بەکاربێنە بۆ ئەوەی بە ئاسانی فیلم، نمایش، مووزیک و ڤیدیۆکان بدۆزیتەوە و پەخش بکەیت.

- دوگمەی (Google Assistant)ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە بۆ دەسگەیشتن بە ڕێکبەندەکان.
- Google بریتیە لە هێمای بازرگانی Google LLC.
- Google Assistant لە کۆمەڵێک زمان و وڵات بەردەست نیە.

- کارپێکردنی خزمەتگوزاری و وڵاتە پشتیوانیکراوەکان ڕەنگە بەگوێرەی سیاسەتەکانی Google بگۆڕێن.

# دەسگەیشتن بۆ ناسینەوەی دەنگ بە بەکارهێنانی Amazon Alexa

## دەسگەیشتن بۆ ناسینەوەی دەنگ بە بەکارهێنانی Amazon Alexa

01 دوگمەی (Amazon Alexa)ی ڕیموت کۆنترۆڵ فشار بدە و ڕابیگرە، پاشان بە دەنگ ئەو فەرمانەی پێ بدە کە دەتەوێ ئەنجام بدرێت یان ئەو وشەیەی پێ بدە کە دەتەوێ بۆی بگەڕێت.

02 دوای ئەوەی فەرمانە دەنگیەکەت پێ دا، ئەگەر دەستت لەسەر دوگمەی (Amazon Alexa) لابەیت، فەرمانەکە جێبەجێ دەکرێت.

- دوگمەی (Amazon Alexa)ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە بۆ دەسگەیشتن بە ڕێکبەندەکان و زانیاری یارمەتی بۆ Amazon Alexa.
- ڕەنگە خزمەتگوزاری جیاواز لەو وڵاتانە کار بکات کە تیایدا Amazon Alexa پشتیوانیکراو نیە.
- کارپێکردنی خزمەتگوزاری و وڵاتە پشتیوانیکراوەکان ڕەنگە بەگوێرەی سیاسەتەکانی Amazon بگۆڕێن.

# بۆ بینینی تایبەتمەندی زیاتری ڕیموت کۆنترۆڵەکە

## بۆ بینینی تایبەتمەندی زیاتری ڕیموت کۆنترۆڵەکە

دەتوانیت کۆنترۆڵی تایبەتمەندی زیاتر یان ئامێری دەرەکی بکەیت کە گرێدراوە بە تەلەفزیۆنەکەت لە ڕێگەی بەکارهێنانی دوگمە نیشاندراوەکانی سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەت.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ••• دابگرە.

02 بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵەکە، دوگمەی ویستراوی سەر **کرداری زیاتر** دەسنیشان بکە کە لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەت نیشاندراوە.




1. ئەم تایبەتمەندیانە دەکرێت لە کاتی سەیرکردنی پەخشی راستەوخۆ بەکار بێن.
2. ئەم تایبەتمەندیانەی تەلەفزیۆن ئێستا بەردەستن.
3. تایبەتمەندیەکانی تر دەکرێت لە کاتی سەیرکردنی پەخشی راستەوخۆ دیاری بکرێن.

- ئامرازە بەردەستەکان ڕەنگە هەمەجۆر بن بەگوێرەی سیگنالی پەخش.

- جۆری ئەو دوگمانەی لەسەر **کرداری زیاتر** دەردەکەون دەگۆڕێن بەگوێرەی ناوچە و جۆری ئامێری گرێدراو.

# بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی

## خودکارانە دانانی ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی.

کاتێک ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی سێتەپ دەکەیت، دەتوانیت ئامێرەکان کۆنترۆڵ بکەیت (پەخشکەری Blu-ray/DVD، شانۆی ناوماڵ، سێت توپ بۆکس، هتد.) لە ڕێگەی مەجیک ڕیموت جیا لە بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵی دیاریکراوی خۆیان.

ئامێرەکان گرێ بدە بۆ ئەوەی **HDMI IN** تەلەفزیۆنەکە بن، و هێزی ئامێرەکە هەڵکە.
تەلەفزیۆنەکە ئامێری گرێدراو دەناسێتەوە بۆ ئەوەی خودکارانە ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی دیاری بکات بێ دیاریکردنی دەستی.

- لە دوای دیاری کردنی ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی، ڕەنگە پێویست بکات هەندێک ڕێکبەندی زیاتری بەکارهێنەر ئەنجام بدەیت.
- ڕەنگە چەند چرکەیەک بخایەنێت بۆ تەواوکردنی ڕێکبەندەکان بۆ ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی.
- لە هەندێک مۆدێڵ، دەتوانیت ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی دیاری بکەیت تەنها لە دوای گۆڕینی بۆ ئینپوتێکی ئامێری گرێدراو.
- بەگوێرەی ئامێری گرێدراو، تایبەتمەندی ڕێکبەندی خودکار بۆ ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی (گرێدانی خودکاری ئامێر) ڕەنگە

پشتیوانیکراو نەبێت.

### بە دەستی دانانی ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی.

ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی خودکارانە دیاری نەکرێت، دەتوانیت بە دەست دیاری بکەیت.

01 ⚙ ← ● ← **گشتی** ← **ئامێرەکان** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی** هەڵبژێرە.

02 جۆری ئەو ئامێرە دەستنیشان بکە کە دەتەوێت دیاری بکەیت.

03 ڕێکبەندەکان تەواو بکە بۆ ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی بەگوێرەی ڕێنوێنی سەر شاشە.
دەتوانیت ڕێکبەندەکانی ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی بگۆڕیت یان ڕەت بکەیتەوە.

- ئەم تایبەتمەندیە دەکرێت تەنها لەگەڵ مەجیک ڕیموت بەکاربهێنرێت.
- دەتوانیت مەجیک ڕیموت بە جیا بکڕیت ئەگەر دابین نەکرا بێت.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- لە کاتی گۆڕینی ڕێکبەندەکانی سەر ئامێرێک، سەرەتا دڵنیا بە کە هەڵکراوە.
- بۆ سێتەپکردنی ڕیموت کۆنترۆڵێکی جیهانی بە تازەترین زانیاری، گرێدان بە تۆڕ بکە و ڕێکەوتننامەکانی بەکارهێنەر پەسەند بکە.
- تایبەتمەندی ڕێکبەندی دەستی بۆ ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی بۆ کۆنسۆلی یاری پشتیوانیکراو نیە.
- بەپێی مۆدێلی ئامێری دەرەکی لەوانەیە هەندێ لە دوگمەکان کار نەکەن.
- مەجیک ڕیموت ئاڕاستەی ئەو ئامێرە بکە کە دەتەوێت کۆنترۆڵی بکەیت. دڵنیا بە کە هیچ شتێک لە پێش ئامێرەکە نیە بۆ دڵنیا بوون کە سیگناڵی ڕیموت کۆنترۆڵەکە بە باشی وەردەگیرێت.

# کردنەوەی ئەپ لەڕێگەی دەستپێگەیشتنی خێرا

## بەکارهێنانی ئەپەکان خێرا و ئاسان بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی دەستپێگەیشتنی خێرا

بۆ کردنەوەی ئەپێک یان چالاک کردنی پێدراوێکی دەرەکی کە ژمارەیەکی بۆ دیاری کراوە، دوگمەی ئەو ژمارەیە لەسەر ڕیموت کۆنترۆڵ فشار بدە.

### ڕێککردنی دەستپێگەیشتنی خێرا

01 ئەپەکە بکەوە یان ئەو کەناڵە یان ئینپووتەی کە دەتەوێ تەرخانی بکەیت هەڵبژێرە.

02 بۆ دیاریکردن ژمارە، دوگمەی ئەو ژمارەی کە دەتەوێت (**1**~**8**) دابیگرە و ڕابیگرە.
ژمارە **9** جێگیرکراوە بۆ **یارمەتیی خێرا**.

03 کاتێک پەنجەرەی تۆمارکردن هاتە ڕوو، **بەڵێ** هەڵبژێرە.

- ئەگەر دوگمەی ژمارەیەک کە پێشتر تەرخان کراوە بۆ کارێکی تر فشار بدەیت و ڕابگریت، ئەو کارە ئەنجام دەدرێت.
- بۆ بینینی ئەو ئایتمانەی کە دەتوانیت تۆماریان بکەیت، لە حاڵەتی بژاری **دەستپێگەیشتنی خێرا** دا ژمارەیەک هەڵبژێرە کە تەرخان نەکرێبیت بۆ هیچ کارێکی تر.
- ئەگەر لەسەر حاڵەتێک بێت کە نەتوانیت **دەستپێگەیشتنی خێرا** چالاک بکەیت، هیچ کارێک ئەنجام نادرێت.
- ئەگەر ئەپێکی تەخانکراو بۆ ژمارەیەک لەسەر ئامێرەکەت بسڕیتەوە، تۆماری **دەستپێگەیشتنی خێرا**یش پاک دەکرێتەوە.

### پشکنین و دەستکاریکردنی ئامرازی دەستپێگەیشتنی خێرا

دوگمەی ژمارەی **0** لەسەر ڕیموت کۆنترۆڵ فشار بدە و ڕابگرە.
شاشەی دەستکاریکردنی **دەستپێگەیشتنی خێرا** دێتە ڕوو.




1 ئەگەر ژمارەیەک هەڵبژێریت کە پێشتر تەرخان کراوە، دەتوانیت تەرخانی پێشووی بسڕیتەوە.

2 ئەگەر ژمارەیەک هەڵبژێریت کە تەرخان نەکراوە، ئەو شتانەی کە دەتوانیت ژمارەکە تەرخان بکەیت بۆیان، نیشان دەدرێن.

- شتێک کە ژمارەیەکی تری بۆ تەرخان کراوە بە نیشانەی تیک دیاری دەکرێت.

3 دەتوانیت ڕێنماییەکی کورت لەبارەی ئەم ئامرازە ببینیت.

# گرێدان بە (SIMPLINK (HDMI-CEC

## بەکارهێنانی SIMPLINK

بە یەک ڕیموت کۆنترۆڵ، دەتوانیت بە ئاسانی چەندین ئامێری جیاوازی وەک ساوندبار یان ئامێری کردنەوەی کۆدی گرێدراو بە تەلەفزیۆن لەڕێگەی HDMI کۆنترۆڵ بکەیت.

- دەکرێت سێ ئامێر گرێ بدرێن و لە هەمان کاتدا بەکاربهێنرێن.

01 بە کابلێکی HDMI پۆرتی SIMPLINK HDMI Output بدە لە پۆرتی **HDMI IN**ی تەلەفزیۆنەکەت.

02 لە سەر ڕیمۆت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

03 ئەمە هەڵبژێرە: ⋮ ← **گشتی** ← **ئامێرەکان** ← **ڕێکبەندەکانی HDMI**.

04 **(SIMPLINK (HDMI-CEC** بخەنە سەر دۆخی **هەڵکردن**.

05 ئامێری پەیوەستکراو هەڵ بکە. کاتێک تەلەفزیۆنەکە ئۆتۆماتیک پەیوەست دەبێت بە ئامێرەکە، شێوازی پێدان دەگۆڕدرێت.
ئەگەر ئامێرەکە خودکارانە بە تەلەفزیۆن گرێ نەدرێت، کرتە لە سەر دوگمەی ⮌ بکە.

- ئەم ئامرازە تەنیا لەگەڵ ئەو ئامێرانە کار دەکات کە SIMPLINK لەسەریان هەیە. بزانە لۆگۆی SIMPLINK لەسەر ئامێرە دەرەکیەکە هەیە.
بەکارهێنانی هەر بەرهەمێک جگە لەوانەی دیاریکراون ڕەنگە لە ماوەی کارکردن ببێتە هۆی کێشە.
- بۆ بەکارهێنانی SIMPLINK، پێویستە کێبڵێکی HDMI® خێرایی بەرز لەگەڵ کرداری CEC (Consumer Electronics Control) بەکاربێنیت. کێبڵی HDMI® خێرایی بەرز پینی 13ی هەیە بۆ کاراکردنی ئالوگۆڕی زانیاری لە نێوان ئامێرەکان.
- بۆ دەرکردنی دەنگ لە ئامێرێکی دەرەکی دەنگ، ئامێرە دەنگیەکە بە پۆرتی **HDMI (ARC)**ی تەلەفزیۆنەکە لە ڕێگەی کێبڵی HDMI گرێ بدە. **دەنگ بۆ دەرەوە** دیاری بکە بۆ **ئامێری (HDMI(ARC** و **(SIMPLINK (HDMI-CEC** دیاری بکە بۆ **هەڵکردن**.

## ئامرازە پشتیوانیکراوەکانی SIMPLINK

### پەخشکردنی خێرا

کاتێ کە ئامێرێکی مولتیمیدا دەکەیتەوە، دەتوانیت دەسبەجێ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە تەماشای ناوەرۆکی نێو ئامێرەکە بکەیت بێ ئەوەی ناچار بیت شتێک کۆنترۆڵ بکەیت.

### کۆنترۆڵ کردنی ئامێرەکان بە ڕیمۆت کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن

توانای ئەوە دەدات بە بەکارهێنەر کە بە ڕیمۆت کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن ئامێرەکانی مولتیمیدیا کۆنترۆڵ بکات و ناوەرۆکی مولتیمیدیا تەماشا بکات.

- دەکرێت پێرستی ئامێری مەڵتی میدیا بە دوگمەکانی تیرنیشانی سەر ڕیمۆت کۆنترۆڵەکە بخرێنە کار.

### پاوەری سەرەکی کوژاوەتەوە

کوژاندنەوەی تەلەفزیۆنەکە هەروەها ئامێرە گرێدراوەکانیش لە ڕێگەی SIMPLINK دەکوژێنێتەوە.

- ئەم ئامرازە تەنها لە هەندێ وڵات هەیە.

### پاوەری سەرەکی هەڵکراوە

هەڵکردنی ئامێری SIMPLINK تەلەفزیۆنەکەش هەڵدەکات.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# قەدپڕی دەستگەیشتن

## قەدپڕی **دەستگەیشتن**

دەتوانیت ڕاستەوخۆ بچیتە سەر بەشی **دەستگەیشتن** بێ ئەوەی پێویست بێت بچیتە نێو مێنووی ڕێککردنی پێشکەوتوو.

دوگمەی ڕیموت کۆنترۆڵ فشار بدە و ڕابیگرە.

لە **دەستگەیشتن**، دەتوانیت **کۆنتراستی بەرز**، **سکێڵی بۆر**، **گۆڕینی ڕەنگەکان** و هتد. سێتەپ بکەیت.

# گرێدانی ئامێرێکی ئینپوت بە USB

## بەکاربردنی ماوسی USBی تەلدار/بێتەل

ماوسەکەت بدە لە پۆرتی USB. بەکاری بهێنە بۆ جووڵاندنی نیشاندەر لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و هەڵبژاردنی ئەو مێنووە کە دەتەوێت.

- دوگمەی ڕاست و دوگمە تایبەتەکانی سەر ماوسەکە کار ناکەن.
- لە کاتی بەکارهێنانی ماوسی USBی بێتەل، دەکرێت گرێدانەکە لەدەست بچێت یان خاو ببێتەوە، بەگوێرەی دووری نێوان تەلەفزیۆنەکە و ماوسەکە و ژینگە بێتەلەکە.

## بەکاربردنی تەختەکلیلی USBی تەلدار/بێتەل

تەختەکلیلەکەت بدە لە پۆرتی USB. دەتوانیت بە تەختەکلیلی پەیوەستکراو تێکست بنووسیت.

- لە هەندێ لە شاشەکان دا ناتوانیت تێکست بنووسیت.
- وا ڕێنمایی دەکرێت کە لەگەڵ بەرهەمێک بەکاربهێندرێت کە بۆ سازبوون لەگەل بەرهەمەکانی LG تاقیکرابێتەوە.
  Logitech K360، Logitech K400، Logitech K750، LG Electronics MKS-1200
- دەتوانی بە فشاردانی کلیلی گۆڕینی زمان یان کلیلی Altـی لای ڕاستی تەختەکلیل، زمانی نووسین بگۆڕیت، و هەروەها دەتوانیت بە فشاردانی دوگمەی Ctrl و دوگمەی Space پێکەوە، زمانی نووسین بیگۆڕیت.
- لە کاتی بەکارهێنانی تەختەکلیلی USBی بێتەل، دەکرێت گرێدانەکە لەدەست بچێت یان خاو ببێتەوە، بەگوێرەی دووری نێوان تەلەفزیۆنەکە و تەختەکلیلەکە و ژینگە بێتەلەکە.
- بۆ نووسینی تێکست لەنێو خانەی تێکست، تەختەکلیلی سەر شاشە کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە نیشان دەدرێت یان تەختەکلیلی USB بە کار بهێنە.

## بەکارهێنانی گەیمپەد

ئەگەر گەمەکە پێویستی بە گەیمپەد هەیە، گەیمپەدی خۆت بدە لە پۆرتی USBـی تەلەفزیۆنەکەت.

- چاک وایە گەیمپەدێک بە کار بهێنیت کە بۆ سازگاربوون لەگەڵ تەلەفزیۆنەکانی LG دا تێست کرابێت.
  NVIDIA Shield ,(کێبڵ) PS DualShock 4 ver.1 & ver.2, MICROSOFT Xbox 360 Controller Controller, Logitech F310, Logitech F510, Logitech F710, Logitech Rumblepad 2, Logitech Cordless Rumblepad 2, Logitech Dual Action Gamepad, SONY Playstation(R)3 Controller،Amazon Luna Controller

## بەکارهێنانی مایکرۆفۆنێکی ئینپوتی USB

مایکرۆفۆنەکەت بە پۆرتی **USB IN** گرێ بدە. دەتوانیت چێژ لە ناوەڕۆکەکانی تایبەت بە مایکرۆفۆنەکەت وەربگریت.

## گرێدانی ئامێرە ئینپوتەکانی Bluetooth

دەتوانیت ئامێرەکانی وەک تەختەکلیل، ماوس یان گەیمپادی Bluetooth بە تەلەفزیۆنەکەت گرێ بدەیت و بەکاربێنیت.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ڕێکبەندەکان** ← **ئامێرەکان** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **گرێدانی کۆنترۆڵەری Bluetooth** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

# چێژ لە تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ وەرگرە

## وەرگرتنی زۆرترین سوود لە پێرستی ڕاستەوخۆ

### بەکارهێنانی پێرستی زیندوو

کاتێک سەیری بەرنامەی تەلەفزیۆنیی پەخشکراو دەکەیت دەتوانیت بە ئاسانی ئامرازە پەیوەندیدارەکان بە کار بهێنیت.
لە سەر ڕیمۆت کۆنترۆڵ دوگمەی **LIST** فشار بدە.




1 **ڕێنوێنی** : دەتوانی بەرنامەکان ببینیت و بۆ هەریەک لە بەرنامەکان بەرنامەڕێژی بکەیت.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **چێژ لە تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ وەرگرە** ← **سەیرکردنی ڕێنوێنی** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

2 **کەناڵەکان** : لیستێک لە ئەو ناوەڕۆکی پەخشە کە ئێستا خەریکە پەخش دەکرێتەوە ببینە.

3 **خشتەکراو** : دەتوانیت کات و ڕۆژی پەخشی بەرنامەیەکی پێ بدەیت بۆ ئەوەی لەو کاتە دا سەیری بکەیت یان تۆماری بکەیت.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **چێژ لە تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ وەرگرە** ← **بەکارهێنانی خشتەکراو** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

4 **تۆمارکردنەکان** : دەتوانیت تۆمارکردنی هەمارکراوی سەر ئامێری هەمارگە بپشکنیت و تۆمارکردنەکان پەخش بکەیت.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **چێژ لە تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ وەرگرە** ← **پەخش کردنی پڕۆگرامی تەلەفزیۆنی تۆمارکراو** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

- پێرستەکە تەنها ئەو کاتە دەردەکەوێت ئەگەر ئامێرێکی هەمارگەی دەرەکی گرێدرا بێت و ڤیدیۆی تۆمارکراو دەکرێت سەیر بکرێت.

- ئەو کەناڵانە کە لە لیستی کەناڵ دا نیشان دەدرێن ئەو کەناڵانەن کە لەلایەن دابینکەری خزمەتی پەخشەوە دابین دەکرێن. لەبەر ئەمە، ئەگەر دابینکەری خزمەتی پەخش بێ ئاگادارکردنەوە کەناڵەکانی بگۆڕێت، ئەو کەناڵانەی کە لە لیستی کەناڵ دا نیشان دەدرێن ڕەنگە جیاواز بن لە ئەو کەناڵانەی کە لەسەر تەلەفزیۆنەکە دان.
- بەهۆی ئەوەی کە ئەو زانیارییانە کە لە لیستی کەناڵ دا نیشان دەدرێن، زانیاریی دابینکراو لەلایەن دابینکەرە دەرەکیەکانی ڕێنمای ئەلەکترۆنیی بەرنامە (EPG) یان تێدایە، ڕەنگە جیاواز بن لە ئەو کەناڵانەی کە لەسەر تەلەفزیۆنەکە دان.
- پێویستە ڕێکبەندەکانی تۆڕ، ڕێکبەندەکانی هەرێم، و ڕێکبەندەکانی خود-کەناڵ تەواو بکەیت بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری پەخشی ڕاستەوخۆی ئاسایی.
- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

# سەیرکردنی ڕێنوێنی

## سەیرکردنی ڕێنوێنی

دەتوانی بەرنامەکان ببینیت و بۆ هەریەک لە بەرنامەکان بەرنامەڕێژی بکەیت.

01 دوگمەی فشار بدە با **Live TV** بکەوێتە کار.

02 دوگمەی ••• ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **ڕێنوێنی** دەسنیشان بکە.




1 هەر یەک لە شوێنەکان دەسنیشان بکە بۆ دەسگەیشتن بە تایبەتمەندی هاوتا.

2 دەتوانیت زانیاریەکانی کەناڵەکە و پەخشکەر ببینیت.

3 دەتوانیت زانیاریەکانی ئەو بەرنامەی کە ئێستا سەیری دەکەیت و هەروەها زانیاریەکانی بەرنامەی فۆکووسکراو ببینیت.

4 دوگمەی ⓘ یان ناوی بەرنامەی مەبەستت هەڵبژێرە. دەتوانیت زانیاری زیاتر ببینیت دەربارەی پڕۆگرامەکە و ئەدای **سەیرکردن/تۆمار** (تەنها لە چەند مۆدێلێکی دیاریکراودا بەردەستە) یان **بیرخەرەوە/تۆمارکردنی خشتەکراو** (تەنها لە چەند مۆدێلێکی دیاریکراودا بەردەستە)، هتد.

5 لیستی بەرنامەکانی ئەم ڕۆژ و کاتە نیشانی تۆ دەدرێت.

6 **بەڕێوەبەری کەناڵ** : ئامرازی **بەڕێوەبەری کەناڵ** بکەوە.
**ڕیزی کەناڵ** : دەتوانی ئەندازەی لیستی بەرنامەکان دەستکاری بکەیت بۆ ئەوەی ژمارەی ئەو کەناڵانەی کە لەسەر شاشەکە نیشان دەدرێن بە دڵی خۆت بگۆڕیت.
**فلتەرەکان** : جۆری کەناڵی نیشاندراوی سەر شاشە دەکرێت دیاری بکرێت.
**Mini TV** : شاشەکە دەکرێت هەڵبکرێت یان بکوژێنرێتەوە بۆ پێشدیمەنکردنی کەناڵە دەسنیشانکراوەکە.
**ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

7 ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- زانیاریی بەرنامە لە ئەو کەناڵانە دا کە هیچ زانیاریەکی پەخشیان بۆ دابین نەکراوە، نیشان نادرێت.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

# دڵنیای لە زانیاریەکانی بەرنامە

## بینینی زانیاریەکانی بەرنامە

لە کاتی تەماشاکردنی پەخشی زیندوو دا، دوگمەی **چەرخ (OK)** فشار بدە. لایفتەی کەنڵ دێتە ڕوو.
دەتوانیت شوێنی ئاڵاکە بگوازیتەوە لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ••• سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە و دەسنیشانکردنی **گۆڕینی شوێنی ئاڵا**.




1. زانیاری نیشان دەدات دەربارەی ئەو پرۆگرامەی سەیری دەکەیت. هێمای کەناڵێک دەسنیشان بکە بۆ چوونەناو زانیاری تێروتەسەڵ بۆ سەیرکردنی زانیاری تێروتەسەڵی پرۆگرام یان ڕادانی تایبەتمەندی زیاتری پەیوەست بە هێماکە.

   بە بەکارهێنانی دوگمەی ▲/▼ دەتوانیت زانیاریەکانی پەخشی کەناڵەکانی تر ببینیت.

   بە بەکارهێنانی دوگمەی ◀/▶ دەتوانیت زانیاریەکانی پەخشی ئەو کەناڵەی کە ئێستا سەیری دەکەیت ببینیت.

   - تایبەتمەندیەکان دەکرێت کۆنترۆڵ بکرێن لە ناو پۆپەپی زانیاری تێروتەسەڵ.

2. ئامرازی **کرداری زیاتر** بکەوە.
   بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **شێوازی بەکارهێنانی تەلەفزیۆن** ← **بۆ بینینی تایبەتمەندی زیاتری ڕیموت کۆنترۆڵەکە** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

3. دەتوانیت پێشنیار دەست بخەیت بۆ ئەوەی دواتر سەیری چی بکەیت لە ڕێگەی دانانی **Next Picks** بۆ **هەڵکردن**.

   - ڕەنگە ئەم تایبەتمەندیە لە هەندێک وڵاتدا بەردەست نەبێت.

- ئامرازە بەردەستەکان ڕەنگە هەمەجۆر بن بەگوێرەی سیگنالی پەخش.

# Live Playback

## بەکاربردنی ئامرازی پەخشی ڕاستەوخۆ

لەڕێگەی ئەم ئامرازە دەتوانیت ئەو بەرنامانەی کە لەئێستادا سەیریان دەکەیت لەسەر USB HDD پاشەکەوت بکەیت، تا دواتر بتوانیت دووبارە ئەو بەشانە ببینیت کە لە کاتی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن دا لە دەستت داوە. ئەگەر بۆ چەن ساتێک بچیتە دەرەوە، ئەم ئامرازە توانای ئەوەت پێ دەدات لەو ئەو شوێنەوە کە پێشتر دیوتە درێژە بدەیت بە تەماشاکردن.

01 HDDی دەرەکی بدە لە پۆرتی USB.

02 دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **Live Playback** دەستنیشان بکە.

03 شاشەی دڵنیاکردنەوەی دیاریکردنی **Live Playback** دەردەکەوێت.
ڕێکبەندەکان تەواو بکە و دوگمەی **باشە** دابگرە.

- ئەگەر تەنها یەک ئامێری هەمارگەی USB گرێدراوە، ڕەنگە شاشەی ڕێکبەندەکان دەرنەکەوێت و ڕەنگە Live Playback بکەوێتە کار.

04 لە میانەی سەیرکردنی پەخشی زیندوودا، بە نیشاندەر ، بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە هەروەها دەتوانیت دوگمەی ◀/▶ی ڕیموت کۆنترۆڵەکەت فشار بدەیت.
لەسەر میلەی پێشوەچوون شوێنی خوازراو هەڵبژێرە.




- دەکرێت کرداری Live Playback تەنها بۆ کەناڵەکانی پەخش بەکاربێت کە لە ڕێگەی تێرمینالی ئینپوتی ئەنتێناوە سەیریان دەکەیت. بەڵام، ناتوانیت لە کاتی گوێگرتن لە بەرنامەیەکی ڕادیۆیی دا ئەم بژاردەیە بە کار بهێنیت.
- ئەگەر دوو یان چەند USB HDD دراون لە تەلەفزیۆنەکە، یەکێکیان هەڵبژێرە بۆ ئەوەی ئامرازی Live Playback بە کاری بهێنێت.
- ناتوانیت فلاشی USB بە کار بهێنیت. هارد دیسکێکی USB کە 80 گیگابایت یان زیاتر جێگەی هەبێت لە تەلەفزیۆنەکە گرێ بدە.
- لەو کاتەی ئامێری پاشەکەوتکردنی USB HDD، لەوانەیە Live Playback باش کار نەکات. بۆ بەکارهێنانی ئامرازی Live Playback پێویستت بە USB HDD ـەک کە لە 2.3 گیگا بایت جێگەی زیاتربێت.
- بە بەکارهێنانی ئامرازی Live Playback، دەتوانیت هەتا دوو کاتژمێر بەرنامە پەخش بکەیتەوە، ئەمەیش بەسراوە بەوەی کە USB HDD چەندە جێگەی مابێت. ئەم ماوە ڕەنگە بەپێی ناوچەی ئێوە جیاواز بێت.
- ئەو فیلمانە کە بە شێوازی Live Playback هەڵدەگیررێن، ئەگەر تۆماریان نەکەیت و تەلەفزیۆنەکە بکوژێنیتەوە، دەسڕدرێنەوە.
- گۆڕین لە نێوان کەناڵەکان لە ماوەی Live Playback داتای کەناڵی پێشووتر دەسڕێتتەوە.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# تۆمارکردن

# بەکارهێنانی ئامرازەکانی تۆمارکردن

بە کەڵکوەرگرتن لە LG webOS TV، دەتوانیت ئامرازەکانی تۆمارکردن بە کار بهێنیت.

## بەکارهێنانی ئامرازی 'تۆماکردنی خێرا'

01 هارد دیسکێکی USB یان فلاشێکی USB لە پۆرتێکی USB گرێ بدە؟
ڕێنمایی ئەوە دەکرێت کە لەسەر USB HDD تۆماری بکەیت.

02 دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **تۆمار** دەسنیشان بکە.

- بۆ کۆتایی هێنان بە تۆمارکردن، دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە لە ماوەی تۆمارکردن دابگرە و **تۆمار** دەسنیشان بکە.




## لەماوەی تۆمارکردنی بەرنامەی جیاوازدا ، تەنها دەتوانی بەرنامەی ئازاد سەیر بکەیت.

- لە کاتی تۆمارکردن دا، بۆ بینینی زانیاریەکانی تۆمارکردن دوگمەی **چەرخ (OK)** فشار بدە.
- دەکرێت بەرلەوەی دەست بکەیت بە تۆمارکردن ماوەکەی دیاری بکەیت.
- ئەگەر چەند ئامێری پاشەکەوتی USB درابێتن لە تەلەفزیۆنەکە، خۆی بۆ خۆی دوایین ئامێر هەڵدەبژێردرێت.
- دەبێت ئەندازەی پارتیشن لەسەر USB HDD دا لانیکەم 1 گیگابایت بێت.
- دەبێت ئەندازەی پارتیشن لەسەر فلاشی USB لانیکەم 4 گیگابایت بێت.
- ماوەی تۆمارکردن ڕەنگە بەپێی قەبارەی بیرگە USB بگۆڕدرێت.
- لەگەڵ هەوڵدانی یەکەم بۆ تۆمارکردن لە سەر بیرگەی USB، تەلەفزیۆنەکە تاقیکردنەوەیەکی کارایی ئەنجام دەدات. لە دوای تەواو بوونی تاقیکردنەوەکە بە ئاسایی دەست بە تۆمارکردن بکە.
- بەهۆی بەکاربردنی تەکنەلۆژیای پاراستنی ناوەڕۆک ناتوانیت فیلمی تۆمارکراو لەسەر کۆمپیۆتر یان مۆدێلەکانی دیکەی تەلەفزیۆن پەخش بکەیتەوە. هەروەها ئەگەر سێرکتی ڤیدیۆی تەلەفزیۆنەکە بگۆڕیت ناتوانیت فیلمەکە پەخش بکەیتەوە.
- لە ماوەی تۆمارکردن دا ئامێری USB دەرمەهێنە.
- ئەگەر لە کاتی تۆمارکردن دا بەزۆر تەلەفزیۆنەکەت بکوژێنیتەوە، لەوانەیە بەرنامەکە خزن نەبێت. ژیرانەترین کار ئەوەیە کە بەرلە کوژاندنەوەی تەلەفزیۆن، تۆمارکردن بوەستێنی و بزانی ئایا بەرنامەکە تومار بووە یان نە.
- کوالێتی تۆمارکردن بە گوێرەی ئەدای ئامێری هەمارگەی USB دەبێت.

- ئەگەر ئامێری خەزنکردنی USB کێشەی هەبێت، لەوانەیە تۆمارکردن بە شێوەیەکی گونجاو ئەنجام نەبێت.
- لەکاتی بەکارهێنانی هابی USB یاخود کێبلی درێژکراوە ، لەوانەیە ئامێری USB بەباشی کار نەکات.
- ڕەنگە تۆمارکردن بپچڕێت ئەگەر توانای هەمارگەی ماوە بەپێی پێویست نەبێت. چاک وایە ئامێرێکی خەزنکردن بە کار بهێنیت کە جێگەی پێویست بۆ تۆمارکردن هەبێت.
- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.
- لە ماوەی تۆمارکردن دا ڕەنگە هەندێ لە ئامرازەکان ناچالاک بن.
- تەنها کەناڵەکانی پەخش دەکرێت تۆمار بکرێن کە لە ڕێگەی تێرمینالّی ئینپوتی ئەنتێناوە سەیریان دەکەیت.
- ڕەنگە Bluetooth و پۆرتی USB لە کاتی تۆمارکردن لەسەر ئامێری خەزنکردنی USB باش کار نەکەن.
- گرتەی تۆمارکراوی کەمتر لە 10 چرکە ؛ پاسەکەوت ناکرێن.
- دەتوانیت تا 600 فایلی ناوەرۆک لەسەر یەک پارتیشتن پاشەکەوت بکەیت.

# بگری مووزیک

## بەکارهێنانی Music Catch

ئەمە ئامرازێکە کە هەموو کاتێک دەتوانیت بۆ تۆمارکردنی مووزیک لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە بە کاری بهێنیت.

01 لە کاتی تەماشاکردنی پەخشی زیندوو دا، دوگمەی • • • فشار بدە.

02 **تۆمارکردنی میوزیك** هەڵبژێرە.




- کاتێک کە USB HDD دراوە لە تەلەفزیۆنەکە، ئامێرێک هەڵبژێرە بۆ ئەوەی بۆ تۆمارکردنی مووزیک بە کار بهێنرێت.
- ئەگەر ئامێرێ USB HDD جێگەی تەواوی نەمابێت، لەوانەیە Music Catch باش کار نەکات. بۆ بەکارهێنانی ئامرازی Music Catch پێویستت بە USB HDDـەک هەیە کە لانیکەم 100 مێگابایت جێگەی هەبێت.
- فایلە هەڵگیراوەکان دەکرێت لە ئەپلیکەیشنی **پەخشکەری میدیا** ببینرێن، و دەتوانیت لەسەر کۆمپیۆتەرەکەت یان ئامێرە پۆرتەبڵەکانت بیانکەیتەوە.
- فایلە تۆمارکراوەکان بە فۆرماتی aac یان mp3 خزن دەکرێن. (فۆرماتی خزنکردن بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازە.)

- ئەگەر لە ماوەی تۆمارکردن دا ئەپ یان پێدراو بگۆڕیت، تۆمارکردن خۆی بۆ خۆی کۆتایی پێ دێت و فایلی تۆمارکراو خزن دەکرێت.
- تەنها لە پەخشی ئانالۆگ دا هەیە.
- بە ئامرازی Music Catch، دەتوانی تا دوو کاتژمێر مووزیکێک پەخش بکەیتەوە.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# بەکارهێنانی خشتەکراو

## بەکارهێنانی خشتەکراو

دەتوانیت کات و ڕۆژی پەخشی بەرنامەیەکی پێ بدەیت بۆ ئەوەی لەو کاتە دا سەیری بکەیت یان تۆماری بکەیت.

01 دوگمەی فشار بدە با **Live TV** بکەوێتە کار.

02 دوگمەی ••• ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **خشتەکراو** دەسنیشان بکە.
شاشەی **خشتەکراو** نیشان دەدرێت.




1. دەتوانی 'بەرنامەی تۆمارکردنی نوێ' دابنێیت.
2. دەتوانی 'وەربیرهێنەری نوێ' دابنێیت.
3. **ڕیزبەندی** : دەتوانیت لیستەکە ڕیز بکەیت.
   **فلتەر** : فیلتەر ڕێک دەکات.
   **سڕینەوە** : دەتوانی 'شێوازی سڕینەوە' دیاری بکەیت.
   **ڕێنوێنی** : ئامرازی **ڕێنوێنی** بکەوە.
   **ڕێنمای بەکارهێنەر** : ئامرازی **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکەوە.
   **دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** : کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند دەکوژێنێتەوە.
4. ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

### خشتەکردنی پەخشێکی دەستیشانکراو لە ڕێنوێنی

دەتوانی ئەو بەرنامە هەڵبژێریت کە دەتەوێت کات دیاری بکەیت بۆ سەیرکردن یان تۆمارکردنی.

01 دوگمەی فشار بدە با **Live TV** بکەوێتە کار.

02 دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **ڕێنوێنی** دەستیشان بکە.

03 ئەو بەرنامە هەڵبژێرە کە دەتەوێت.
ئەگەر دەتەوێت بەرنامەیەکی پەخشی زیندوو تۆمار بکەیت، لەسەر دوگمەی **تۆمار** یان **سەیرکردن** کلیک بکە.
ئەگەر بەرنامەیەک بڕیارە لە داهاتوو پەخش بکرێتەوە، لەسەر دوگمەی **تۆمارکردنی خشتەکراو** یان **بیرخەرەوە** کلیک بکە.

- دیاریکردنی ڕۆژ و کاتی تۆمارکردن گەرەنتیی ئەوە ناکات کە بەرنامەکە ڕێک لە کاتی دیاریکراو دا تۆمار بکرێت چونکە بەرنامەکە لەسەر بنەمای زانیاریی کۆمپانیای پەخشکەر تۆمار دەکرێت.
- بۆ پەخشی دیجیتاڵە.

### خشتەکردن بە دەستی

دەتوانیت ڕۆژ و کات و بەرنامە دیاری بکەیت بۆ تەماشاکردن یان تۆمارکردن.

01 دوگمەی فشار بدە با **Live TV** بکەوێتە کار.

02 دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **خشتەکراو** دەستیشان بکە.

03 یان دەستیشان بکە.

04 **بە دەستی دروستی بکە** هەڵبژێرە.

05 ڕۆژ و کات و کەناڵ دیاری بکە بۆ ئەوەی لە کاتی دیاریکراو تۆمار یان سەیری بکەیت.

- ماوەی ئەو بەرنامە کە دەستیشانی دەکەیت بۆ تۆمارکردن دەبێ لانیکەم 1 خولەک بێت.

# پەخش کردنی پڕۆگرامی تەلەفزیۆنی تۆمارکراو

## بەڕێوەبردنی بەرنامە تۆمارکراوەکان

لەڕێگەی ئەپی **تۆمارکردنەکان** دەتوانیت ئەو تۆمارانەی کە لەسەر ئامێرەکانی خزنکردن دانراون ببینیت و پەخشیان بکەیتەوە.

01 دوگمەی فشار بدە با **Live TV** بکەوێتە کار.

02 دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **تۆمارکردنەکان** دەستیشان بکە.




1 ئامرازی **گەڕان** بکەوە.

2 دەتوانیت ڕێکبەندەکان جێبەجێ بکەیت، وەک ئامێرەکانی هەمارگە و بژاردەکانی چنین، بۆ لیستی ناوەڕۆک.

3 ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- تەنها دەتوانیت ئەو بەرنامانەی کە لەسەر ئەم تەلەفزیۆنە تۆمار کراون لە **تۆمارکردنەکان** دا پەخش بکەیتەوە.

## پەخشکردنەوەی بەرنامە تۆمارکراوەکان

لە شاشەی پەخشکردنەوە دا دەتوانیت ئامرازە بنەڕەتیەکان، وەک پەخشکردنەوە و ڕاگرتن، ببینیت و بەکاریان بهێنیت.

01 لە ئەپی **تۆمارکردنەکان** دا، تۆماری دڵخوازت هەڵبژێرە.

02 داگرتنی دوگمەکانی ◀/▶ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە ڕێگەت پێدەدات 10 چرکە بۆ دواوە/پێشەوە بچیت.
لە کاتی پەخشکردنەوەی تۆماری مەبەستت دا دەتوانیت بە دوگمەی **چەرخ (OK)** پەخشکردنەوەی کۆنترۆڵ بکەیت.
دەتوانیت دەسگەیشتنت بۆ تایبەتمەندی زیاتر هەبێت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ▼ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە لە کاتی بەکارهێنانی کۆنترۆڵی پەخشی دووبارە.




1 تۆمارکردنی پێشووتر نیشان دەدات.

2 تۆمارکردنەکە پەخش دەکات یان ڕادەگرێت.

❸ تومارکردنی داهاتوو نیشان دەدات.

❹ ژێرنووس چالاک یان ناچالاک بکە.

❺ دەتوانیت پەخشکردنەوەی بەردەوام چالاک بکەیت.

❻ بە خێراییەکی بەرزتر ڤیدیۆکە دەگەڕێنێتەوە دواوە.

❼ بە خێراییەکی بەرزتر ڤیدیۆکە بۆ پێشەوە دەبات.

❽ دەتوانیت تایبەتمەندیەکانی وەک درێژەپێدان و زمانی دەنگ دیاری بکەیت کە دەکرێت دەربکرێت.

❾ لیستێکی تومارکردنەکان لە خوارەوە نیشاندراوە.

- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

# دەقی زانیارییەکان

## بۆ بەکارهێنانی تێلێتێکست

تێلەتێکست خزمەتێکی بەخۆڕاییە کە لەلایەن ئەو وێستگەی تەلەفزیۆنیەوە پێشکەش دەکرێت کە زانیاریی تێکستی لەبارەی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن، هەواڵەکان و کەشوهەوا پێشکەش دەکات.
ڕەمزخوێنی تێلەتێکستی ئەم تەلەفزیۆنە دەتوانێ پشتیوانی بکات لە سیستەمەکانی SIMPLE، TOP و FASTEXT.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ••• دابگرە.

02 **تێلیتێکست** هەڵبژێرە.

03 پەنجەرەی تێلەتێکست دێتە ڕوو.

04 بۆ سەیرکردنی پەخش و تێلیتێکستی تەلەفزیۆن لە هەمان کاتدا، دوگمەی ••• ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **تێلیتێکست** دەستنیشان بکە.

دوگمەی ڕەنگی

بۆ هەڵبژاردنی لاپەڕەی پێشتر یان دواتر.

دوگمەی ژمارە

ژمارەی لاپەڕەی مەبەست داخل بکە بۆ ئەوەی بچیتە سەر ئەو لاپەڕە.

دوگمەی ⊞ **(کەناڵەکان) ∧/∨**

بۆ هەڵبژاردنی لاپەڕەی پێشتر یان دواتر.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# ئامرازی تایبەتی تێلەتێکست

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ••• دابگرە.

02 **بەربژاری تێلیتێکست** هەڵبژێرە.

03 مێنووی **تێلیتێکست** هەڵبژێرە.

### ژێدەر

هەر لاپەڕەیەکی ڕێزبەند هەڵبژێرە.

### کات

لە کاتی تەماشاکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، ئەم مێنووە هەڵبژێرە تاوەکوو کات لە گۆشەی سەرۆی لای ڕاستی شاشە نیشان بدرێت. لەم دۆخەی تێلیتێکستدا، ئەم دوگمەیە دابگرە بۆ دەسنیشان کردنی ژمارەی لاپەڕەیەکی لاوەکی. ژمارەی لاپەڕەی لاوەکی لە خوارەوەی شاشەکە نیشان دەدرێت. بۆ ڕاگرتن یان گۆڕینی لاپەڕە لاوەکیەکە، ◀/▶ , /  یان دوگمەی ژمارەکان دابگرە.

### بەستن

گۆڕینی ئۆتۆماتیکی لاپەڕە بوەستێنە، هەرکات لاپەڕەیەکی تێلەتێکست لە 2 یان چەند ژێرلاپەڕە پێک هاتبێت لاپەڕەکە بە شێوەی ئۆتۆماتیک دەگۆڕدرێت. ژمارەی لاپەڕە لاوەکیەکان و ئەو لاپەڕە لاوکیە کە نیشان دەدرێت، ئاسایبانە، لە شاشەی ژێر کات دا نیشان دەدرێت. کاتێک ئەم مێنووە هەڵدەبژێریت، هێمای ستۆپ لە گۆشەی چەپی لای سەرەوەی شاشەکە نیشان دەدرێت و حاڵەتی گۆڕینی ئۆتۆماتیکی لاپەڕە لە کار دەکەوێت.

### ئاشکراکردن

ئەم مێنووە هەڵبژێرە بۆ ئەوەی زانیاریيە شاراوەکان، وەکوو وەڵامی مەتەڵ یان پازڵ، نیشان بدرێن.

### نوێکردنەوە

وێنەی تەلەفزیۆنەکە لەسەر شاشەکە نیشان دەدات هەتا کاتێک کە لاپەڕەیەکی نوێی تەلەتێکست دێتە ڕوو. پێشاندەرەکە لە گۆشەی چەپی لای سەرەوەی شاشەکە دەردەکەوێت. پاشان، کاتێک کە لاپەڕەی ئاپدەیتکراو لە بەردەستە، شاشەکە دەگۆڕدرێت و ژمارەی لاپەڕەکە نیشان دەدات. بۆ بینینی لاپەڕەی تێلەتێکستی ئاپدەیتکراو، دووبارە ئەم مێنووە هەڵبژێرە.

### زمان

زمانی تێلەتێکست دیاری دەکات.

- تەنیا لە شێوازی دیجیتاڵ دا

## بۆ ڕێککردنی زمانی تێلەتێکست

کاتێ کە دوو یان چەند زمانی تێلەتێکست پەخش دەکرێت، ئامرازی زمانی تێلەتێکست بە کار بهێنە.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

02 ئەمە هەڵبژێرە: ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **زمان (Language)** ← **زمانی سەرەکی تەلەتێکست/زمانی لاوەکی تەلەتێکست**.

- تەنیا لە شێوازی دیجیتاڵ دا
- ئەگەر دەیتای تێلەتێکست لە زمانێکی هەڵبژێراو دا پەخش نەکرێتەوە، زمانی گریمانە نیشان دەدرێت.
- ئەگەر وڵاتی خۆت بە هەڵە هەڵبژێری، لەوانەیە تێلەتێکست بەدروستی لەسەر شاشە نیشان نەدرێت وە ڕەنگە لە ماوەی کارکردن بە تێلەتێکست دا هەندێ گرفت ڕوو بدات.

# HbbTV

## زیاتر بزانە دەربارەی HbbTV

HbbTV (تەلەفزیۆنی بەرینباندی پەخشی هایبرید) ستانداردێکی پەخشی نوێ یە کە ئیمکانی ئەوە فەراهم دەکات خزمەتگوزاری جۆری سوپەر-تێلەتێکست کە لەلایەن بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیەوە دابین دەکرێن لەگەڵ ئەو خزمەتە ئینتەرنێتیانە کە لە ڕێگەی بەرینبانەوە لەسەر Smart TVی پەیوەستکراو بە ئینتەرنێت بڵاو دەکرێنەوە یەک بخات یان پەیوەستیان بکات بە یەکترەوە. بەم شێوە بەکارهێنەران دەتوانن دەستیان بە خزمەتە ئینتەرنێتیە جیاوازەکان بگات وەک تەلەفزیۆنی کەچ-ئاپ، ڤیدیۆی داواکراو (VOD)، ئەپەکانی تایبەتی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان یان خزمەتە زانیاریە بەپێتەکانی تر بێجگە لە خزمەتە کۆنەکانی تێلەتێکستی دیجیتاڵ، ئەمانە هەموویان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و یەکپارچە لەسەر تەلەفزیۆن بڵاو دەکرێنەوە. خزمەتگوزاری HbbTV دەکرێت بە چەند شێوە چالاک بکرێن، باوترین شێوە بریتیە لە فشاردانی 🔴 ئاساییانە بەکارهێنەران هەر بە کلیلە کۆنەکان خزمەتگوزارییەکان بە کار دەهێنن (لەوانە دوگمەی OK و 🔴، 🟢، 🟡، 🔵). لە وەشانی ئێستای ئامرازەکانی HbbTV دا هەروەها ئیمکانی پاڵپشتی بۆ "پەخشی سازگار"ی ڤیدیۆ لەسەر ئینتەرنێتی بەرینباند هەیە و ئەمەیش باشترین کوالیتیی وێنە بۆ بینەر گەرەنتی دەکات. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی HbbTV سەردانی ماڵپەڕی www.hbbtv.org بکە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## بۆ بەکارهێنانی HbbTV

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **HbbTV**

HbbTV لەسەر حاڵەتی هەڵکراو دادەنێت.
لە کۆمەڵێک ناوەڕۆکی جیاواز کە لە ڕێگەی خزمەتگوزاری خاوەن قابلیەتی HbbTV بڵاو دەکرێنەوە چێژ وەربگرن.

- ئەگەر تەلەفزیۆنەکە پەیوەست نەکرابێت بە ئینتەرنێت مومکینە ئامرازەکانی خزمەتەکە سنووردار یان کەم بن.
- کارایی و کوالیتیی خزمەتی HbbTV مومکینە بەپێی کوالیتیی ئینتەرنێتی بەرینباند جیاواز بێت و بگۆڕێت.
- گەرەنتیی ئەوە ناکرێت کە خزمەتگوزاری HbbTV بۆ هەموو بەرنامەکان دابین بکرێت - تەنها ئەو خزمەتانە دابین دەکرێن کە پەخشکەری تۆ هەڵیبژاردوون و پشتیوانییان لێ دەکات.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- کاتێک Live Playback کار دەکات، ئەوە HbbTV ناچالاک دەکرێت.
- لە کاتی بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزاریەی HbbTV، ڕەنگە دوگمەکانی ڕووپێوکردن و دوگمەی **چەرخ (OK)** ناچالاک بن ئەگەر نیشاندەری مەجیک ڕیموت لە سەر شاشە چالاک کرابێت. لەم حاڵەتە دا، بۆ ناچالاک کردنی نیشاندەر کلیلەکانی چەپ، ڕاست، سەرەوە و خوارەوە دابگرە. (ئەمە تەنها لە سەر ئەو مۆدێلانە جێبەجێ دەبێت کە پشتیوانی مەجیک ڕیموت دەکەن.)

# ئەپلیکەیشنەکان و ناوەڕۆک

## دامەزراندنی ئەپەکان

### دامەزراندنی ئەپەکان

دەتوانیت کۆمەڵێک جۆری ئەپلیکەیشنەکانی وەک یاریەکان، پەروەردە، و هەواڵەکان دابمەزرێنیت و بە ئاسودەیی لە سەر تەلەفزیۆنەکەت بەکاریان بێنیت.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⌂ فشار بدە.

02 **Apps** دەکاتەوە.

03 جۆرێک دەستنیشان بکە یان دوگمەی 🔍 دابگرە بۆ گەڕان بەدوای ئەپلیکەیشنێک.

04 ئەپلیکەیشنێک دەستنیشان بکە بۆ دامەزراندن.

05 زانیاریی ئەپەکە بخوێنەوە و پاشان لەسەر **دامەزراندن** کلیک بکە.

06 دوای ئەوەی دامەزراندن تەواو بوو، دەتوانیت دەستبەجێ ئەپەکە بکەیتەوە.



❶ گەڕانەکان بۆ ناوەڕۆک.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ئەپلیکەیشنەکان و ناوەڕۆک** ← **گەڕانی ناوەڕۆک** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

❷ دەتوانیت بە ئەژمێری LGت بچیتە ناوەوە و ئەپلیکەیشنەکان بەڕێوە ببەیت.

❸ ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.
بۆ کۆژاندنەوەی کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند، دوگمەی ••• ی سەر ڕیمۆت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** دەستنیشان بکە.

- بۆ دامەزراندنی ئەپلیکەیشنەکان، پێویستە بچیتە ناوەوە.
- ئەو پۆلانە کە هەن بەپێی وڵات یان دۆخی دابینکردنی خزمەت جیاوازن.
- ئەگەر بیرگەی تەلەفزیۆنەکەت جێگەی تەواوی نەبێت، دەتوانیت ئامێرێکی مێمۆریی دەرەکی بدەیت لە تەلەفزیۆنەکە و ئەپەکان لەسەری دابمەزرێنیت.
- هەندێ ئامێری USB ڕەنگە پشتیوانی نەکرێن یان باش کار نەکەن.
- ناتوانیت فلاشی USB بە کار بهێنیت کە ئەپەکانی تەلەفزیۆنێکی تری تێدا بێت.
- پێویستە هۆشیار بیت منداڵان دەستیان بە ناوەڕۆکی نەگونجاو نەگات چونکە ئەم ئامێرە دەتوانێت پەیوەست ببێت بە ئینتەرنێت. دەتوانیت لەڕێگەی سنووردارکردنی دەستگەیشتن بە هەندێ لە ئەپەکان، ناوەڕۆکی ئینتەرنێتیی نەگونجاو بەربەست بکەیت. لە ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **سەلامەتی** ← **قوفڵکردنی کاربەرنامەکان** دا ڕێککردنەکان دیاری بکە.

# پێشنیاری ناوەڕۆک

## پێشنیاری ناوەڕۆک

دەتوانیت پێشنیارەکانی ناوەڕۆک لە سەر بنەمای نیشاندان وەربگریت کە سەیری دەکەیت یان لە سەر بنەمای شێوازەکانی سەیرکردنی تەلەفزیۆن.
ئەگەر بە بەکارهێنانی ئامێری کردنەوەی کۆد سەیری تەلەفزیۆن دەکەیت، پێویستە سێتەپی ڕیمۆت کۆنترۆڵی جیهانی بکەیت
بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندی پێشنیار بە شێوەیەکی ئاسایی. بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **شێوازی بەکارهێنانی تەلەفزیۆن** ← **بەکارهێنانی ڕیمۆت کۆنترۆڵی جیهانی** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

01 دوگمەی 🎙 ی سەر مەجیک ڕیمۆت دابگرە. شاشەی پێشنیاری ناوەڕۆک دەردەکەوێت.

- لە کاتی بەکارهێنانی ڕیمۆت کۆنترۆڵێکی ستاندەر دوگمەی 🔍 ی سەری دابگرە.

02 دەتوانیت ناوەڕۆکی زیاتر ببینیت لە ڕێگەی داگرتنی ئایکۆنی ^ ی سەر شاشەکە.




- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- پێویستە گرێدان بە تۆڕ بکەیت بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندی پێشنیار.
- ڕەنگە خزمەتگوزاریەکان بە گوێرەی وڵات بگۆڕێت، بۆیە ڕەنگە پێشنیارەکان بە جیاواز پێشکەش بکرێن.
- ڕەنگە لیستی پێشنیارەکان کەمتر پەیوەندیدار بێت یان پەیوەندیدار نەبێت، بەگوێرەی زانیاری ئەو نمایشەی سەیری دەکەیت.

# گەڕانی ناوەڕۆک

## گەڕانی ناوەڕۆک

گەڕان بۆ ناوەڕۆک بەگوێرەی ناونیشان، ئەکتەر و چەشن.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی فشار بدە.

02 **گەڕان** دەکاتەوە.

03 بە وشەی گەڕانی دڵخوازت بگەڕە بۆ ناوەڕۆک و زانیاریی جۆربەجۆر.



1. وشەیەک بنووسە بۆ گەڕان.
2. گەڕانەکانی ئەم دواییانە نیشان دەدات.
3. دەتوانیت دانەیەک لە وشە سەرەکیە پێشنیارکراوەکان دەستنیشان بکەیت و بەردەوام بیت لە گەڕانەکە.
4. دەتوانیت بەگوێرەی چەشن ناوەڕۆکەکە بکەیتەوە.

- پێویستە گرێدان بە تۆڕ بکەیت بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندی گەڕان.
- بەپێی ڕێککردنەکانی کەناڵ، ناوچە، و تۆڕ، هەروەها بەپێی قەبوولکردن یان نەکردنی شەت و مەرجەکانی ئامرازی گەڕان، ڕەنگە دەرەنجامەکانی گەڕان جیاواز بن.

# گرێدانی ئامێرە دەرەکیەکان

## بەکارهێنانی داشبۆردی ماڵەوە

### بەکارهێنانی داشبۆردی ماڵەوە

دەتوانیت ئامێرێک دەستنیشان بکەیت یان کۆنترۆڵ بکەیت (مۆبایل، ئامێری دەرەکی، ماڵەوەی ئامێرەکانی IoT، هتد) کە بە تەلەفزیۆنەکە گرێدراوە.
**داشبۆردی ماڵەوە** بخەکار لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.
هەروەها دەتوانیت بۆ ماوەیەک دوگمەی ی سەر مەجیک ڕیموت دابگریت.




1. دەتوانیت ئامێری دەرەکی گرێدراو بپشکنیت و دەستنیشان بکەیت لە ڕێگەی پۆرتی ئینپوتی دەرەکی یان تۆڕ.

❷ دەتوانیت ئامێری هۆشمەندی گرێدراو بە ئەپلیکەیشنی LG ThinQ بپشکنیت و دەستنیشان بکەیت.
تکایە سەیری **گرێدانی ئامێرە دەرەکیەکان** ← **گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکە بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کردارەکە.

❸ AirPlay/HomeKit بەکاربێنە بۆ کۆنترۆڵکردنی تەلەفزیۆنەکەت و سەیرکردنی ناوەڕۆک لە iPad یان Mac لە سەر تەلەفزیۆنەکەت.

- بەردەست بوون و دەسگەیشتن بۆ ناوەڕۆکەکان و خزمەتگوزاریەکان لە LGE Device هەموو کاتێک دەکەونە ژێر کاریگەری گۆڕانکاری بێ ئاگاداری پێشوەختە.

❹ دەتوانیت دەنگی ئامێرێکی گرێدراو لە ڕێگەی Bluetooth پەخش بکەیت.
تکایە سەیری **گرێدانی ئامێرە دەرەکیەکان** ← **بڵاوکردنەوەی دەنگی ئامێرێکی هۆشمەند لەڕێگەی بڵندگۆ تەلەفزیۆنەوە** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکە بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کردارەکە.

❺ تەنها ئەو کاتە دەکرێت دەستنیشان بکرێت ئەگەر ئامێری هەمارگەی USB یان سێرڤەری میدیات گرێدابێت.

❻ سپیکەری دەرچووی دەستنیشانکراوی ئێستا نیشان دەدرێت، و دەتوانیت بۆ شاشەی ڕێکبەندەکانی سپیکەری دەرچوو بچیت.

❼ دەتوانیت لیستی ئامێرە گرێدراوەکانی Bluetooth ببینیت و دانەیەک دەستنیشان بکەیت.

❽ دەتوانیت ئامێرە گرێدراوەکە بپشکنیت و دەستنیشان بکەیت لە ڕێگەی IoT ی ماڵەوە.
تکایە سەیری **گرێدانی ئامێرە دەرەکیەکان** ← **گرێدانی ماڵەوەی ئامێرەکانی IoT** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکە بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کردارەکە.

❾ دەتوانیت بە ئەژمێری LG ThinQ ـت بچیتە ناوەوە یان دەربچیت.

❿ **بژارکردن** : **بژارکردنی ئینپوتەکان** دەستنیشان بکە بۆ بژارکردنی ناوی ئامێرە گرێدراوەکە یان ڕێکبەندە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ بکە. **بژارکردنی ماڵەوەی ئامێرەکانی IoT** دەستنیشان بکە بۆ شاردنەوە یان نیشاندانی ئامێرە گرێدراوەکانی IoT ی ماڵەوە و دووبارە ڕێکخستنەوەی لیستەکە.
**ئامێرە گرێدراوەکانی IoT نیشان بدە** : ئەو ئامێرانە لە سەر شاشە نیشان دەدات کە بۆ گرێدان بەردەستن.
**ئاگانامە** : دەتوانیت لە سەر ئامێری گرێدراو ئاگانامەکان هەڵ بکەیت یان بکوژێنیتەوە.
**ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی**.
**ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.
**دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** : کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند دەکوژێنێتەوە.

⓫ ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت دیاری بکرێن بەگوێرەی مۆدێل یان هەرێم دەگۆڕێن.

# گرێدانی ماڵەوەی ئامێرەکانی IoT

## گرێدانی ماڵەوەی ئامێرەکانی IoT

دەتوانیت دۆخی ماڵەوەی ئامێرەکانی IoT ی ماڵەوەی گرێدراو بپشکنیت و کۆنترۆڵ بکەیت.

01 ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لە سەر تەلەفۆنی هۆشمەندت دابمەزرێنە.

02 بچۆ ناو ئەژمێری LG ThinQ، ئامێری LG ThinQی خۆت تۆمار بکە.

03 **داشبۆردی ماڵەوە** بخەکار لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.

04 دوگمەی ی گۆشەی ڕاستی سەرەوە دابگرە بۆ چوونە ژوورەوە.

05 بچۆ ناو ئەژمێری LG ThinQت. لیستێک لە ئامێرە تۆمارکراوەکانی LG ThinQ دەردەکەون.

- ئەگەر لە شوێنێکدایت کە تیایدا ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لە سەر ئامێرەکەدا نیە، گرێدانی ئامێری LG ThinQ پشتیوانی ناکرێت.
- بۆ تۆمارکردنی ئامێری IoTی خۆت، **گرێدانی ئامێرەکانی IoT ماڵەوە** دەستپێدەکات و پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکبەندەکان.
- ئەگەر بە مۆبایلەکەت کۆنترۆڵی ئامێری دەرەکی دەکەیت، ڕەنگە نەتوانیت لە تەلەفزیۆنەکەتەوە کۆنترۆڵی ئامێرەکە بکەیت. لە ئەپلیکەیشنی مۆبایلەکە دەربچۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی لە تەلەفزیۆنەکەتەوە.




1 دەتوانیت سەیری ڕێنوێنی گرێدانی هەر جۆرێکی **ماڵەوەی ئامێرەکانی IoT** بکەیت. دەتوانیت گرێدان بکەیت و ئامێرە تۆمارکراوەکان ببینیت بە ئەژمێری LG ThinQ یان ئامێرەکانی IoTی خۆت.
کاتێک ئامێرەکە گرێ دەدرێت، کارتەکە بۆ قەبارەیەکی بچووکتر دەگۆڕێت و لە خوارەوەی لیستی گرێدانی ئامێرەکە دەردەکەوێت.

2 ئەمە هەڵبژێرە: ← **بژارکردن** ← **بژارکردنی ماڵەوەی ئامێرەکانی IoT**.
**لیستی بژارکردن** : دەتوانیت ماڵەوەی ئامێرەکانی IoTی گرێدراو بشاریتەوە یان نیشان بدەیت و لیستەکەش دووبارە ڕێک بخەیتەوە.
**سڕینەوەی ئامێرەکان** : دەتوانیت ئامێری گرێدراو بسڕیتەوە. دەتوانیت تەنها چەند ئامێرێکی تەلەفزیۆنەکە بسڕیتەوە.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت دیاری بکرێن بەگوێرەی مۆدێڵ یان هەرێم دەگۆڕێن.
- ئامێرەکانی IoT کە دەکرێت بە تەلەفزیۆنەکە گرێ بدرێن دەکرێت بێ ئاگادارکردنەوە بگۆڕدرێن.
- ئامێرە گرێدراوەکانی LG ThinQ و کردارە بەردەستەکان ڕەنگە لە نێوان مۆبایل و تەلەفزیۆن جیاواز بێت.

# گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان

## گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان

دەتوانیت کۆمەڵێک تایبەتمەندی بەکاربێنیت لە ڕێگەی گرێدانی تەلەفزیۆنەکە بە ئامێرێکی هۆشمەند.

## پەیوەستکردنی ئامێرە هۆشمەندەکەت بە تەلەفزیۆنێک بە کەڵکوەرگرتن لە ئەپی LG ThinQ

01 لە فرۆشگەی ئەپی سەر ئامێرە هۆشمەندەکەت ئەپی LG ThinQ دابگرە.
دەتوانیت کۆدی QR سکان بکەیت و بەئاسانی ئەپەکە دابگریت.

02 تەلەفزیۆنەکەت و ئامێرە هۆشمەندەکەت بدە لە یەک تۆڕی وای-فای.
دەتوانیت سەیری تۆڕی Wi-Fiی خۆت بکەیت لە ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **تۆڕ** ← **گرێدانی Wi-Fi**.

03 ئەپی LG ThinQ کە خراوەتە سەر ئامێرە هۆشمەندەکەت بکەوە.

04 لە ئەپلیکەیشنی LG ThinQ پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە بۆ گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکەت بە تەلەفزیۆنەکە.

- کاتێک زانیاری ئەژمێری LG ThinQ ت لینکی تەلەفزیۆنەکە کراوە، دەتوانیت ئامێرەکانی IoTای خۆت بەڕێوە ببەیت کە لینکی ئەژمێرەکەت کراون بە بەکارهێنانی **داشبۆردی ماڵەوە**ی تەلەفزیۆنەکەت.
- فەرمانەکانی دەنگیش دەکرێت ڕاڕاستە بکرێن لە ڕێگەی بڵندگۆی هۆشمەندی لینککراو بە ئەژمێرەکە لە ڕێکبەندەکانی ئەپلیکەیشنی LG ThinQ.
- ڕەنگە خزمەتگوزاریەکە بەگوێرەی وڵات پێشکەش نەکرێت.

## کۆنترۆڵکردنی تەلەفزیۆنەکەت بە ئەپی LG ThinQ

دەتوانیت بە فشاردانی دوگمەکانی سەر شاشەی ئامێرە هۆشمەندەکەت تەلەفزیۆنەکەت کۆنترۆڵ بکەیت.

- هەندێ لە ئامرازەکانی کۆنترۆڵ ڕەنگە لە شێوازی ئینپووتی دەرەکی دا سنووردار بن.
- شاشە و شێوازی کاری ئەپەکان ڕەنگە بگۆڕدرێن بەپێ ئەوەی بەکارهێنەران لەپێشەوە ئاگادار بکرێنەوە.
- ئەو ئامرازانەی کە هەن ڕەنگە بەپێی وڵات و سیستەمی کارپێکردنی تۆ جیاواز بن.

## بە بەکارهێنانی کامیرای ئامێری هۆشمەندی گرێدراوی سەر تەلەفزیۆنەکە

دەتوانیت کامیرای ئامێری هۆشمەندی گرێدراو بە LG ThinQی سەر تەلەفزیۆنەکە بەکاربێنیت.

- چاکتر وایە بەردەوام سیستەمی کارپێکردنی ئامێرەکەت نوێ بکەیتەوە بۆ ئەوەی بێ کێشە بدرێت لە تەلەفزیۆن.
- بەگوێرەی مۆدێل یان کۆمپانیای بەرهەمهێنەری ئامێرە هۆشمەندەکە، ڕەنگە کامیرا گرێ نەدرێت.
- چاک وایە کە ئامێرەکە بدەیت لە ڕووتەرێکی 5 گیگاهێرتز چونکە ڕەنگە کەشی بێتەلی دەوروبەری تۆ کاریگەری دابنێت لەسەر کارایی پەیوەندیەکە.
- ڕێژەی وەڵامدانەوە ڕەنگە بەپێی ژینگەی بەکاربەر جیاواز بێت.
- ئەگەر دوای چەند جار هەوڵدان پەیوەست نەبوو، تەلەفزیۆنەکە و ئەو ئامێرەکەی کە دەتەوێت پەیوەستی بکەیت بکوژێنەوە، پاشان هەڵیانبکەوە و دووبارە هەوڵ بدە.

# گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان بە بەکارهێنانی نیشانکردنی NFC

## گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان بە بەکارهێنانی نیشانکردنی NFC

پەیوەندی بواری نزیک (NFC) تەکنەلۆجیایەکە کە ڕێگەت پێدەدات بێ کێشە زانیاری بنێریت و وەربگریت بێ هیچ ڕێکبەندێکی جیا.
بە نزیک خستنەوەی ئامێرێکی هۆشمەند لە ڕیموت کۆنترۆڵی NFC چالاککراو دەتوانیت ئەپلیکەیشنی LG ThinQ دابمەزرێنیت و ئامێرەکە بە تەلەفزیۆن گرێ بدەیت.

01 لە ڕێکبەندەکانی ئامێرە هۆشمەندەکە NFC هەڵ بکە.
بۆ بەکارهێنانی NFC لەگەڵ ئامێرەکانی Android، بەربژاری NFC دیاری بکە بۆ چالاک کردنی خوێندنەوە/نووسینی نیشانەکان لە ڕێکبەندەکانی ئامێرە هۆشمەندەکە.
ڕەنگە ڕێکبەندەکانی NFC بە گوێرەی ئامێرەکە بگۆڕێن.

02 شاشەی ئامێری هۆشمەند هەڵ بکە و بیخە نزیک Nی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.
زۆرترین دووری بۆ نیشانکردنی NFC نزیکەی 1 سانتیمەترە.



03 پەیڕەوی ڕێنماییەکانی بکە بۆ دامەزراندنی ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لە سەر ئامێرە هۆشمەندەکەت.

04 دووبارە ئامێرە هۆشمەندەکەت بە ڕیموت کۆنترۆڵەکە نیشان بکە. LG ThinQ ڕێگەت پێدەدات گرێدان بە تەلەفزیۆنەکە بکەیت و سەیری ناوەڕۆکەکانی ئامێرە هۆشمەندەکەت بکەیت یان چێژ لە شاشەی ئامێرە هۆشمەندەکەت وەربگریت.

- هەندێک ووڵات پشتیوانی لە دامەزراندنی ئەپلیکەیشنی LG ThinQ بە نیشانی NFCی ناکەن. لەم حاڵەتەدا، ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لە App Store دابەزێنە.
- ئەم تایبەتمەندیە تەنها بۆ ئامێرە هۆشمەندەکانی NFC-چالاککراو بەردەستە.
- تایبەتمەندیە گرێدراوەکان لە ڕێگەی NFC ڕەنگە بەگوێرەی ئامێرە هۆشمەندەکە بگۆڕێن.
- ئەم تایبەتمەندیە تەنها ئەو کاتە بەردەستە ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە لۆگۆی NFCی هەبێت.
- هەندێک ڕیموت کۆنترۆڵ Nیان لە دواوەی کۆنترۆڵەکە هەیە.

# سەیرکردنی شاشەی ئامێری هۆشمەند لە سەر تەلەفزیۆن

## سەیرکردنی شاشەی ئامێری هۆشمەند لە سەر تەلەفزیۆن

01 دۆخی Screen Share لە سەر ئامێری هۆشمەند چالاک بکە.

02 تەلەفزیۆنەکەت لە لیستی ئەو ئامێرانەی کە هەن نیشان دەدرێت.

03 تەلەفزیۆنەکەت هەڵبژێرە و داوای پەیوەندی بکە.

04 لە پەنجەرەی داواکردنی پەیوەندی دا دوگمەی **پەسەندکردن** دەسنیشان بکە.

05 پاش جێبەجێکردنی پرۆسەی گرێدان، بینگەی ئامێری گرێدراو لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە نیشان دەدرێت.




❶ شوێنی شاشەی ئامێری هۆشمەند دەگۆڕێت.

❷ گۆڕین لە نێوان دەنگی تەلەفزیۆن و ئامێری هۆشمەند دەکات.

❸ دەتوانیت قەبارەی شاشەکە لە سەر ئامێرە هۆشمەندەکەت بگۆڕیت.

❹ شاشەی ئامێری هۆشمەند بە دۆخی پڕ شاشە نیشان دەدات.

❺ ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.
بۆ کوژاندنەوەی کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند، دوگمەی •••ی سەر ڕیمۆت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** دەسنیشان بکە.

- کاتێک بۆ یەکەم جار **Screen Share** گرێ دەدەیت، پەنجەرەیەک دەردەکەوێت کە ڕێگەت پێدەدات **پەسەندکردن**، **ڕەتکردنەوە**، یان **وەستاندن** دەسنیشان بکەیت.

- **پەسەندکردن** : دەتوانیت ئامێرەکە گرێ بدەیت. لە جاری دووەمدا هیچ پەنجەرەیەکی گرێدان دەرناکەوێت.
- **ڕەتکردنەوە** : ئامێرەکە گرێ مەدە. ئەگەر دووبارە هەوڵی گرێدان بدەیتەوە، پەنجەرەکە دەردەکەوێتەوە.
- **وەستاندن** : ئامێرەکە گرێ مەدە. تەنانەت ئەگەر دووبارە هەوڵی گرێدان بدەیتەوە، پەنجەرەکە دەرناکەوێتەوە و گرێدانەکە کار ناکات.
بۆ کوژاندنەوەی **وەستاندن**، بڕۆ بۆ ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **ئامێرەکان** ← **ئامێرە دەرەکییەکان** و **سڕینەوەی میژووی گرێدان**

دەسنیشان بکە.

- بەپێی ئەو ئەپە یان ڤیدیۆیە کە کراوەتەوە، ڕەنگە بەکارهێنانی شێوازی ئۆڤەرلەی سنووردار بێت.
- چاکتر وایە بەردەوام سیستەمی کارپێکردنی ئامێرەکەت نوێ بکەیتەوە بۆ ئەوەی بێ کێشە بدرێت لە تەلەفزیۆن.
- بەگوێرەی مۆدێل یان کۆمپانیای بەرهەمهێنەری ئامێرە هۆشمەندەکە، تایبەتمەندی Screen Share ڕەنگە پشتیوانی نەکرێت.
- چاک وایە کە ئامێرەکە بدەیت لە ڕووتەرێکی 5 گیگاهێرتز چونکە ڕەنگە کەشی بێتەلی دەوروبەری تۆ کاریگەری دابنێت لەسەر کارایی پەیوەندیەکە.
- ڕێژەی وەڵامدانەوە ڕەنگە بەپێی ژینگەی بەکاربەر جیاواز بێت.
- ئەمە لە ئامێرێکەوە بۆ ئامێرێکی تر جیاوازە. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو ئامێرەی کە دەتەوێت پەیوەستی بکەیت، ڕێنمای بەکارهێنەری ئەو ئامێرە بخوێنەوە.
- ئەگەر دوای چەند جار هەوڵدان پەیوەست نەبوو، تەلەفزیۆنەکە و ئەو ئامێرەکەی کە دەتەوێت پەیوەستی بکەیت بکوژێنەوە، پاشان هەڵیانبکەوە و دووبارە هەوڵ بدە.

# بڵاوکردنەوەی دەنگی ئامێرێکی هۆشمەند لەڕێگەی بڵندگۆ تەلەفزیۆنەوە

## بڵاوکردنەوەی دەنگی ئامێرێکی هۆشمەند لەڕێگەی بڵندگۆ تەلەفزیۆنەوە

لەڕێگەی Bluetooth ـەوە ئامێرێکی هۆشمەند لە تەلەفزیۆنەکە گرێ بدە بۆ ئەوەی دەنگی ئامێرە هۆشمەندەکە لەڕێگەی بڵندگۆی تەلەفزیۆنەکەوە بڵاو ببێتەوە.

01 Bluetoothی ئامێرە هۆشمەندەکە هەڵ بکە، پاشان لە لیستی ئامێرەکان دا تەلەفزیۆنەکە هەڵبژێرە.

02 تەلەفزیۆنەکە پەیوەست دەبێت بە ئامێرە هۆشمەندەکە.

- ئەگەر سپیکەری دەرچوو بۆ **ئامێری Bluetooth** دیاریکراوە یان مێژوویەکی سێتەپی هەیە، ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە لە لیستی ئامێرە هۆشمەندەکان نەدۆزرێتەوە.
- ئەگەر سپیکەری دەرچوو بۆ **ئامێری Bluetooth** دیاریکرا بێت، دوگمەی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بۆ ماوەیەک دابگرە بۆ کردنەوەی **داشبۆردی ماڵەوە** و **هاوبەشکردنی دەنگ** دەسنیشان بکە بۆ گرێدانی سپیکەرەکە.

# پەیوەستکردنی USB

## پەیوەستکردنی USB

ئامێرێکی خەزنکردنی USB (وەک هارددیسکی USB یان فلاشی USB) لە پۆرتی USBی تەلەفزیۆنەکە گرێ بدە بۆ

ئەوەی بتوانی لەسەر تەلەفزیۆنەکەت ئەو فایلانە ببینیت کە لەنێو ئامێری USB دا ن.

## هەندێ ڕێنمایی دەربارەی بەکارهێنانی ئامێری USB

- هەر ئامێرێکی پاشەکەوتی USB کە بەرنامەیەکی سەرخودی ناسینەوەی ئۆتۆماتیکی هەیە یان درایڤی خۆی بە کار بهێنێت، ڕەنگە لەلایەن تەلەفزیۆنەکەوە نەناسرێت.
- هەندێ ئامێری USB ڕەنگە پشتیوانی نەکرێن یان باش کار نەکەن.
- ئەگەر کابلی درێژکردنەوەی USB بە کار بهێنیت، لەوانەیە تەلەفزیۆنەکەت ئامێری USB نەناسێت یان باش کار نەکات.
- تکایە، تەنیا ئەو ئامێرانەی پاشەکەوتی USB بە کار بهێنە کە بە سیستمی فایلی FAT32 یان NTFSی سیستمی کارپێکردنی Windows فۆرمەت کراون. تەنها خوێندنەوە بۆ ئامێرەکانی هەمارگەی USB دەشێت کە بە شێوازی exFAT فۆرماتکراون.
- چاک وایە جۆرێک لە هارد دیسکی USBی دەرەکی بە کار بهێنیت کە پلەی ڤۆڵتاژی 5V یان کەمتر بێت و پلەی تەوژمی 500mA یان کەمتر بێت. ئەگەر ئامێرێک بەکاردێنیت کە ڤۆڵت/تەزووی زیاتر لە ڤۆڵت/تەزووی ئاسایی بەکاردێنێت، ڕەنگە بە دروستی کار نەکات بەهۆی کەمی تەزوو.
- وا باشە کە هەبێکی USB یان ئامێری هەمارگەی USB کارەبادار بەکاربێنیت.
- ئێمە پێشنیاری بەکارهێنانی ئامێرێکی هەمارگە بە توانای 32 گێگابایت دەکەین بۆ بیرگەی USB و 2 تێرابایت یان کەمتر بۆ هارد دیسکی USB دەکەین.
- ئەگەر هارد دیسکی USB ئامرازی دەسگرتن بە وزەوەی هەیە و باش کار ناکات، هارد دیسکەکە بکوژێنەوە و هەڵی بکەوە. بۆ زانیاریی زیاتر ناملکەی ڕێنمای هارد دیسکەکە بخوێنەوە.
- ئەگەری ئەوە هەیە کە دەیتای سەر ئامێری USB زیان ببینێت، لەبەر ئەمە چاک وایە کە کۆپیەک لە فایلە گرنگەکان هەڵبگریت. بەکارهێنەری خۆی بەرپرسیارە لە پاراستن و بەڕێوەبردنی دەیتای خۆی. بەرهەمهێنەر بە هیچ شێوەیەک بەرپرسیار نیە.
- لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی دابگرە. بۆ لابردنی ئامێری هەمارگەی USB، دوگمەی **جیاکردنەوە** دابگرە، کە لە سەرەوە دەردەکەوێت کاتێک جەخت دەکەیتە سەر ئامێری هەمارگەی USB کە دەتەوێت لای بدەیت. ئەگەر بەبێ هەڵبژاردنی دوگمەی **جیاکردنەوە** ئامێری USB لە تەلەفزیۆنەکە بکەیتەوە، مومکینە تەلەفزیۆنەکە یان ئامێری خزنکردن تووشی گرفتێک ببێت.
- کاتێک کە ئامێرێکی هەمارگەی USB سیستمێکی فایل گرێ دەدەیت کە پشتیوانی نەکراوە لەلایەن تەلەفزیۆنەکە بۆ پۆرتی **USB IN**، پەیامی فۆرمات دەردەکەوێت. بۆ بەکارهێنانی ئامێری هەمارگەی گرێدراو، پێویستە سەرەتا ئامێرەکە فۆرمات بکەیت.
فۆرماتکردن گشت داتای هەڵگیراوی سەر ئامێری هەمارگەی USB دەسڕێتەوە، و ئامێرەکەش بە سیستەمی فایلی NTFS و FAT32 فۆرمات دەکرێت.
- **داشبۆردی ماڵەوە** بخەکار لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە. لە بەشی **داشبۆردی ماڵەوە** دا ئامێری USBی پەیوەستکراو هەڵبژێرە و پاشان دوگمەی **فۆرمات** فشار بدە بۆ ئەوەی ئامێری پاشەکەوتی USB فۆرمات بکرێت.
- کاتێک ئامێرێکی USB پەیوەست دەکەیت، دەکرێت فایل یان فۆڵدەرێکی هەڕەمەکی دروست بکرێت بۆ دابینکردنی خزمەتەکانی تەلەفزیۆنی هۆشمەند وەک پاشەکەوت کردن و هێنانەوەی وێنە بچووکەکان (وێنۆکەکان).

# بەکارهێنانی پەخشکەری میدیا

# بەکارهێنانی **پەخشکەری میدیا**

دەتوانیت گەڕان بۆ وێنەکان بکەیت و سەیریان بکەیت یان ڤیدیۆ و گۆرانی بە ئەپلیکەیشنی **پەخشکەری میدیا** پەخش بکەیت.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⌂ فشار بدە.

02 ئەپی **پەخشکەری میدیا** بکەوە.

03 ئامێرێک لە لیستی ئامێر دەستیشان بکە بۆ بەکارهێنان.

04 ناوەڕۆک دەستیشان بکە بۆ پەخش کردن.




1 دەتوانیت ئامێرێکی گرێدراو بە تەلەفزیۆنەکەت دەستیشان بکەیت.

2 تەنها لە کاتی پەخشکردنی مووزیک نیشان دەدرێت. دابگرە بۆ دەسگەیشتن بە شاشەی پەخش کردنی مووزیک.

3 ئامرازی **گەڕان** بکەوە.

4 **جۆری بینین** : دۆخێکی نیشاندانی ناوەڕۆک دەستیشان دەکات.
**ڕیزبەندی** : بەرزاڕەکە دەستیشان بکە بۆ ڕیزبەستکردنی ناوەڕۆک.
**گروپ** : ئەگەر بەگوێرەی **مووزیک** فلتەری بکەیت، دەتوانیت ناوەڕۆکەکەن گروپ بکەیت بۆ جۆرەکانی وەک **هونەرمەند** و **ئەلبووم**.
**پەخشکردنی دەستیشانکراو** : دەتوانیت چەندین بەشی ناوەڕۆک دەستیشان بکەیت و پەخش بکەیت.
**کۆپیکردن** : هەروەها دەتوانیت فایلەکە کۆپی بکەیتە نێو ئامێرێکی خەزنکردنی USB.
**سڕینەوە** : دەتوانیت چەندین بەشی ناوەڕۆک دەستیشان بکەیت و بسڕیتەوە.
**ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.
**دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** : کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند دەکوژێنێتەوە.

5 ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

6 تەنها ناوەڕۆکی جۆری دەستیشانکراو نیشان دەدات.

- ناتوانیت ئەو فایلانەی کە لە ئامێری دیکەوە هاوبەش کراون بسڕیتەوە.
- ئایتمەکانی ڕێکبەندە جیاوازەکان بەردەستن بەگوێرەی فلتەرکردن یان ئەو مۆدێلەی دەستیشانی دەکەیت.
- ئەگەر کۆی ژمارەی ناوەڕۆکەکان زیاتر لە 40,000 بێت، ڕەنگە هەندێ ناوەڕۆک نیشان نەدرێن.

# سەیرکردنی وێنەکان

## سەیرکردنی وێنەکان

دەتوانیت وێنەیەک لە ئەپلیکەیشنی **پەخشکەری میدیا** دەستیشان بکەیت و وێنەکە ببینیت.
دەتوانیت تایبەتمەندی زیاتر بەکاربێنیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ▼ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە لە کاتی سەیرکردنی وێنەکە.




1. ناوەڕۆکی پێشووتر نیشان دەدات.
2. نمایشی سلاید دەست پێ دەکات.
3. ناوەڕۆکی داهاتوو نیشان دەدات.
4. وێنە دەسووڕێنێت.
5. وێنەکە فراوان یان کەم دەکاتەوە.
6. دەتوانیت وێنەی 360 دەرەجە بە شێوەی 360 دەرەجە ببینیت.
   - بەکارهێنانی پەخشکردنی VRی 360 ° بۆ وێنەی ئاسایی ڕەنگە وێنەکە بشێوێنێت.
   - ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
7. فایلێکی مووزیک پەخش دەکات کە لە ئامێری هەمارگە وەک مووزیکی پاشبنەما دەستیشانکراوە.
8. قەبارەی وێنەکە دیاری دەکات یان خێرایی یان کاریگەریەکانی سلایدشۆکە دەگۆڕێت.
   - ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# پەخش کردنی ڤیدیۆ

# پەخش کردنی ڤیدیۆ

دەتوانیت لە ئەپلیکەیشنی **پەخشکەری میدیا** ڤیدیۆیەك دەستنیشان بکەیت و ڤیدیۆکە پەخش بکەیت.
داگرتنی دوگمەکانی ◀/▶ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە ڕێگەت پێدەدات 10 چرکە بۆ دواوە/پێشەوە بچیت.
دەتوانیت دەسگەیشتنت بۆ تایبەتمەندی زیاتر هەبێت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ▼ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە لە کاتی پەخش کردنی ڤیدیۆیەک.




1. ڤیدیۆی پێشووتر نیشان دەدات.
2. ڤیدیۆکە پەخش دەکات یان ڕادەگرێت.
3. ڤیدیۆی داهاتوو نیشان دەدات.
4. دەتوانیت ڕێککردنەکانی ژێرنووس بگۆڕیت.
5. ڤیدیۆ دەسووڕێنێت.
6. بە خێراییەکی بەرزتر ڤیدیۆکە دەگەڕێنێتەوە دواوە.
7. دەتوانیت ئەم ڕێکبەندانە بکەیت کە پەیوەستن بۆ پەخش کردنی دووبارە بوونەوەی ڤیدیۆکە.
8. بە خێراییەکی بەرزتر ڤیدیۆکە بۆ پێشەوە دەبات.
9. دەتوانیت ڤیدیۆی 360 دەرەجە بە شێوەی 360 دەرەجە ببینیت.
   - بەکارهێنانی پەخشکردنی VRی 360 ° بۆ ڤیدیۆی ئاسایی ڕەنگە وێنەکە بشێوێنێت.
   - ڕەنگە هەندێک مۆدێل پشتیوانیکراو نەبن.
10. **بەردەوامیدان بە پەخشکردن** : دەتوانیت «درێژەدان بە تماشاکردن» ڕێک بکەیت بۆ ئەوەی لەو شوێنەوە کە دواییین جار بینیوتە درێژە بدەیت بە سەیرکردنی ڤیدیۆکە.
    **خێرایی پەخشکردن** : خێرایی پەخشی دووبارە دیاری دەکات.
    **تراکی دەنگی** : دەتوانیت تراکە دەنگیەکان ڕێک بخەیت.

# گوێ گرتن لە مووزیک

## گوێ گرتن لە مووزیک

دەتوانیت گۆرانیەک لە ئەپلیکەیشنی **پەخشکەری میدیا** دەستیشان بکەیت و گۆرانیەکە پەخش بکەیت.
دەتوانیت تایبەتمەندی زیاتر بەکاربێنیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ▼ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە لە کاتی پەخش کردنی گۆرانیەک.




1. دەتوانیت دۆخی پەخشکردنی هەڕەمەکی دیاری بکەیت.
2. دەتوانیت دۆخی پەخشکردنی دووبارەکردنەوە دیاری بکەیت.
3. تێکستی گۆرانیی ئەو فایلانەی مووزیک کە دابینی دەکەن لە بەردەستە.
   لە هەندێ فایلی مووزیک دا، دەتوانیت بەشێکی تێکستی گۆرانی هەڵبژێریت و پۆزیشنی پەخش بگۆڕیت.
   - ئامرازی تێکستی گۆرانی تەنها لە هەندێ ئامێر دا پشتیوانی دەکرێت.
   - بەپێی داتای تێکستی گۆرانی کە لەنێو فایلی مووزیک دا یە، لەوانەیە تێکستی گۆرانی هاوکات لەگەڵ گۆرانیەکە نیشان نەدرێت.
4. دەتوانیت لە حاڵێک دا کە شاشە کوژاوەتەوە گوێ بگریت لە مووزیک.
5. دەتوانیت خێرایی هۆنراوە دیاری بکەیت.
   - بەگوێرەی مووزیک، ڕەنگە ئەم تایبەتمەندیە پشتیوانی نەکرێت.

# هاوبەشکردنی ناوەڕۆکی کۆمپیوتەر

## لە سەر تەلەفزیۆن سەیری ناوەڕۆکی هەڵگیراوی سەر کۆمپیوتەر بکە

دەتوانیت لە سەر تەلەفزیۆن چێژ لە ڤیدیۆ/مووزیک/وێنەی هەڵگیراوی سەر کۆمپیوتەرەکەت وەربگریت کاتێک ئەم ئامێرانە بە هەمان تۆڕەوە گرێدراون.

## لە ناوەڕۆکەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت بگەڕێ بۆ سەیرکردنیان لە سەر تەلەفزیۆن (Windows 10)

01 تەلەفزیۆنەکەت و کۆمپیوتەرەکەت بە یەک تۆڕی وای-فای گرێ بدە.

02 کرتەی ڕاست لە سەر ئەو فایلە بکە کە دەتەوێت پەخشی بکەیت و "پەخش کردن بۆ ئامێر" دەسنیشان بکە.

03 ناوی ئەو تەلەفزیۆنە دەسنیشان بکە کە دەتەوێت لە لیستی نیشاندراو سەیری بکەیت، و پەخشکردنەوە لە سەر تەلەفزیۆن دەستپێدەکات.

- تەنانەت کاتێ کە چەندین تەلەفزیۆن یان ئامێر کۆنێکت کراون، فایلی هەڵبژێردراو تەنیا لەسەر یەک ئامێر پەخش دەکرێت. بەپێی دۆخی پەیوەندیی تۆڕ ڕەنگە خیرایی پەخش جیاواز بێت.
- بۆ پەخش کردن لە سەر سیستەمی کارپێکردن یان ئامێری تر، سەیری ناوەلکەی سیستەمی کارپێکردن/ئامێر بکە.

## لە ناوەڕۆکی هەڵگیراوی سەر کۆمپیوتەر بگەڕێ بە بەکارهێنانی تەلەفزیۆن سەیری بکە (Windows 10)

01 تەلەفزیۆنەکەت و کۆمپیوتەرەکەت بە یەک تۆڕی وای-فای گرێ بدە.

02 پێرستی "دەستپێک" لە سەر شاشەی کۆمپیوتەر بکەوە، بە دوای "بەربژارەکانی تەوژمکردنی میدیا" بگەڕێ و ئینجا ئەو ئەنجامە دەسنیشان بکە کە دەردەکەوێت.

03 دوگمەی "هەڵکردنی تەوژمکردنی میدیا" لەو پەنجەرەیەی دەبێتەوە دەسنیشان بکە.

04 ڕێگە بە گشت "بەربژارەکانی تەوژمکردنی میدیا" بدە.

05 بۆ هەڵگرتنی ڕێکبەندەکان "باشە" دەسنیشان بکە.

06 لە ئەپلیکەیشنی **داشبۆردی مالّەوە**ی سەر تەلەفزیۆنەکە کۆمپیوتەری گرێدراو دەسنیشان بکە، و ئینجا ئەو فایلەی دەتەوێت دەسنیشانی بکە و پەخشی بکە.

- بۆ پەخش کردن لە سەر سیستەمی کارپێکردن یان ئامێری تر، سەیری ناوەلکەی سیستەمی کارپێکردن/ئامێر بکە.

## ئەو بابەتانەی کە پێویستیان بە سەرنجدان بە Content Share هەیە

- ئەگەر بژاردەی هاوبەشکردنی ناوەڕۆک باش کار ناکات، ڕێکخستنەکانی تۆڕ بپشکنە.
- ڕەنگە لە تۆڕی بێتەل دا بە باشی کار نەکات. چاک وایە تۆڕی تەلدار بە کار بهێنیت.
- بەپێی دۆخ و کەشی تۆڕ ڕەنگە باش کار نەکات.
- ئەگەر چەندین تەلەفزیۆن درابێتن لە یەک ئامێر، بەپێی کارایی سێرڤەر، ڕەنگە ناوەڕۆکەکان بە باشی پەخش نەکرێنەوە.
- بۆ سەیرکردنی ڤیدیۆیەکی 1080p لە ڕێگەی کرداری هاوبەشکردنی ناوەڕۆک، ڕاوتەرێک پێویستە کە لەرەلەری 5 GHz بەکاربێنێت. ئەگەر ڕاوتەری ئێستای GHz 2.4 بەکاردێنیت، ڕەنگە ڤیدیۆکە دوابکەوێت یان بە دروستی پەخش نەکرێت.
- لە ڕووتەرێک دا کە لە multi-cast پشتیوانی ناکات، ڕەنگە لە ئامرازی Content Share پشتیوانی نەکرێت. بۆ زانیاریی زیاتر، سەردانی ڕێنمای بەکارهێنەری ڕووتەرەکەت بکە یان پەیوەندی بکە بە بەرهەمهێنەرەکەی.
- ژێرنووس تەنیا لە هەندێ ئامێری کۆنێکتکراو دا پشتیوانی دەکرێت.
- ئەگەر دواتر فایلێکی ژێرنووست زیادکردووە، فۆڵدەری هاوبەشکراوی سەر کۆمپیوتەرەکە ناچالاک بکە و ئینجا دووبارە چالاکی بکەوە.

- فایلی DRMی نێو ئامێری پەیوەستکراو پەخش ناکرێت.
- تەنانەت بۆ ئەو فۆرمەتی فایلە کە تەلەفزیۆنەکە پشتیوانیی لێ دەکات، لەوانە یە بەپێی کەش و شوێنی ئامێری کۆنێکتکراو فۆرماتی فایلی پشتیوانیکراو جیاواز بێت.
- ئەگەر کۆمەڵێکی زۆر فۆلدەر یان فایل لەنێو فۆلدەرێک دا بن، رەنگە بە باشی کار نەکات.
- رەنگە زانیاریەکانی ئەو فایلانە کە لە ئامێری پەیوەستکراوەوە هاوردە کراون دروست نیشان نەدرێن.
- بەپێی شێوازی کۆدکردن، ڕەنگە هەندێ ناوەڕۆک لە شێوازی هاوبەشکردنی ناوەڕۆک دا پەخش نەکرێن.

# سەیرکردنی شاشەی کۆمپیوتەر لە سەر تەلەفزیۆن

## سەیرکردنی شاشەی کۆمپیوتەر لە سەر تەلەفزیۆن

### پەیوەندیی بێتەل (Windows 10)

01 کرتە لە سەر ئایکۆنی ناوەندی ئاگانامەی سەر میلی ئەرکی شاشەی کۆمپیوتەرەکە بکە و گرێدان دەسنیشان بکە.

02 ئەو تەلەفزیۆنە دەسنیشان بکە کە دەتەوێت گرێدانی پێوە بکەیت و داوای گرێدان بکە.

03 لە دوای دامەزراندنی گرێدانەکە، تەلەفزیۆنەکە شاشەی کۆمپیوتەری گرێدراو نیشان دەدات.

- چاکتر وایە بەردەوام سیستەمی کارپێکردنی ئامێرەکەت نوێ بکەیتەوە بۆ ئەوەی بێ کێشە بدرێت لە تەلەفزیۆن.
- چاک وایە لە نزیکەوە ئەم ئامرازە بە کار بهێنیت.
- خێراتر Screen Share بخەکار لە ڕێگەی گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکەت یان کۆمپیوتەرەکەت بە هەمان تۆڕی تەلەفزیۆنەکە.
- ئەگەرچی دەکرێت بەبێ ڕووتەری بێتەل کۆنێکتی بکەیت، چاک وایە کە ئامێرەکەت کۆنێکت بکەیت بە ڕووتەرێکی 5 گیگاهێرتز چونکە کەشی بێتەلی دەوروبەر دەتوانێت کاریگەریی خراپ دابنێت لەسەر کارایی ئەو.
- ڕێژەی وەڵامدانەوە ڕەنگە بەپێی ژینگەی بەکاربەر جیاواز بێت.
- ئەمە جیاوازە لە وەشانی Windows. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو ئامێرەی کە دەتەوێت پەیوەستی بکەیت، ڕێنمانی بەکارهێنەری ئەو بخوێنەوە.
- ئەگەر دوای چەند جار هەوڵدان پەیوەست نەبوو، تەلەفزیۆنەکە و ئەو ئامێرەکەی کە دەتەوێت پەیوەستی بکەیت بکوژێنەوە، پاشان هەڵیانبکەوە و دووبارە هەوڵ بدە.

### پەیوەندیی تەلدار

01 بە بەکارهێنانی کێبڵی HDMI کۆمپیوتەرەکەت بە تەلەفزیۆنەکە گرێ بدە.

02 سەرچاوەی ئینپوتی ئێستا بۆ ئەو پۆرتە بگۆڕە کە کێبڵی HDMI لە ⌂ ← **داشبۆردی مااڵەوە** گرێدراوە.

03 لە دوای دامەزراندنی گرێدانەکە، تەلەفزیۆنەکە شاشەی کۆمپیوتەری گرێدراو نیشان دەدات.

- ئەگەر کێشەیەک لە گرێدانەکەت هەیە، سەیری **دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان←چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی**

# وەرگرتنی زۆرترین سوود لە تەلەفزیۆنی هۆشمەند

## بەکارهێنانی هاوبەشکردنی ژوور بۆ ژوور

### بەکارهێنانی هاوبەشکردنی ژوور بۆ ژوور

لە ڕێگەی گرێدانی چەند تەلەفزیۆنێکی گرێدراوە بە هەمان تۆڕ، دەتوانیت ڤیدیۆ لە تەلەفزیۆنەکانی تر وەربگریت.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⌂ فشار بدە.

02 ئەپی **هاوبەشکردنی ژوور بۆ ژوور** بکەوە.

03 **گرێدانی تەلەفزیۆن** دەسنیشان بکە و پەیڕەوی ڕێنماییەکانی سەر شاشە بکە بۆ گرێدان.




1. دەتوانیت سەیری ئەو تەلەفزیۆنە بکەیت کە ئێستا بەکاری دێنیت.
2. دەچێتە ناو شاشەی بژارکردن. دەتوانیت تەلەفزیۆنە گرێدراوەکە ببینیت و گرێدانەکە بلۆک بکەیت یان بسڕیتەوە.
3. دەتوانیت تەلەفزیۆنێک دەسنیشان بکەیت کە لێیەوە شاشە بێنیت. لە ڕێگەی داگرتنی **گرێدانی تەلەفزیۆن**، هەروەها دەتوانیت ئامێرە نوێیەکە گرێ بدەیت.
4. گرێدان بە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

- ڕەنگە تایبەتمەندی **هاوبەشکردنی ژوور بۆ ژوور** بێ ئاگادارکردنەوە بپچڕێنرێت.
- بەگوێرەی مۆدێلەکە، ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندی بەردەست نەبن.
- تەنها ئەو مۆدێلانەی پشتیوانی لە تایبەتمەندی **هاوبەشکردنی ژوور بۆ ژوور** دەکەن دەکرێت گرێ بدرێن و بەکاربێن.

- دەکرێت تا پێنج گرێدان بە یەک تەلەفزیۆنەوە بکرێن.
- ڕەنگە کردارەکە سانا نەبێت، بەگوێرەی ڕێکبەندەکان یان ژینگەی تۆڕەکە.
  ئەو تەلەفزیۆنانەی دەتەوێت گرێدانیان پێوە بکەیت پێویستە بە هەمان تۆڕەوە گرێدرا بن.
  ئەگەر تایبەتمەندیەکە بە دروستی کار ناکات، تکایە سەیری ڕێکبەندەکانی تۆڕ و ڕێکبەندەکانی WOL ـی ڕاوتەرەکە بکە.
  بەگوێرەی ئەدای ڕاوتەرەکە، کوالێتی وێنە یان کوالێتی دەنگی ڤیدیۆی گوازراوە ڕەنگە تێک بچێت.
- کوالێتی وێنە یان کوالێتی دەنگی ڤیدیۆی گوازراوە ڕەنگە لە ڤیدیۆی ڕەسەن کەمتر بێت.
- لە کاتی گرێدان بە ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لە **گرێدانی تەلەفزیۆن**، گشت ئەو تەلەفزیۆنانەی لەگەڵ **هاوبەشکردنی ژوور بۆ ژوور** بەکاردێن پێویستە بۆ هەمان ئەژمێری LG ThinQ تۆمارکرا بن.
- تەنها دەکرێت لە سەر ئەو تەلەفزیۆنە سەیر بکرێت کە شاشەی هەیە.
  ڕەنگە پەخشە وەرگیراوەکان لە کاتی سەیرکردن سنووردارکردنی هەبێت.
  بۆ هەندێک پەخش، ناتوانیت شاشە بنێریت یان وەربگریت.
- ئەو تەلەفزیۆنەی ڤیدیۆکەی وەرگرتووە خودکارانە شاشەکە هەڵدەکات، و ئەو تەلەفزیۆنەی کە ڤیدیۆکەی ناردووە خودکارانە دەکوژێتەوە.

# وەرگرتنی زۆرترین سوود لە گەلەری هونەر

## وەرگرتنی زۆرترین سوود لە **گەلەری هونەر**

دەتوانیت چێژ لە وێنەی پێناسە بەرزی پێشکەشکراو بۆ هەر تێمێک وەربگریت.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⌂ فشار بدە.

02 ئەپی **گەلەری هونەر** بکەوە.




1 وێنە سەرخۆکانی تایبەتی هەر تێم ببینە.

2 دەتوانیت پێشتر سەیری زانیاری و وێنەی تێمی فۆکەسکراو بکەیت.

3 دەتوانیت تێمێکی دابەزێنراو بسڕیتەوە یان تێمی خوازراو دەسنیشان بکەیت بۆ پەخش کردن.

4 ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

بۆ کۆژاندنەوەی کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند، دوگمەی ••• ی سەر ڕیمۆت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** دەستنیشان بکە.

# کردنەوەی ئینتەرنێت لە سەر تەلەفزیۆن

## بەکارهێنانی **گەڕاڵی وێب**

کاتێک کە ناونیشانی وێب لە نێو خانەی URL داخل دەکەیت دەتوانیت بچیتە نێو وێبسایتەکە.
ئەگەر وشەی گەڕان داخل بکەیت،لە نێو مۆتۆڕی گەڕان دا دەربارەی وشەی گەڕانی تۆ زانیاری دەدۆزێتەوە.

01 لە سەر ڕیمۆت کۆنترۆڵ دوگمەی فشار بدە.

02 ئەپلیکەیشنی **گەڕاڵی وێب** بکەوە.

03 ناونیشانی وێبسایتەکە لە میلی ناونیشانی سەرەوەی شاشەکە بنووسە بۆ گەڕان، یان ڕاستەوخۆ چەمکێکی گەڕان بنووسە. هەر خشتەبەندێکی کراوەی پێشووتر ببینە، لە ڕێگەی داگرتنی ژمارەکەی تەنیشتی میلی ناونیشان. شاشەی خشتەبەندی نوێ لیستێکی **مااڵپەڕە پێشنیارکراوەکان** و **سایتە زۆرترین سەردانکراوەکان** پێشکەش دەکات. ئەگەر ناتەوێت **مااڵپەڕە پێشنیارکراوەکان** نیشان بدرێت، تایبەتمەندی ⋮ ← **ڕێکبەندەکان** ← **مااڵپەڕە پێشنیارکراوەکان نیشان بدە** بۆ **کۆژاندنەوە** دیاری بکە. **مااڵپەڕە پێشنیارکراوەکان** ڕەنگە بە گوێرەی وڵات بگۆڕێت و تەنها لە چەند وڵاتێک بەردەستن.

- : دەتوانیت ئەو لاپەڕەی وێبەی سەیری دەکەیت تازەی بکەیتەوە.
- لە سەر شاشەکە ⋮ دەستنیشان بکە. دەتوانیت گەورەکردن یان بچووک کردنەوە بکەیت لە کاتی گەڕان لە وێبسایتەکە.

### **ڕێکلامەکان ڕابگرە**

دەتوانیت ڕیکلامی ناو لاپەڕەی وێب بلۆك بکەیت کە سەیریان دەکەیت.
هەرچۆنێک بێت، ئەم دوگمەیە تەنها ئەو کاتە نیشان دەدرێت ئەگەر تایبەتمەندی ⋮ ← **ڕێکبەندەکان** ← **بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە** دیاریکرا بێت بۆ **هەڵکردن**.

### **دیمەنی تەلەفزیۆن**

شاشەکە لەت بکە بۆ نیشاندانی شاشەکەی تەلەفزیۆن. دەتوانیت لە لاپەڕەکانی وێب بگەڕێیت لەو کاتە سەیری تەلەفزیۆن دەکەیت.

### **مێژوو**

دەتوانیت سەیری مێژووی سەردانیکردنی وێبسایت بکەیت یان بیسڕیتەوە.

### **زیادکردن بۆ نیشانگەکان**

دەتوانیت ئەو وێبسایتەی ئێستا سەیری دەکەیت بۆ دڵخوازەکانی خۆتی زیاد بکەیت.

### نیشانگەی

دەتوانیت سەیری لیستیی وێبسایتەکان بکەیت یان بیانسڕیتەوە کە بۆ دڵخوازەکانی خۆت زیادت کردوون.

### ڕێکبەندەکان

دەتوانیت ڕێکبەندەکانی وێبگەڕ بگۆڕیت.

### ڕێنمای بەکارهێنەر

ئامرازی **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکەوە.

### دەرچوون لە ئەپلیکەیشن

کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند دەکوژێنێتەوە.

- : ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- ئەپلیکەیشنی **گەڕاڵی وێب**ـی سەر تەلەفزیۆنەکەت وێبگەڕێکی تەلەفزیۆنە، بۆیە ڕەنگە بە شێوەیەکی جیاوازتر لە وێبگەڕی تەلەفزیۆنەکەت کار بکات.

  - ڕەنگە هەندێک ناوەڕۆک بە دروستی پەخش نەکرێن.
  - وردەئامرازی فلاش پشتیوانیکراو نیە، تەنها میدیای HTML5 پشتیوانیکراوە.
  - دامەزراندنی وردەئامراز پشتیوانیکراو نیە.
  - میدیای بە فۆرماتی تر جگە لە JPEG/PNG/GIF ڕەنگە پەخش نەکرێت.
  - ڕەنگە ئەپلیکەیشنەکان ناچار بکرێن بکوژێنرێنەوە ئەگەر تەلەفزیۆنەکە بیرگەی نەمێنێت.
  - فۆنتە دانراوەکانی ناو تەلەفزیۆنەکە بەکاردێن. بەگوێرەی ناوەڕۆکەکەت، ڕەنگە نووسەکان جیاوازتر دەربکەون بەراورد بە وێبگەڕی کۆمپیوتەر یان مۆبایل.
  - دابەزاندنی فایل و فۆنت پشتیوانیکراو نین.
  - ئاگاداری پێویستە هەبێت لەبەرئەوەی ماڵپەڕی زیانبەخش یان فیشینگ خودکارانە بلۆک دەکرێن.
  - ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندی وێبگەڕ بە شێوەی کاتی پشتیوانی نەکرێن بە هۆی هۆکاری دەرەکی.

- وێبسایتەکە دەکرێت بکرێتەوە لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی **گەڕاڵی وێب**ی تەلەفزیۆنەکە، بۆیە پێویستە ئاگادار بیت دەربارەی دەسگەیشتنی منداڵان بۆ ناوەڕۆکی سەرهێڵی زیانبەخش.
  دەتوانیت ئەپلیکەیشنی **گەڕاڵی وێب** قوفڵ بدەیت بۆ ڕێگری کردن لە دەسگەیشتن بۆ ناوەڕۆکی سەرهێڵی زیانبەخش.
  لە ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **سەلامەتی** ← **قوفڵکردنی کاربەرنامەکان** دا ڕێککردنەکان دیاری بکە.
- ئەگەر تووشی کێشە بیت لەکاتی بەکارهێنانی **گەڕاڵی وێب**، سەیری **دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

## گۆڕینی ڕێکبەندەکانی گەڕاڵی وێب

ڕێکبەندەکان ← دەستنیشان بکە لە سەرەوەی ئەپلیکەیشنی **گەڕاڵی وێب**.

### لەکاتی دەستپێک

دەتوانیت ئەو لاپەڕەیە هەڵبژێریت کە لە کاتی دەستپێکردنی ئەپلیکەیشنی **گەڕاڵی وێب** دەردەکەوێت.

### بزوێنەرەکانی گەڕان

دەتوانیت بزوێنەرێکی گەڕان دەستنیشان بکەیت بۆ گەڕان لە کاتی نووسینی ووشەیەکی سەرەکی لە میلی ناونیشان.

- بەپێی بارودۆخی دابینکەر، لەوانەیە ڕێککردنەکانی مۆتۆڕی گەڕان بگۆڕدرێت بێ ئەوەی تۆ ئاگادار بکرێیتەوە.

### ماڵپەڕە پێشنیارکراوەکان نیشان بدە

دەتوانیت ئەوە دیاری بکەیت لیستێکی **ماڵپەڕە پێشنیارکراوەکان** لە سەر شاشەی خشتەبەندی نوێ نیشان بدرێت یان نیشان نەدرێت.

### هەمیشە میلی ناونیشان پیشان بدە

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، ناوچەی میلی ناونیشان و پێرستی سەرەوە گشت کاتێك نیشان دەدرێن.

### ڕاپۆرتی کێشەی وێبگەڕی بەشێوەی خودکار

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاریکراوە، ئەگەر شکستێک ڕوو بدات (خراپ کارکردن، شکستی پەخش کردنەوەی میدیا، شکستی بارکردنی لاپەڕە، کۆژانەوەی نائاسایی، دواکەوتنی وەڵامی کەمی بیرگە، هتد.) لە کاتی بەکارهێنانی وێبگەڕ، زانیاری پەیوەندیدار خودکارانە بۆ تیمی پەرەپێدانی وێبگەڕ دەنێردرێت لە بارەگای سەرەکی LG Electronics (کۆریا). زانیاری نێردراو تەنها بۆ باشترکردنی ئەدای وێبگەڕەکە بەکاردێت.

### بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، ئەگەر ⋮ دابگریت لە سەرەوەی **گەڕاڵی وێب**، دوگمەیەک بۆ هەڵکردن یان کۆژاندنەوەی **بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە** لە سەر شاشەکە دەردەکەوێت. هەڵکردنی تایبەتمەندی **بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە**بارکردنی لاپەڕە خێرا دەکات لە ڕێگەی بلۆککردنی ڕیکلامەکانی ناو وێبسایتەکە.

### فلتەرکردنی سایت

دەتوانیت وێبسایتەکان تۆمار بکەیت بۆ بلۆککردن یان ڕێپێدان.
**سایتە پەسەندکراوەکان** : دەتوانیت ڕێککردنەکان بە جۆرێک دیاری بکەیت کە تەنها ئەو وێبپەڕانە بکاتەوە کە پێشتر تۆمار کراون.
**ماڵپەڕ (سایت)ە داخراوەکان** : دەتوانیت ڕێککردنەکان بە جۆرێک دیاری بکەیت کە ڕێگە بە کردنەوەی هەندێ سایتی دیاریکراو نەدات.

- بۆ بەکارهێنانی ئامرازی **فلتەرکردنی سایت**، پێویستە تێپەڕوشەی تەلەفزیۆنەکەی پێ بدەیت.

### قوفڵکەری پەنجەرۆچکە

پەنجەرەکان بلۆک دەکات کە خودکارانە لەلایەن لاپەڕەکانی وێبەوە نیشان دەدرێن.

### گەڕاڵی تایبەت

ئەگەر بۆ **هەڵگردن** دیاریکرا بێت، مێژوویەکی سەردانیکردنی وێبسایتەکان جێناهێڵێت.

### شوێنی مەکەوە

دەتوانیت داوا لە وێبسایتەکە بکەیت کە مێژوویەکی سەردانیەکەت بەجێ نەهێڵێت. ڕەنگە کردارەکە بگۆڕێت بەگوێرەی سیاسەتی وێبسایتەکە.

### Adaptive Streaming بە بەکارهێنانی JavaScript

تەکنەلۆجیای تەوژمکردنی میدیا کە JavaScript بەکاردێنێت ڕێگەت پێدەدات ئەو ڤیدیۆیانە ببینیت کە وردبینیان باشترکراوە.
ئەگەر ئەمە لەسەر **کوژاندنەوە** دابنرێت، ڕێزۆلووشنی ئەو ڤیدیۆیە کە لە **گەڕاڵی وێب** دا پەخش دەکرێتەوە بە 720p سنووردار دەکرێت.

### ڕێکبەندەکانی کووکی

وێبسایتەکە چالاک دەکات بۆ هەمارکردن و بەکارهێنانی داتای کووکی.

### داتای گەڕان بکەوە

**کووکیەکان بسڕەوە** : داتای کووکی دەسڕێتەوە. کاتێک دەسڕدرێتەوە، لە زۆرینەی ماڵپەڕەکان دەردەچیت.
**هەموو زانیاریەکانی گەڕان بسڕەوە** : گشت مێژووی گەڕان دەسڕێتەوە، بەڵەخۆگرتنی کووکیش.

# کۆبوونەکردنی ڤیدیۆیی

## کۆبوونەکردنی ڤیدیۆیی

دەتوانیت کۆبوونەوەیەکی ڤیدیۆیی لە ڕێگەی گرێدانی کامێرا بە تەڵەفزیۆنەکەت ئەنجام بدەیت.

01 کامێراکە بە پۆرتی **USB IN** گرێ بدە.

02 دەست بە کۆبوونەوەیەکی ڤیدیۆیی بکە بە بەکارهێنانی **گەڕاڵی وێب** یان ئەپلیکەیشنەکە.

- ڕەنگە ئەم کردارە لە هەندێک وڵات یان لە هەندێک مۆدێڵ بەردەست نەبێت.
- بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە پێویستە پەیوەست ببیت بە ئینتەرنێت.
- کامێرای کۆبۆونەوەی ڤیدیۆیی پێویستە بە جیاواز بکرێردرێت.
وا ڕێنمایی دەکرێت کە لەگەڵ بەرهەمێک بەکاربهێندرێت کە بۆ سازبوون لەگەڵ بەرهەمەکانی LG تاقیکرابێتەوە.
Amcrest AWC496/AWC195-B, Logitech BRIO/C920/C920c/C920e/C920s/C920x/C922 Pro/C922x/C925e/C930c/C930e
- بۆ وەسفێکی تێروتەسەڵی کردارەکانی کامیرا، سەیری ناملیکەی ئامێرەکە بکە.

- لەکاتی بەکارهێنانی هابی USB یاخود کێبڵی درێژکراوە ، لەوانەیە ئامێری USB بەباشی کار نەکات.
- ماڵپەڕەکانی کۆبوونەوەی ڤیدیۆیی دەکرێت لە سەر ⌂ ← **گەڕاڵی وێب ماڵپەڕە پێشنیارکراوەکان** بدۆزرێنەوە، و ئەپلیکەیشنەکان لە سەر **Apps** دەست بخرێن. بەگوێرەی بارودۆخەکانی دابینکەری خزمەتگوزاری، بەکارهێنانی ماڵپەڕی کۆبوونەوەی ڤیدیۆیی یان ئەپلیکەیشن ڕەنگە هەڵپەسێردرێت یان بگۆڕێت.

# بۆ بەکارهێنانی گەڕیدەی جادوویی

## بۆ بەکارهێنانی گەڕیدەی جادوویی

دەتوانیت بە سانایی گەڕانیک ئەنجام بدەیت لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنە جیاوازەکان لە سەر بنەمای زانیاری دەق یان ڤیدیۆی سەر شاشە.

01 دەکرێت گەڕیدەی جادوویی بەکار بێت ئەگەر ڕەنگی نیشاندەری مەجیک ڕیموت بگۆڕێت (بۆ نموونە، بۆ ).

02 دوگمەی **چەرخ (OK)**ی سەر وێنەکە بۆ ماوەیەک دابگرە ئەگەر سەیری پەخشێک دەکەیت، یان لە سەر دەقەکە ئەگەر ئەپلیکەیشنەکانی **ڕێنوێنی**، **ڕێکبەندەکان**، **ئاگاداری وەرزش** یان **گەڵەری هونەر** بەکاردێنیت.

03 لە سەر شاشەی پەخشەکە، وشە سەرەکیە پەیوەندیدارەکان بە پرۆگرامەکە دەردەکەون.
لە سەر دەقی ئەپلیکەیشنەکە، ئایکۆنێک دەردەکەوێت کە ڕێگەت پێدەدات بۆ ئایتمێک بچیت، وەک گەڕاڵی وێب یان گەڕان.

04 ئایتمێک هەڵبژێرە بۆ بەکارهێنان.

- دەتوانیت ئایتمێک بجووڵێنیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەکانی ▲/▼/◀/▶ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.

05 دەتوانیت لە گەڕیدەی جادوویی دەربچیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ↩ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.







- هەروەها دەتوانیت ئەم تایبەتمەندیە بەکاربێنیت لە ڕێگەی داگرتن و ڕاگرتنی دوگمەی **OK**ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵی ستاندەر.
- تایبەتمەندیە بەردەستەکان بەگوێرەی هەرێم یان خزمەتگوزاری دەگۆڕێن.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# بەکارهێنانی ئاگاداری وەرزش

## بەکارهێنانی ئاگاداری وەرزش

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⌂ فشار بدە.

02 ئەپی **ئاگاداری وەرزش** بکەوە.

03 تیم/یاریزانی من تۆمار بکە بۆ سەیرکردنی خشتەی یاریزان و ئەنجامەکانی کات-بە-کات.

- ڕەنگە خشتە یان دۆخی یاری جیاواز بێت لە دانە ڕاستەقینەکان بەگوێرەی بارودۆخی دابینکەری داتا.
- ڕەنگە ئاگادارکردنەوەی کاتی ڕاستەقینە بەردەست نەبێت لە کاتی بەکارهێنانی چەند ئەپلیکەیشنێک.
- ئەم تایبەتمەندیە تەنها لە کاتی گرێدانی تۆڕ بەردەستە.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# Live Plus

## بەکارهێنانی کرداری Live Plus

**Live Plus** ئەزموونێکی باشترکراوی سەیرکردن پێشکەش دەکات کە پەیوەستە بە ناوەرۆکەی سەیری دەکەیت بەلەخۆگرتنی سەیرکردنی زانیاری زیاتر، بەشداریکردن لە پێشهاتەکان، کارلێککردن لەگەڵ ڕێکلام، هتد.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

02 ئەمە هەڵبژێرە: ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر**.

03 **Live Plus** بخەنە سەر دۆخی **هەڵکردن**.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- بۆ ناچالاککردنی ئەم تایبەتمەندیە لە Live Plus، بڕۆ بۆ ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** و **ڕێکلامی ڕاستەوخۆ** دیاری بکە بۆ **کوژاندنەوە**. ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- هێشتا دەتوانیت دەسگەیشتنت بۆ هەندێک تایبەتمەندیەکانی **Live Plus** هەبێت لە کاتی بەکارهێنانی ئامێرە دەرەکیەکانی وەک ئامێری کردنەوەی کۆد.
- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵێکی جیهانی سێتەپ بکەیت، دەتوانیت **Live Plus** بەکاربێنیت تەنانەت کاتێک ئامێرە دەرەکیەکانیش بەکاردێنیت.
- ئەم خزمەتگوزاریە پێشکەشکراوە تەنها بۆ دەستیشان کردنی ناوەرۆک لەگەڵ هاوبەشە گرێبەست لەگەڵکراوەکان.

# ڕێکبەندەکان

# ڕێکبەندە خێرا

## بۆ خێرا بەکارهێنانی ئامرازی 'ڕێککردن'

خێرا و ئاسان، کۆمەڵێک ئامرازی کۆنترۆڵ وەک **دۆخی وێنە**، **دەنگ بۆ دەرەوە**، و **کاتگری نووستن** نیشان دەدات.

لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.




1. دەتوانی **دۆخی وێنە** ڕێک بکەیت.
2. دەتوانی **دۆخی دەنگی** ڕێک بکەیت.
3. دەتوانی **دەنگ بۆ دەرەوە** هەڵبژێریت.
4. بۆ ڕێکبەندەکانی **باشترکەری یاری** ئاڕاستە دەکات.
5. دەتوانی **کاتگری نووستن** ڕێک بکەیت.
6. بۆ ڕێکبەندەکانی **تۆڕ** ئاڕاستە دەکات.
7. دەتوانی بژاردەی زۆرتر ڕێک بکەیت.
   - هەروەها دەتوانیت دوگمەی ⚙ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بۆ ماوەیەک دابگریت بۆ ڕاستەوخۆ بەکارخستنی گشت ڕێکبەندەکان.
8. بۆ ڕێکبەندەکانی **چاودێری OLED** ئاڕاستە دەکات.
   - ئەم تایبەتمەندیە تەنها بۆ تەلەفزیۆنی OLED بەردەستە.
9. دەتوانیت ئایتمە خێراکان زیاد بکەیت/بسڕیتەوە یان ڕیزبەندی ئایتمەکان بگۆڕیت.

- بۆ ئایتمێک بڕۆ کە دەکرێت سێتەپ بکرێت، یەک جار دوگمەی **چەرخ (OK)**ی ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە، و ئینجا دوگمەی **چەرخ (OK)** بۆ ماوەیەک دابگرە بۆ چوون بۆ پێڕستەکە.

## داشبۆردی یاری

لە ماوەی یاریەک، دەتوانیت بە خێرایی چەشنی یاری بگۆڕیت و لە کاتی ڕاستەقینە سەیری دۆخی ڕێکبەندەکان بکەیت.

لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

- کاتێک کۆنسۆلێکی یاری گرێ دەدەیت و یاریەکە دەخەیتە کار، **گشتی** ← **باشترکەری یاری** بۆ **هەڵکراو**، و **وێنە** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** بۆ **باشترکەری یاری** دەگۆڕێت. ئەگەر داشبۆردی یاری نیشان نەدرێت، تکایە سەیری هەر یەک لە ڕێکبەندەکان بکە.




1 دەتوانیت شاشەکە ڕێک بخەیت بەگوێرەی چەشنی یاریەکە.

2 سیگناڵەکانی کاتی ڕاستەقینە و بەهاکانی ڕێکبەندی جۆری دەسنیشانکراو نیشان دەدرێن.

- ڕەنگە ئایتمە نیشاندراوەکان بەگوێرەی مۆدێل بگۆڕێن.

3 دەتوانی بژاردەی زۆرتر ڕێک بکەیت.

- هەروەها دەتوانیت دوگمەی ⚙ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بۆ ماوەیەک دابگریت بۆ ڕاستەوخۆ بەکارخستنی گشت ڕێکبەندەکان.

4 بۆ ڕێکبەندەکانی **باشترکەری یاری** ئاڕاستە دەکات.

- بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ڕێکبەندەکان** ← **باشترکەری یاری** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

5 ئامرازی **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکەوە.

# وێنە

### هەڵبژاردنی شێوازی وێنە

⚙ ← ● ← **وێنە** ← **دۆخی دەسنیشانکردن**

ئەو شێوازی وێنە هەڵبژێرە کە بە باشترین شێوە لەگەڵ موحیتی تماشاکردن، هەڵبژاردەکانی تۆ یان جۆری ڤیدیۆ دەگونجێت. دۆخێکی وێنە دەسنیشان بکە. لە ڕێگەی ڕێکخستن و شێوەبەندکردنی هەر یەک لە ئایتمەکان بە وردەکاری زیاتر لە سەر بنەمای دۆخ، ڤیدیۆکەت باشتر ڕێک دەخرێت بۆ تایبەتمەندیەکانی خۆی.

- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

**کاتێک کە سیگنالی ئاسایی بە کار دەهێنیت**

### گەش

بە زیاترکردنی کۆنتراست، ڕووناکی و درەوشاوەیی، شەفافیەتی وێنەکە زیاتر دەکات.

### ستاندارد

وێنەکە بە کۆنتراست، ڕووناکی و ئاستی تیژی سروشتی نیشان دەدات.

### ئابووری / APS

ئامرازی وزەپارێز ڕێککردنەکانی تەلەفزیۆنەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی ڕێژەی مەسرەفکردنی کارەبا کەم بکاتەوە.

- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

### سینەما

وێنەی گونجاو بۆ فیلم.

### وەرزش / تۆپی پێ / Cricket

وێنەی گونجاو بۆ یاریی وەرزشی. وێنەی جموجوولّە تونەکان وەکوو تێهەڵدان یان فڕێدانی تۆپ ڕوونتر دەکاتەوە.

- ناوی وەرزشەکان ڕەنگە بەپێی ناوچە جیاواز بێت.

### باشترکەری یاری

وێنەی گونجاو بۆ یاریی کۆمپیۆتەری.

## FILMMAKER MODE

کوالّیتی ونینەی سینەمای باشترکراو پێشکەش دەکات کە بڕوانامەی پێدراوە لە لایەن هاوپەیمانی UHD، دەستەی دیاریکردنی ستاندەر بۆ تەکنەلۆجیای پەیوەست بە UHD.

- بۆ خود-گۆڕین بۆ **FILMMAKER MODE** کاتێک سیگنالّێک ناکرێت بخرێتە کار لەگەڵ ئەم دۆخە تێکرا بێت، ئەوە **خود دەستپێکردنی دۆخی FILMMAKER** بخە سەر **هەڵکردن**.

### شارەزا (مەودای ڕووناکی، کاتی ڕۆژ) / isf شارەزا (مەودای تاریک، کاتی شەو)

ئەم دۆخە بۆ فیلمەکان هتد. گونجاوە کە لە ژینگەیەکی تاریك سەیر دەکرێن.

**شارەزا (مەودای تاریک، کاتی شەو)** پلەی گەرمی رەنگی کەمتری هەیە لە **شارەزا (مەودای ڕووناکی، کاتی ڕۆژ)**. دۆخێک دەسنیشان بکە کە گونجاوە بۆ ئەو فیلمانەی تۆ سەیریان دەکەیت.
ISFccc : Imaging Science Foundation Certified Calibration Control

**کاتێک سیگنالی HDR/Dolby Vision بە کار دەهێنیت**

### گەش

بە زیاترکردنی کۆنتراست، ڕووناکی و درەوشاوەیی، شەفافیەتی وێنەکە زیاتر دەکات.

### ستاندارد

لە کەشێکی تەماشاکردنی ئاسایی دا، شاشەیەک دەکاتەوە کە دەتوانێت ئاشکرایی و ڕۆشنایی HDR بە شێوەیەکی گونجاو نیشان بدات.

### سینەمای ماڵەوە

شاشەکە بە شێوەیەکی ڕووتر و گەشتر لە **سینەما** دەردەکەوێت.

### سینەما

وێنەی گونجاو بۆ سیگنالێ ڤیدیۆی HDR.

### باشترکەری یاری

وێنەی گونجاو بۆ یاریی کۆمپیۆتەری.

## FILMMAKER MODE

کوالێتی ونینەی سینەمای باشترکراو پێشکەش دەکات کە بڕوانامەی پێدراوە لە لایەن هاوپەیمانی UHD، دەستەی دیاریکردنی ستاندەر بۆ تەکنەلۆجیای پەیوەست بە UHD.

- بۆ خود-گۆڕین بۆ **FILMMAKER MODE** کاتێک سیگنالێک ناکرێت بخرێتە کار لەگەڵ ئەم دۆخە تێکرا بێت، ئەوە **خود دەستپێکردنی دۆخی FILMMAKER** بخە سەر **هەڵکردن**.

- ئەگەر سیگنالی ڤیدیۆی HDR/Dolby Vision بدرێت بە ئەو مۆدێلانەی کە پاڵپشتی ناکەن لە تەکنەلۆژیای HDR/Dolby Vision، وێنەکە بە شێوازی سیگنالی ئاسایی نیشان دەدرێت.
- بەپێی سیگنالی پێدراو، ئەو شێوازی وێنە کە هەیە ڕەنگە جیاواز بێت.
- کاتێک سەیری خزمەتێکی ئۆنلاین دەکەیت، دەتوانیت شێوازی وێنە بگۆڕیت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکەی کە نیشان دەدرێت بگونجێت.
- پسپۆڕ ئامرازێکە کە ڕێگە دەدات پسپۆڕێکی کوالیتیی وێنە، کوالیتیی وێنەکە ڕێک بکات. لەبەر ئەمە، ڕەنگە بۆ وێنەیەکی ئاسایی سوودی نەبێت.
- گۆڕینی **دۆخی دەسنیشانکردن** ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕانی چۆنیەتیی **پاشەکەوتی وزە** و **بایەخدانی Motion Eye**، وە دەتوانێت کاریگەری دابنێت لەسەر ئاستی بەکارهێنانی وزە یان کارەبا. دەتوانیت ڕێکبەندەکان بگۆڕیت لە **پاڵپشتی ← چاودێری OLED ← خود چاودێری ئامێر ← پاشەکەوتی وزە** و **وێنە ← ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان ← زەقی ← بایەخدانی Motion Eye**.

## ڕێککردنی ئەندازەی شاشە

⚙ ← ⋮ ← **وێنە** ← **ڕێژەی پانی بۆ بەرزی** ← **دەسنیشانکردنی بەکارهێنەر**

دەتوانیت قەبارەی شاشە بگۆڕیت بەگوێرەی جۆری ئەو ناوەرۆکەی سەیری دەکەیت.

### 16:9

ڕێژەی وێنەی 16:9 نیشان دەدات.

### رەسەن

ڕێژەی باشترینی شاشە بەگوێرەی سیگناڵی وێنەی ئینپوت دەگۆڕێت.

### 4:3

ڕێژەی وێنەی 4:3 نیشان دەدات.

### زوومی ستوونی

دەتوانیت ئەندازەی ئەستوونیی شاشەکە بگۆڕیت و بە کەڵکوەرگرتن لە **دەستکاریکردنی ڕێژەی زووم** و **دەستکاریکردنی پێگەی شاسە** ئەندازەی ئەستوونیی شاشەکە ڕێک بکەیت.

### زوومی 4 ئاڕاستەیی

دەتوانیت ئەندازەی ئاسوویی/ئەستوونی/گۆشەبەگۆشەی شاشەکە بگۆڕیت و بە کەڵکوەرگرتن لە **دەستکاریکردنی ڕێژەی زووم** و **دەستکاریکردنی پێگەی شاسە** ئەندازەی ئاسۆیی/ئەستوونیی شاشەکە ڕێک بکەیت.

- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.
- ڕەنگە وێنەکە بشێوێت لەکاتی زووم کردن بۆ ناوەوە و دەرەوە.
- دەسنیشان کردنی قەبارەیەکی شاشەی جیاوازتر لە قەبارەی ڕەسەن ڕەنگە ببێتە دەرکەوتنی وێنەکە بە شیوەیەکی جیاواز.
- بەگوێرەی پێکهاتەی شێوازی وێنە و قەبارەی شاشە، ڕەنگە لێوارەکان بشاردرێنەوە یان بە ڕەشی نیشان بدرێن، یان ڕەنگە هەردووک لای وێنەکە بلەرزێت. هەروەها، لە کاتی دەسنیشانکردنی ئایتمێک لە سەر شاشەی پەخش، ڕەنگە هێڵی دەرەکی بە دروستی هاوتەریب نەبێت.
- بەپێی سیگناڵی پێدراو، ڕەنگە ئەو ئەندازەی شاشە کە هەیە جیاواز بێت.

## بە ئامرازی تەنها سکانکردن شاشەکە ببینە

⚙ ← ⋮ ← **وێنە** ← **ڕێژەی پانی بۆ بەرزی** ← **تەنها سکانکردن**

ئەگەر ئەم ئامراز لەسەر حاڵەتی **هەڵکردن** دابنیت، دەتوانیت ناوەرۆکەکە بە هەمان قەبارەی وێنە کە لە سیگناڵی پەخش یان سەرچاوەی ناوەرۆک دا هەیە، ببینیت. ئەگەر لێواری شاشەکە ڕوون و پاک نەبوو، تکایە لەسەر حاڵەتی **کوژاندنەوە** دایبنە. ئەگەر ئەم ئامرازە لەسەر حاڵەتی **خودکار** دابنێیت، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەنێو سیگناڵی ڤیدیۆ دا یە، خۆی دەچێتە سەر حاڵەتی **هەڵکردن** یان **کوژاندنەوە**.

- ئەو ئایتمانە کە دەتوانیت هەڵیانبژێریت ڕەنگە بەپێی ئەو ئینپووتە کە ئێستا دراوە لە تەلەفزیۆنەکە جیاواز بن.

## ڕێکخستنی ڕووناکی وێنەیەک

⚙ ← ● ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **زەقی**

دەتوانیت ڕووناکی تەواوی شاشەکەڕێک بخەیت.

### ڕووناکی پەنڵ

بە گۆڕینی پشتچرا ئاستی ڕووناکیی شاشە کۆنترۆڵ دەکات. هەرچەندە لە 100 نزیکتر بێت، شاشەکە ڕووناکترە.

- **ڕووناکی پەنڵ** کەم بکەوە بۆ ئەوەی وزەی کەمتر بە کار ببرێت.
- بەگوێرەی **پاشەکەوتی وزە** (**خودکار**/**زۆرترین**), لەوانەیە نەتوانیت دەسکاری **ڕووناکی پەنڵ** بکەیت.
لەم حاڵەتەدا، بڕۆ بۆ ⚙ ← ● ← **پاڵپشتی** ← **پاشەکەوتی وزە** ← **هەنگاوی پاراستنی ووزە** و بیکە بە **کوژاندنەوە** یان **کەمترین**.
- بەگوێرەی مۆدێڵی تەلەفزیۆنەکەت، ڕەنگە ڕێکبەندی **ڕووناکی پەنڵ**ـی نەبێت.

### ڕووناکی پیکسێلی OLED

بە گۆڕینی پشتچرا ئاستی ڕووناکیی شاشە کۆنترۆڵ دەکات. هەرچەندە لە 100 نزیکتر بێت، شاشەکە ڕووناکترە.

- بەگوێرەی **پاشەکەوتی وزە** (**خودکار**/**زۆرترین**), لەوانەیە نەتوانیت دەسکاری **ڕووناکی پیکسێلی OLED** بکەیت.
لەم حاڵەتەدا، بڕۆ بۆ ⚙ ← ● ← **پاڵپشتی** ← **چاودێری OLED** ← **خود چاودێری ئامێر** ← **پاشەکەوتی وزە** ← **هەنگاوی پاراستنی ووزە** و بیکە بە **کوژاندنەوە** یان **کەمترین**.
- بەگوێرەی مۆدێڵی تەلەفزیۆنەکەت، ڕەنگە ڕێکبەندی **ڕووناکی پیکسێلی OLED**ـی نەبێت.

### ڕێکخستنی کۆنتراست

کۆنتراستی بەشە ڕووناک و تاریکەکانی وێنەکە دەگۆڕیت. هەرچەندە لە 100 نزیکتر بێت، کۆنتراست زیاترە.

### ڕووناکی شاشە

ڕووناکیی گشتیی شاشە ڕێک دەکات. هەرچەندە لە 100 نزیکتر بێت، شاشەکە ڕووناکترە.
ڕەنگە ڕێکبەندەکانی **ڕووناکی شاشە** بەکاربێنیت بەتایبەتی بۆ دیاریکردنی بەشە تاریکەکەی وێنەکە.

### کۆنتراستی داینامیکی خودکار

جیاوازی نێوان لای ڕوون و لای تاریکی شاشە چاک دەکات بۆ ئەوەی بەپێی ڕووناکیی وێنە بە باشترین شێوە نیشانی بدات.

### دیاریکردنی تۆنی HDR

بەپێی ڕووناکیی وێنەی ناوەڕۆکی HDR، بە باشترین شێوە کۆنتراست ڕێک دەکات.

### ڕووناکی لووتکە

ڕووناکی لووتکە ڕێک بخە بۆ دڕەوشاوەترین ڕووناکی.

### گاما (ڕێکخستنی ڕووناکی)

ڕووناکیی مامناوەندی وێنەکە دەگۆڕێت.

- **BT.1886** دەربڕی نمرەبەندیە بە شێوەی ITU-R BT.1886، کە ستاندەرێکی نێودەوڵەتیە.

### ئاستی ڕەش

تاریکی شاشەکە ڕێک بخە بۆ نیشاندانی ڕەشێکی بێخەوش. **خودکار**، **سنووردار** یان **تەواو** دەسنیشان بکە بۆ هاوتاکردنی ڕێژەی ڕەنگی ئامێری ئینپوتی دەرەکی.

- ئەم تایبەتمەندیە دەکرێت بەکار بێت بۆ سەیرکردنی ناوەڕۆک لە ڕێگەی ئینپوتی دەرەکی.

### تاریککردنی ناوەکی LED

بە ڕووناکتر کردنی لای ڕووناکی شاشە و تاریکتر کردنی لای تاریکی شاشە کۆنتراست دەگەیەنێت بە زۆرین ئاست.

- **کوژاندنەوە** : ناچالاککردنی کرداری **تاریککردنی ناوەکی LED**.
- **نزم** / **مامناوەندی** / **بەرز** : ڕێژەی وێک نەچوون دەگۆڕێت.

- ئەگەر ئەم بژاردەیە لەسەر حاڵەتی **کوژاندنەوە** دابنیت، ڕەنگە وزەی زۆرتر بە کار ببرێت.

### بایەخدانی Motion Eye

بەپێی زانیاریەکانی وێنە ئۆتۆماتیک ئاستی ڕووناکی ڕێک دەکات و لێڵیی وێنە کەم دەکاتەوە بۆ ئەوەی چاو کەمتر ماندوو ببێت.

- ئەگەر ئەم بژاردەیە لەسەر حاڵەتی **کوژاندنەوە** دابنیت، ڕەنگە وزەی زۆرتر بە کار ببرێت.

- بەپێی سیگنالی وەرگیراو یان شێوازی وێنەی هەڵبژێردراو، ڕەنگە ئەو بژاردەیانە کە هەن جیاواز بن.
- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

## ڕێکخستنی ڕەنگی وێنەیەک

⚙ ← ⋮ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕەنگ**

### قوواڵی ڕەنگ

ڕەنگە نیشاندراوەکانی سەر شاشە کەمڕەنگ یان پڕڕەنگ دەکات. هەرچەندە لە 100 نزیکتر بێت، ڕەنگەکە قوواڵترە.

### تاریککردن

بالانسی ڕەنگی تێوان سوور و سەوزی نیشاندراو لەسەر شاشە دەگۆڕێت. هەرچەندە لە سوور 50 نزیکتر بێت، ڕەنگەکە زیاتر سوور دەبێت. هەرچەندە لە سەوز 50 نزیکتر بێت، ڕەنگەکە زیاتر سەوز دەبێت.

### زنجیرەی ڕەنگ

ڕادەی ئەو ڕەنگانە کە نیشان دەدرێن دیاری دەکات. زنجیرەی ڕەنگ دیاری بکە بۆ **خود دۆزینەوە** بەگوێرەی سیگنالّ، یان بۆ **ڕەسەن** بۆ نیشاندانی ڕەنگی ڕۆشنتر و دەوڵەمەندتر.

### سازاندنی وورد

ئەمە ئەو کاتە بەکاردێت کە کەسانی شارەزا کۆنترۆڵی دەکەن لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی تاقیکردنەوە. دەتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت لە ڕێگەی دەسنیشان کردنی شەش ڕەنگەکە (**سوور**/**سەوز**/**شین**/**پیرۆزەیی**/**ئەرخەوانی**/**زەرد**). لەوانەیە ڕێککردنەکان نەبێتە هۆی گۆڕانێکی بەرچاو لە ڕەنگی وێنەکە دا.

### بەرزکردنەوەی ڕەنگ

ڕەنگەکانی وێنە ڕێک دەکات بۆ ئەوەی سروشتیتر دیار بن.

### دەسنیشانکردنی ڕەنگ

لە **سوور**/**سەوز**/**شین**/**پیرۆزەیی**/**ئەرخەوانی**/**زەرد**، تۆنێک دەسنیشان بکە بۆ ڕێکخستن.

### ڕێکخستنی تێربوونی ڕەنگی / ڕێکخستنی پلەی ڕەنگ / ڕێکخستنی ڕووناککردنەوە

کرۆما/پلەی ڕەنگ/درەوشانەوەی تۆنەکە لە -30 بۆ +30 ڕێک بخە.

### هاوسەنگی سپی

کرداری ڕێکخستنی هەر ڕەنگێک تا دووبارە وواردتر بەرهەم بێتەوە لە سەر بنەمای ڕەنگی سپیە کە ڕێگەت پێدەدات کۆی ئاوازی ڕەنگی شاشەکە بە ویستی خۆت ڕێک بخەیت.

### پلەی گەرمی ڕەنگ

دەتوانیت ڕەنگ دیاری بکەیت بۆ ئەوەی نیشاندانەکە فێنکتر یان گەرمتر دەربکەوێت.

### شێواز

ئەم شێوازە بۆ ڕێکخستنی ووردی ڕێکبەندی پلەی گەرمی ڕەنگ بەکاردێت. دەتوانیت کۆنترۆڵی پلەی گەرمی ڕەنگ لە دوو خاڵدا بکەیت لە بەشی ڕووناک و بەشی تاریکی ڤیدیۆکە بکەیت ئەگەر **2 خاڵ** دەسنیشان بکەیت، لە هەر خاڵێکی 10 ئاستەکە ئەگەر **ئاستی سیگنالّی 10 خاڵی(%)** دەسنیشان بکەیت، و هەر خاڵێکی 22 ئاستەکەی ڤیدیۆکە ئەگەر **ئاستی سیگنالّی 22 خاڵی(%)** دەسنیشان بکەیت.

### خاڵ

ڕووناکی شاشە دەسنیشان بکە بۆ ڕێکخستنی پلەی گەرمی ڕەنگ.
ئەگەر **شێواز** دیاریکرا بێت بۆ **2 خاڵ**؛ نزم بەکاربێنە بۆ دەسنیشانکردنی سێبەر و بەرز بۆ دەسنیشانکردنی بەرجەستەکردنەکان.

ئەگەر **شێواز** دیاریکرا بێت بۆ **ئاستی سیگنالی 10 خاڵی(%)**؛ دەتوانیت ڕووناکی دەستیشان بکەیت بە بەکارهێنانی ئەو ژمارانەی ئاماژە بۆ 10 ئاست دەکەن.
کاتێک **شێواز** دیاریکراوە بۆ **ئاستی سیگنالی 22 خاڵی(%)**، دەتوانیت ڕووناکی 22 ئاستەکەی ڕووناکی دیاری بکەیت.

### ئاستی سیگنال(%)

ڕووناکی شاشە دەستیشان بکە بۆ ڕێکخستنی پلەی گەرمی ڕەنگ.
ئەگەر **شێواز** دیاریکرا بێت بۆ **ئاستی سیگنالی 10 خاڵی(%)**؛ دەتوانیت ڕووناکی دەستیشان بکەیت بە بەکارهێنانی ئەو ژمارانەی ئاماژە بۆ 10 ئاست دەکەن.
کاتێک **شێواز** دیاریکراوە بۆ **ئاستی سیگنالی 22 خاڵی(%)**، دەتوانیت ڕووناکی 22 ئاستەکەی ڕووناکی دیاری بکەیت.

### ئاستی ڕووناکی لە زۆرترین ئاستی سیگنال(%) نیشان بدە

ڕووناککردنەوەی بەرزترین ئاستی سیگنالی 100% ڕێک دەخات.

### ئاستی ڕووناکی لە ئاستی سیگنال(%) ی دەستیشانکراو ڕێک بخە

ڕووناکی ئاستی سیگنالی دەستیشانکراو دەکرێت دەستیشان بکرێت.

- تەنها کاتێک **وێنە** ← **دۆخی دەستیشانکردن** بریتیە لە **سینەما**، **شارەزا (مەودای ڕووناکی، کاتی ڕۆژ)** یان **شارەزا (مەودای تاریک، کاتی شەو)** و کاتێک **شێواز** دیاریکراوە بۆ **ئاستی سیگنالی 10 خاڵی(%)** یان **ئاستی سیگنالی 22 خاڵی(%)** دەتوانیت ئەم ڕێکبەندانە ئەنجام بدەیت.

### سوور / سەوز / شین

پلەی گەرمی ڕەنگی خاڵی دەستیشانکراو ڕێک بخە.
چڕی **سوور**/**سەوز**/**شین** لە مەودای -50 بۆ 50 ڕێک بخە.
دەتوانیت بەها پەیوستەکان بۆ ڕووناکی دەستیشانکراو لە **خاڵ** ڕێک بخەیت.

- بەپێی سیگنالی وەرگیراو یان شێوازی وێنەی هەڵبژێردراو، ڕەنگە ئەو بژاردەیانە کە هەن جیاواز بن.
- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

## ڕێکخستنی کۆنتراستی وێنەیەک

⚙ ← ⋮ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕوونی**

دەتوانیت کۆنتراستی وێنەیەک ڕێک بخەیت بۆ ئەوەی ڕوونتر نیشانی بدەیت.

### ڕێکخستنی تووندی ڕەنگ

تیژیی وێنە دەگۆڕێت. هەرچەندە لە 50 نزیکتر بێت، وێنەکە تیژتر و ڕوونترە.

### ڕوونێتی سۆپەر

ئاستی وردبینی دەگۆڕێت بۆ ئەوەی وێنە تار و لێڵەکان ڕوونتر نیشان بدرێن.

### کەمکردنەوەی ژاوەژاو

بەتەواوی خاڵە وردە دیارەکان لادەبات بۆ ئەوەی وێنەکە ڕوون بێت.

### کەمکردنەوەی ژاوەژاوی MPEG

ئەو نۆیزە کەم دەکاتەوە کە لە کاتی دروستکردنی سیگنالّی ڤیدیۆی دیجیتاڵ دا پێش دێت.

### پلەبەندی نیان

ئەو دیاردەیە کەم دەکاتەوە کە چوارچێوەی وێنە تێکدەچێت و بە شێوازی پەیژەیە و شاشەیەکی ڕێکتر نیشان دەدات.

### شاشەی سینەما

باشینەکردنی پیشاندان بۆ فیلمەکان.

## TruMotion

کوالیتی وێنە بە باشترین شێوە ڕێک دەکات بۆ ئەو وێنانەی کە خێرا دەجووڵێن.

- **کوژاندنەوە** : TruMotion دەکوژێنێتەوە.
- **جووڵەی سینەمایی** : لەرزینی جووڵەی سەر شاشە ڕێک بخە بۆ ئەوەی وەک ئەوە دیار بێت کە لە شانۆی فیلمدایت.
- **سروشتی** : وێنەکان بە کۆمەڵێک جووڵە دابنێ بۆ ئەوەی سروشتی و ڕوون بێت.
- **جووڵەی نیان** : وێنە خێراکان خاو دەکاتەوە.
- **دەستنیشانکردنی بەکارهێنەر** : بە شێوەی دەستی TruMotion ڕێک دەکات.
  - **De-Judder** : ڕادەی لەرزانی شاشەکە دەگۆڕێت.
  - **De-Blur** : ڕادەی لێڵی یان ناڕوونیی جموجووڵەکان کەم دەکاتەوە.
  - **OLED Motion** / **OLED Motion Pro** / **Motion Pro** / **NanoCell Motion Pro** : دەتوانیت ڤیدیۆکەت ڕوونتر بکەیت لە ڕێگەی بنبڕکردنی دوا-وێنەکان.

- تەنیا لە شێوازی '**دەستنیشانکردنی بەکارهێنەر**' دا دەتوانیت ڕێککردنی پێشکەوتوو بگۆڕیت.

- بەپێی سیگنالّی وەرگیراو یان شێوازی وێنەی هەڵبژێردراو، ڕەنگە ئەو بژاردەیانە کە هەن جیاواز بن.
- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

### جێبەجێکردنی ڕێکبەندەکانی وێنەی ئێستا بۆ گشت ئینپوتەکان

⚙ ← ⋮ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **بەسەر هەموو تێچووەکاندا کاری پێبکە**

ئەو ڕێککردنانە کە دیاریان دەکەیت تەنها بۆ ئەو حاڵەتی پێدانە کە ئێستا هەڵبژێرراوە بە کار دەهێنرێن.
ئەگەر دەتەوێت ڕێککردنەکانی ئێستای وێنە بۆ هەموو حاڵەتەکانی پێدان بە کار بهێنیت، بژاردەی **بەسەر هەموو تێچووەکاندا کاری پێبکە** هەڵبژێرە.

## هەڵبژاردنی شێوازی وێنە

⚙ ← ● ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ریسێتکردنەوە**

ئەگەر دەتەوێت ڕێکبەندەکانی وێنە ڕێک بکەیتەوە بۆ بەهاکانی کارگە لە دوای جێبەجێکردنی ڕێکبەندەکان، ڕێککردنەوە دەستنیشان بکە بۆ هەر دۆخێکی وێنە.

## خود دەستپێکردنی دۆخی FILMMAKER

⚙ ← ● ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **خود دەستپێکردنی دۆخی FILMMAKER**

ئەگەر بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، **دۆخی وێنە** خودکارانە دەگۆڕێت بۆ **FILMMAKER MODE** کاتێک سیگناڵێک دەکرێت بخرێتە کار کە **FILMMAKER MODE** تێکرا بێت.

- کاتێک ئەم دۆخە کارایانە نیازی دروستکارەکە دەگەیەنێت، ڕەنگە لە **دۆخی وێنە**ـەکانی دیکە تاریکتر دەربکەوێت.

## بۆ بەکارهێنانی ئامرازی کەمکردنەوەی ڕووناکی شین

⚙ ← ● ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **کەمکردنەوەی ڕووناکی شین**

گەرمای ڕەنگ کەم دەکرێتەوە بۆ ئەوەی چاو ماندوو نەبێت.

### هەڵکردن

گەرمای ڕەنگی تەلەفزیۆنەکەت ڕێک دەکرێت.

### کوژاندنەوە

**کەمکردنەوەی ڕووناکی شین** بکوژێنەوە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# دەنگ

## دۆخی دەسنیشانکردن

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **دۆخی دەسنیشانکردن**

دەتوانیت گونجاوترین شێوازی دەنگ بۆ هەریەک لە چەشنەکان هەڵبژێریت.

### دەنگی AI / دەنگی AI پڕۆ

باشینەکردنی ئۆتۆماتیکی دەنگ بەپێی جۆری ناوەرۆک.

### ستاندەر

ڕاستکردنەوەی دەنگ بۆ هەموو جۆرە ناوەڕۆکێک.

### سینەما

ڕاستکردنەوەی دەنگ بۆ نمایشکردنی سینەمایی.

### دەنگی ڕوون / دەنگی ڕوونی پڕۆ

دەنگەکە زۆلاڵتر دەکات.

### وەرزش / تۆپی پێ / Cricket

دەنگ بۆ یاریە وەرزشیەکان باشتر دەکات.

- ناوی وەرزشەکان ڕەنگە بەپێی ناوچە جیاواز بێت.

### مووزیک

بە باشترین شێوە دەنگ بۆ گۆێگرتن لە مووزیک و گۆرانی میزان دەکات.

### باشترکەری یاری

بە باشترین شێوە دەنگ بۆ یاری کردن میزان دەکات.

- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی تەلەفزیۆنەکە یان ئامێرە گرێدراوەکانی HDMI (ARC) جێبەجێ دەبێت کە پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکەن.
- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

## سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **دەنگ بۆ دەرەوە** ← **سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە**

دەنگ لەڕێگەی بڵندگۆی سەرخۆی تەلەفزیۆنەکەوە بڵاو دەکرێتەوە.

## سپیکەری بێتەل بەکاربێنە

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **دەنگ بۆ دەرەوە** ← **سپیکەری بێتەل بەکاربێنە**

### ئامێری Bluetooth

ئامێرێکی دەنگی Bluetooth بە شیوەی بێتەل گرێ بدە بۆ چێژ وەرگرتن لە دەنگی تەلەفزیۆن بە شێوەیەکی ئاسوودەتر. سەیری ناميلکەی بەکارهێنەری ئامێری دەنگیی Bluetooth بکە بۆ زانیاریەکان دەربارەی چۆنیەتی گرێدان و بەکارهێنانی ئامێرەکە.

- دوگمەی ⋮ فشار بدە با ئامێرە پەیوەستکراوەکان یان نوێ ئامێرانەی کە دەتوانیت پەیوەستیان بکەیت نیشان بدرێن و یەکێک لەوان پەیوەست بکەیت.
- بۆ ئامێرەکانی Bluetooth، ئاستی دەنگی ئامێرەکە دەکرێت لە ڕێگەی دەستنیشانکردن لە لیستی گرێدان کۆنترۆڵ بکرێت.
- ئامێرەکانی LG Sound Sync خودکارانە هەوڵی گرێدان دەکەن بەو ئامێرانەی بەم دواییانە بەکارهاتوون کاتێک تەلەفزیۆنەکەت هەڵدەکەیت.
- ئێمە پێشنیار دەکەین ئامێرێکی دەنگی LG کە پشتیوانی دەکات لە LG Sound Sync پەیوەست بکەیت، لەڕێگەی شێوازی LG TV یان شێوازی LG Sound Sync ی سەر ئامێرەکە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- کۆدێکی دەنگ کە دەکرێت لە ڕێگەی Bluetooth دەربکرێت بریتیە لە SBC/aptX™.
- ئەگەر ئامێرەکە نەیتوانی پەیوەست ببێت، بزانە ئایا ئامێرەکە کارەبای پێ دەگات، هەروەها بزانە ئامێری دەنگی بەدروستی کار دەکات یان نە.
- بەکارهێنانی هێدسێتێکی Bluetooth پێشنیارکراوە کاتێک دوو ئامێری Bluetooth گرێدەدەیت.
- بەپێی جۆری ئامێری Bluetooth، ڕەنگە ئامێرەکە دروست پەیوەست نەبێت یان حاڵەتێکی نائاسایی ڕوو بدات بۆ نموونە دەنگ و ڕەنگ پێکەوە هەماهەنگ نەبن.
  - بە تەنها هێدسێتی مۆبایل ڕەنگە کار نەکات.
  - ئەگەر دوو ئامێری جیاوازی Bluetooth گرێدرا بن و لە هەمان کاتدا بەکاربێن، ڕەنگە دەنگەکان هاوڕێک نەبن.
- ئەگەر یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕوو بدات ڕەنگە دەنگ پرتەپرت بکات یان کوالیتیی دەنگ کەم ببێتەوە:
  - ئەگەر ئامێری Bluetooth زۆر دوور بێت لە تەلەفزیۆنەکە؛
  - ئەگەر کۆسپێک لەنێوان ئامێری Bluetooth و تەلەفزیۆنەکە دا بێت؛ یان
  - ئەگەر ئامێرەکە هاوکات لەگەڵ دەزگایەکی ڕادیۆیی وەک فڕنی مایکرۆوەیڤ یان LANی بێتەل بە کار بهێنرێت
- ئەگەر **وێنە** ← **دۆخی دەستنیشانکردن** لەسەر **باشترکەری یاری** دابنرێت و **دەنگ بۆ دەرەوە** لەسەر **ئامێری Bluetooth** دابنرێت، **وێنە** ← **دۆخی دەستنیشانکردن** دەگۆڕدرێت و دەبێتە **ستاندارد**.
- ئەگەر بەردەوام بوویت لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشە، ئێمە پێشنیاری بەکارهێنانی گرێدانێکی تەلدار دەکەین. ( دیجیتاڵی بینایی، پۆرتی **HDMI (ARC)** )

### سپیکەری WiSA

دەتوانیت بە شێوەی بێتەل تەلەفزیۆنەکە بە **سپیکەری WiSA** گرێ بدەیت بۆ چێژبینین لە دەنگی کوالێتی بەرز.
⋮ دەستنیشان بکە بۆ ڕێکخستنی ڕێکبەندە تێروتەسەلەکانی **سپیکەری WiSA**.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- بۆ بەکارهێنانی سپیکەری WiSA، پێویستە دۆنگلی تایبەت گرێ بدەیت.
- ڕەنگە کێشەکانی پەیوەندی لە نێوان دۆنگڵی WiSA و سپیکەری WiSA ڕووبدات لەو دۆخانەی تێوەگلانی بێتەل هەیە. لەم حاڵەتەدا، پەیوەندی بە کۆمپانیای دروستکەری سپیکەر بکە.
- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کڕینی بەرهەمی ڕێپێدراوی WiSA، سەیری www.wisaassociation.org بکە.

### ئامێری مۆبایڵ

ئەگەر ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لە سەر ئامێرێکی هۆشمەند دابمەزرێنیت و بە تەلەفزیۆنەکەتی گرێ بدەیت، دەتوانیت ئامێرەکە وەک سپیکەرێک بۆ تەلەفزیۆنەکە بەکاربێنیت.

## سپیکەری تەلدار بەکاربێنە

⚙ ← ⋮ ← دەنگ ← دەنگ بۆ دەرەوە ← سپیکەری تەلدار بەکاربێنە

### ئامێری Optical Out

دەتوانیت ئامێرێکی دەنگی کە پاڵپشتی دەکات لە بینایی پەیوەست بکەیت بە پۆرتی ئۆپتیکاڵی دیجیتاڵی بڵاوکردنەوەی دەنگ بۆ ئەوەی دەنگی تەلەفزیۆنەکەت بە کوالیتیەکی باشتر و ئاسانیەکی زیاتر پەخش ببێتەوە.

- تەنیا بۆ ئەو مۆدێلانە دەبێت کە پۆرتی ئۆپتیکاڵی دیجیتاڵیان هەیە.
- بۆ هەندێک ئامێر، دەتوانیت ئاستی دەنگ ڕێک بخەیت بە بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن.

### ئامێری HDMI(ARC)

دەتوانی دەنگی تەلەفزیۆنەکە لەڕێگەی ئامێرێکی دەنگی دەرەکی کە دراوە لە پۆرتی **HDMI (ARC)** پەخش بکەیتەوە.

- **ئامێری HDMI(ARC)** هەڵبژێرە بۆ ئەوەی خۆی بۆ خۆی SIMPLINK هەڵ بکات. هەرکات SIMPLINK بکوژێتەوە، ڕێککردنەکانی بڵندگۆ خۆی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە سەر ڕێککردنی بنەڕەتی بۆ ئەوەی بڵاوکردنەوەی دەنگ نەپچڕێت.

### ئامێری دەنگی دەرچوو / هێدفۆنی تەلدار

بۆ چاکترکردنی پەخشی دەنگ بەپێی جۆری ئەو ئامێرەی کە پەیوەست کراوە، **هێدفۆنی تەلدار** یان **ئامێری دەنگی دەرچوو** هەڵبژێرە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- ئەگەر لە کاتی کارکردنی تەلەفزیۆنەکە دا بیستوکی تەلدار بە کار بهێنیت، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک دەیناسێتەوە و لەڕێگەیەوە دەنگ بڵاو دەکاتەوە.

## کۆمەڵێک سپیکەر بەکاربێنە

⚙ ← ⋮ ← دەنگ ← دەنگ بۆ دەرەوە ← کۆمەڵێک سپیکەر بەکاربێنە

دەکرێ دەنگەکە لە چەندین ئامێرەوە بە شێوەی هاوکات پەخش بکرێت.

### ئامێری Bluetooth + سپیکەری تەلەفزیۆن

سپیکەری ناوخۆیی تەلەفزیۆنەکە و سپیکەری Bluetooth دەکرێت بەکار بێن بۆ دەرکردنی دەنگ لە هەمان کاتدا یان دەنگێکی دەوروبەر دەکرێت بەکار بێت.
تا دوو ئامێری Bluetoothی هەمان مۆدێڵ دەکرێت گرێ بدرێن.

01 دەسنیشان بکە بۆ گرێدانی سپیکەری Bluetooth.

02 **دەرەنگپەخشکردنی دەنگ** بخە کار بۆ هاودەم کردنی سپیکەری ناوخۆیی تەلەفزیۆنەکە لەگەڵ سپیکەری Bluetooth. دەتوانیت خودکارانە یان بە دەستی ڕێکی بخەیت.

- کاتێک **دەنگ بۆ دەرەوە** دیاری دەکەیت وەک **ئامێری Bluetooth + سپیکەری تەلەفزیۆن**، ئەگەر **وێنە ← دۆخی دەسنیشانکردن** بریتی بێت لە **باشترکەری یاری**، بۆ **ستاندارد** دەگۆڕێت و **Dolby Atmos** یش دەکوژێنرێتەوە.
- لەکاتی بەکارهێنانی کرداری Screen Share، ڕەنگە ڤیدیۆ و دەنگ لە دەرەوەی هاودەمکردندا بێت. ئێمە پێشنیاری بەکارهێنانی **سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە** لە **دەنگ بۆ دەرەوە** دەکەین.
- بەگوێرەی جۆری ئامێری Bluetooth ت، ڕەنگە دوو ئامێر نەکرێت لە هەمان کاتدا گرێ بدرێن.
- بەپێی جۆری ئامێری Bluetooth، ڕەنگە ئامێرەکە دروست پەیوەست نەبێت یان حاڵەتێکی نائاسایی ڕوو بدات بۆ نموونە دەنگ و ڕەنگ پێکەوە هەماهەنگ نەبن.

### ئامێری Optical Out + سپیکەری تەلەفزیۆن

دەنگەکە هاوکات لە بڵندگۆی سەرخۆی تەلەفزیۆن و ئامێری دەنگ کە دراوە لە پۆرتی پەخشی دەنگی ئۆپتیکاڵ دیجیتاڵ، بڵاو دەبێتەوە.

### هێدفۆنی تەلدار + سپیکەری تەلەفزیۆن

دەنگ بە شێوەی هاوکات لە بڵندگۆی سەرخۆی تەلەفزیۆن و **هێدفۆنی تەلدار** بڵاو دەکرێتەوە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- ئەگەر لە کاتی کارکردنی تەلەفزیۆنەکە دا بیستوکی تەلدار بە کار بهێنیت، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک دەیناسێتەوە و لەڕێگەیەوە دەنگ بڵاو دەکاتەوە.

## Dolby Atmos

⚙ ← ⋮ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **Dolby Atmos**

Dolby Atmos لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی شتە دەنگیەکان دیاری دەکرێت. هەموو دەنگێک دەکرێت میکس بکرێت وەکوو یەک ئێلیمێنتی دەنگی، شتێک، کە بە شێوەی سەربەخۆ لە فەزای سێ-پاڵوو دا دادەنرێت.
تەلەفزیۆنی LGی نوێی تۆ نوێترین تەکنەلۆژیای دەنگی Dolby Atmosی لەسەرە. Dolby Atmos باشترین شێوازی دەنگە کە دەنگێکی ڕەوان دروست دەکات کە لەڕێگەی سپیکەرەکانی تەلەفزیۆنەکەتەوە پەخش دەبێتەوە.

پێرستەکە، کە وەکوو ئامرازێکی هەڵکردن و کوژاندنەوە کار دەکات، لە حاڵەتی گریمانە دا لەسەر **هەڵکردن** دانراوە. بەپێی ئیفێکتی **Dolby Atmos**، ناوەرۆکی Dolby Atmos بە کار دەهێنرێت. (کاتێک پێرسەکە لەسەر حاڵەتی **هەڵکردن** دادەنرێت)

- هەندێ ناوەرۆکی Dolby Atmos ڕەنگە پەخش نەکرێنەوە.

## بالانس

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **بالانس**

دەتوانیت دەنگی هەریەک لە بڵندگۆی چەپ و ڕاست بگۆڕیت.

- ئەم ڕێککردنە تەنها بۆ بڵندگۆی سەرخۆی تەلەفزیۆن هەیە.

## هاوسەنگکار

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **هاوسەنگکار**

دەتوانیت دەنگەکە ڕێک بخەیت لە ڕێگەی بەرزکردنەوە یان نزمکردنەوەی ئاوتیوتی ڕێژەی لەرەلەری دیاریکراوی سیگنالی دەنگەکە.

- ئەم بەربژارە دەکرێت چالاک بکرێت ئەگەر **دەنگ** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** دیاریکرا بێت بۆ **ستاندەر**.
- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی تەلەفزیۆنەکە یان ئامێرە گرێدراوەکانی **HDMI (ARC)** جێبەجێ دەبێت کە پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکەن.

## ڕێکخستنی خودکاری ئاستی دەنگ

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕێکخستنی خودکاری ئاستی دەنگ**

ئەگەر بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، ئاستی دەنگ خودکارانە ڕێک دەخرێت بۆ ئاستێکی گونجاو بۆ هەر ناوەرۆکێک کە سەیری دەکەیت بۆ یارمەتیدانت لە چێژ وەرگرتن لە سەیرکردن بە ئاسوودەیی زیاتر.

- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی تەلەفزیۆنەکە یان ئامێرە گرێدراوەکانی **HDMI (ARC)** جێبەجێ دەبێت کە پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکەن.

## ڕێکبەندی دەنگی DTV

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕێکبەندی دەنگی DTV**

کاتێ کە لە سیگنالی پێدراو دا چەند جۆر دەنگ هەبێت، ئەم ئامرازە ڕێگەت پێ دەدات کە ئەو جۆرە دەنگە کە خۆت دەتەوێ هەڵبژێریت.

ئەگەر لەسەر حاڵەتی **خودکار** دابینیت، تەرتیبی گەڕان بەم شێوە دەبێت Dolby Digital ← HE-AAC ← AC4 ← MPEG ← Dolby Digital ← Plus و دەنگ بە یەکەمین فۆرمەتێک کە دەدۆزرێتەوە بلاو دەکرێتەوە.

- بەپێی وڵات، ڕەنگە ئەم تەرتیبی گەڕانی خوارەوە بگۆڕدرێت : Dolby Digital Plus ← HE-AAC ← AC4 ← MPEG ← Dolby Digital.
- ئەگەر فۆرمەتی دەنگی هەڵبژێراو پشتیوانی نەکرێت، دەتوانی فۆرمەتێکی دیکە بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگ بە کار بهێنیت.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## هاوکاتکردنی AV

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **هاوتاکردنی شاشە و دەنگ**

کاری هاوکاتکردنی دەنگی ئەو بڵندگۆیەی کە کار دەکات ئەنجام دەدات.
چەندە بەهاکە لە 60 نزیکتر بێت، خێرایی ئاوتپوتی دەنگ ئەوەندە هێواشتر دەبێت لە خێرایی بنەڕەتی.

ئەگەر **Bypass** هەڵبژێرن، سیگناڵەکانی وەشان یان دەنگ بە بێ هیچ جۆرە دواکەوتنی دەنگ، لە ئامێرە دەرەکیەکانەوە دەنێردرێت بۆ ئامێری پەخش. ڕەنگە دەنگ پێش وێنە پەخش بکرێت لەبەر ئەوەی کە ماوەیەک دەخایەنێت تەلەفزیۆنەکە پێدراوی ڤیدیۆیی لێکبداتەوە.

- بەربژارە بەردەستەکان بە گوێرەی ڕێکبەندی **دەنگ بۆ دەرەوە** دەگۆڕێن.

## فۆرماتی دەنگی ئینپوتی HDMI دەسنیشان بکە

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **فۆرماتی دەنگی ئینپوتی HDMI دەسنیشان بکە**

دەتوانیت فۆرماتی دەنگ بۆ هەر ئینپوتێکی HDMI دیاری بکەیت.
کاتێک بە ئامێرەکان گرێ دەدرێت یان گرێدان کە پشتیوانی لە تازەترین تەکنەلۆجیای دەوروبەر دەکات، دیاریکردن بۆ **Bitstream** ڕێگەت پێدەدات گوێ لە کوالێتی دەنگی ویستراو بگریت.
کاتێک دەنگی گەیەنراو لە ڕێگەی پۆرتی HDMI هاودەم نەکراوە، بیکە بە **PCM**.

## هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن**

LG Soundbar یەک گرێ بدە کە پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکات و دیاری بکە بۆ **هەڵکردن**. **دەنگ** ← **دۆخی دەسنیشانکردن**ی دیاریکراو لە سەر تەلەفزیۆن بۆ ساوندبارەکە جێبەجێ دەکرێت بۆ گەیاندنی کۆمەڵیک دەنگ.

## کۆنترۆڵی دۆخی ساوندبار

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **کۆنترۆڵی دۆخی ساوندبار**

LG Soundbar یەک گرێ بدە کە پشتیوانی لە **کۆنترۆڵی دۆخی ساوندبار** دەکات و دیاری بکە بۆ **هەڵکردن**.
دەتوانیت دۆخی دەنگی ساوندبارەکە لە ⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** لە سەر تەلەفزیۆنەکە دیاری بکەیت.

- ناوی دۆخی دەنگی نیشاندراو لە سەر ساوندبارەکە ڕەنگە جیاواز بێت لەوەی **دەنگ** ← **دۆخی دەسنیشانکردن**ی سەر تەلەفزیۆنەکە، بەگوێرەی مۆدێڵەکە. لەم حاڵەتەدا، لەگەڵ دۆخی دەنگی هاوتا دەکرێت بە کاریگەری هاوشێوە.

## LG Sound Sync

⚙ ← ⋮ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **LG Sound Sync**

ئامێرێکی LG Sound Sync بە پۆرتی دەرچووی دیجیتاڵی بینایی گرێ بدە، و **دەنگ بۆ دەرەوە** بۆ **ئامێری Optical Out** دیاری بکە.
کە ئەم تایبەتمەندیە بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، دەتوانیت ئاستی دەنگی ئامێری LG Sound Syncی گرێدراو ڕێک بخەیت بە بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن.

- ئەگەر تایبەتمەندی خود-هێزی میلی دەنگ کە پشتیوانی لە LG Sound Sync دەکات بۆ هەڵکراو دانرابێت، میلی دەنگ هەڵدەکرێت و دەکوژێتەوە بەیەکەوە کاتێک تەلەفزیۆنەکە هەڵدەکرێت یان دەکوژێنرێتەوە.

## دیاریکردنی دەنگی دەرچووی دیجیتاڵ

⚙ ← ⋮ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **دەنگی دەرچووی دیجیتاڵ**

دەتوانیت **دەنگی دەرچووی دیجیتاڵ** ڕێک بخەیت.

- ئەم ڕێکبەندە تەنها ئەو کاتە بەردەستە کە ⚙ ← ⋮ ← **دەنگ** ← **دەنگ بۆ دەرەوە** ← **سپیکەری تەلدار بەکاربێنە** دیاریکرا بێت بۆ **ئامێری Optical Out/ئامێری (HDMI(ARC**.
- کاتێک **Pass Through** چالاک دەکرێت، کاریگەریەکانی دەنگ ڕەنگە دەرنەچن.
- ئاوتپوتی کۆدێک لەگەڵ ئامێرێک ڕەنگە لە سیگناڵەکانی ئینپوت جیاواز بێت.

| | پێدانی دەنگ | پەخشی دەنگی دیجیتاڵ |
|---|---|---|
| **PCM** | هەموو | PCM |
| **خودکار / Pass Through** | MPEG | PCM |
| | Dolby Digital | Dolby Digital |
| | Dolby Digital Plus / Atmos | Optical) Dolby Digital)<br>HDMI ARC) Dolby Digital Plus / Atmos) |
| | Dolby TrueHD (تەنها HDMI) | Optical) Dolby Digital)<br>HDMI ARC) Dolby Digital Plus / Atmos) |
| | HE-AAC / AAC | Optical) Dolby Digital)<br>HDMI ARC) Dolby Digital / Dolby)<br>Digital Plus |

- Dolby Atmos , HDMI eARC , Dolby TrueHD : ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- کاتێک لە ڕێگەی HDMI eARC گرێدراوە، جۆری دەنگی دەرچوو بە گوێرەی جۆری دەنگی پشتیوانیکراو لە ڕێگەی ئامێری گرێدراوەوە دەبێت.

  - بەگوێرەی ئامێری گرێدراو و جۆری دەنگی ئینپوت، دەکرێت وەک PCM گواستنەوەی دەنگی Dolbyی مێتاداتا (Dolby MAT PCM) دەربکرێت.
  - ئەگەر **دەنگی دەرچووی دیجیتاڵ** دیاریکرا بێت بۆ **Pass Through** و ئینپوتی HDMI بریتی بێت لە Dolby TrueHD یان PCMی فرە کەناڵ، دەکرێت دەنگەکە وەک Bypass دەربچێت.

### بەکارهێنانی ئامێری دەنگی پشتیوانیکراوی eARC

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **پشتیوانی eARC**

eARC تەکنەلۆجیایەکە کە خێراتر زانیاری زیاتری دەنگ دەنێرێت و وەدەگرێت بەهۆی پانەبەری فراوانتر لە ARCی ئاسایی. دەتوانیت چێژ لە دەنگی تەلەفزیۆن بە کوالێتی بەرزتر لە ARC وەربگریت لە ڕێگەی ئامێرێکی دەنگی گرێدراو.

01 ئامێرێکی دەنگ گرێ بدە کە پشتیوانی لە eARC دەکات بۆ پۆرتی **HDMI (ARC)**.

02 بچۆ **دەنگ بۆ دەرەوە** ← **سپیکەری تەلدار بەکاربێنە** و **ئامێری HDMI(ARC)** هەڵبژێرە.

03 **پشتیوانی eARC** بخەنە سەر دۆخی **هەڵکردن**.

### دەستپێکردنی ڕێکبەندەکانی دەنگ

⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ریسێتکردنەوە**

ڕێکبەندە تێروتەسەڵەکانی کاریگەری دۆخی دەنگی **ستاندەر** بۆ ڕێکبەندەکانی سەرەتا دەگەڕێنێتەوە.

- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی تەلەفزیۆنەکە یان ئامێرە گرێدراوەکانی **HDMI (ARC)** جێبەجێ دەبێت کە پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکەن.

# خزمەتگوزاری AI

## وێنەی AI / وێنەی AI پرۆ

⚙ ← ● ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **وێنەی AI / وێنەی AI پرۆ**

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، کوالێتی وێنە خودکارانە بۆ تایبەتمەندیەکانی ناوەرۆک ڕێکدەخرێت لە سەر بنەمای خەواریزمی وەرگیراو لە تەکنیکەکانی فێربوونی قوواڵ.

- تەنها بۆ پەخشکردنی دیجیتاڵی، ڤیدیۆکانی ئامێری بیرگەیەکی USB، و ئینپوتی ڤیدیۆی HDMIی پشتیوانیکراوە.
- ئەگەر ⚙ ← ● ← **وێنە** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** بریتیە لە **باشترکەری یاری**، ناتوانیت ئەم تایبەتمەندیە سێتەپ بکەیت.
- لەگەڵ ناوەرۆکی کۆپی پارێزراو کار ناکات.

## ڕێکبەندەکانی ڕووناکی AI

⚙ ← ● ← گشتی ← خزمەتگوزاری AI ← ڕێکبەندەکانی ڕووناکی AI

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، ڕووناکی شاشە خودکارانە ڕێک دەخرێت بەگوێرەی ڕووناکی دەوروبەری تەلەفزیۆنەکە.

## خود دەسنیشان کردنی چەشن

⚙ ← ● ← گشتی ← خزمەتگوزاری AI ← خود دەسنیشان کردنی چەشن

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، کوالێتی وێنە خودکارانە بۆ چەشنی ناوەرۆک ڕێکدەخرێت لە ڕێگەی زیرەکی دەستکرد.

- لەگەڵ ناوەرۆکی کۆپی پارێزراو کار ناکات.

## دەنگی AI / دەنگی AI پڕۆ

⚙ ← ● ← گشتی ← خزمەتگوزاری AI ← دەنگی AI / دەنگی AI پڕۆ

ئەگەر بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، باشترین دەنگ و کاریگەری دەوروبەری ڕاستەقینە پێشکەش دەکات لە سەر بنەمای زیرەکی دەستکرد بەگوێرەی ناوەرۆکەکە.

- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی تەلەفزیۆنەکە یان ئامێرە گرێدراوەکانی HDMI (ARC) جێبەجێ دەبێت کە پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکەن.
- کاتێک ئەم تایبەتمەندیە بۆ **هەڵکردن**, ⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** دانراوە، ئەوە دەگۆڕدرێت بۆ **دەنگی AI/دەنگی AI پڕۆ**.

## دەنگ ڕێکخستنی AI

⚙ ← ● ← گشتی ← خزمەتگوزاری AI ← دەنگ ڕێکخستنی AI

بە بوونی تایبەتمەندی **دەنگ ڕێکخستنی AI**، دەتوانیت شوێنی دانانی تەلەفزیۆن بزانیت لە ڕێگەی مایکرۆفۆنی مەجیک ڕیموتـی خۆت بۆ باشترکردنی دەنگی تەلەفزیۆنەکەت بۆ ژینگەکەی خۆت.
**دەستپێکردنی سازکردنی دەنگی نوێ** دەسنیشان بکە بۆ پێوانەکردنی ئەو شوێنەی تەلەفزیۆنەکەی تیادا دانراوە.
دوای ئەوەی کە پشکنین و ناسینی سەرمتایی تەواو بوو، دەتوانیت شێوازی دەنگی دڵخوازت هەڵبژێریت.

- **کوژاندنەوە** : ئەم بژاردەیە بەکار هێنانی دەنگی گۆڕدراو بە **دەنگ ڕێکخستنی AI** ناچالاک دەکات.
ئەگەر ئەم بژاردەیە هەڵبژێریت دەنگی تەلەفزیۆنەکەت بە شێوەی ئاسایی خۆی پەخش دەکرێتەوە بێ ئەوەی گۆڕانکاریەکی تێدا بکرێت.
- **ستاندەر** : ئەگەر ئەم بژاردەیە هەڵبژێریت، دەنگی گۆڕدراو بە **دەنگ ڕێکخستنی AI** بە شێوازی ستاندارد پەخش دەکرێتەوە. لەم شێوازە دا دەنگێکی بێگەرد و سروشتی پەخش دەکرێتەوە.
- **بەرزکردنەوەی دەنگ** : ئەگەر ئەم بژاردەیە هەڵبژێریت، دەنگی گۆڕدراو بە **دەنگ ڕێکخستنی AI** لەگەڵ جۆرێک تەکید

لەسەر دەنگی باس پەخش دەکرێتەوە.

- **بەرزکەرەوەی تریبڵ** : ئەگەر ئەم بژاردەیە هەڵبژێریت، دەنگی گۆڕدراو بە **AI دەنگ ڕێکخستنی** لەگەڵ جۆرێک تەکنیک لەسەر دەنگی زیر پەخش دەکرێتەوە.

- ئەگەر ئاستی نۆیز زیاتر لە ئاستی نۆیزی پەرتووکخانە (زیاتر لە 30 ~ 40 dBA) بێت، ئێمە پێشنیار دەکەین کە لەنێوان مەودای 3 میتر دا دابنین.
- ئەم فرمانە ڕەنگە باش کار نەکات ئەگەر:

  - نۆیزی پشتزەمینە یەکجار زۆر و زیاتر لە 40 dBA بێت.
  - تەلەفزیۆن و مەجیک ڕیمۆت بڕی 5 مەتر یان زیاتر لە یەکەوە دوورن.

## سەیرکردنی یارمەتی ناسینەوەی دەنگ

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **یارمەتی ناسینەوەی دەنگ**

لیستێک لە فەرمانەکانی دەنگ نیشان دەدات کە تەلەفزیۆنەکە دەتوانێت جێبەجێی بکات.

## بەکارهێنانی ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ**

دەتوانیت ڕێکبەندەکان بۆ تایبەتمەندیەکانی ناسینەوەی دەنگ جێبەجێ بکەیت.

## پێشنیارەکانی AI

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **پێشنیارەکانی AI**

دەتوانیت پەیامی پێشنیاری ناوەڕۆک وەربگریت بەگوێرەی مێژووی سەیرکردنی ناوەڕۆکت و مێژووی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشن.

### ئاگادارکردنەوە

#### سەرنجی هۆشمەند

دەتوانیت پێشەکیەک دەست بخەیت بۆ ئەو تایبەتمەندیە هۆشمەندانە کە دەتوانیت لە کاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆن یان بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنێک بەکاریان بێنیت.

## Next Picks

دەتوانیت پێشنیارەکان وەربگریت لە سەر بنەمای شێوازەکانی سەیرکردنت بۆ تەلەفزیۆن.

- ڕەنگە ئەم تایبەتمەندیە لە هەندێک وڵاتدا بەردەست نەبێت.

### ئاگاداری وەرزش

گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ئاگاداری وەرزش**. دەتوانیت سەیری زانیاری بکەیت دەربارەی پێشهاتە وەرزشیەکان و ئاگادارکەرەوە دابنێیت.
بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **وەرگرتنی زۆرترین سوود لە تەلەفزیۆنی هۆشمەند ← بەکارهێنانی ئاگاداری وەرزش** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

### بەڕێوەبردنی داتای بەکارهێنان

### ڕێککردنەوەی داتای بەکارهێنان

مێزووی سەیرکردنی ناوەڕۆک و مێزووی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشن ڕێک دەکاتەوە. ئەگەر ڕێکیان بکەیتەوە، هەندێک کات دەخایەنێت بۆ دووبارە وەرگرتنی پێشنیار بۆ ناوەڕۆکەکان.

- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

# باشترکەری یاری

## باشترکەری یاری

تایبەتمەندیەکان دیاری دەکات بۆ ئەزموونێکی ناوازە کاتێک یاری بە کۆنسۆلێکی ڤیدیۆ گەیم دەکەیت.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

02 لە سەر شاشەکە 🎮 دەسنیشان بکە.

03 دەسنیشانکردنی **هەڵکراو** گشت ڕێکبەندە پەیوەندیدارەکان هەڵدەکات.

- تەنها لەگەڵ ئینپوتی HDMI کار دەکات.
- کاتێک **باشترکەری یاری** بۆ **هەڵکراو** دانراوە، ڕەنگە دواکەوتنی دەنگ ڕووبدات ئەگەر **دەنگ بۆ دەرەوە** بۆ **ئامێری Bluetooth/سپیکەری WiSA/ئامێری Optical Out/ئامێری HDMI(ARC)** دابنرێت. بیگۆڕە بۆ **سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە** یان ⚙ ← ⋮ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **فۆرماتی دەنگی ئینپوتی HDMI دەسنیشان بکە** بگۆڕە بۆ **PCM**.
- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

### وێنە

### چەشنی یاری

دەتوانیت شاشەکە ڕێک بخەیت بەگوێرەی چەشنی یاریەکە.
دەتوانیت **جێگیرکەری ڕەش/جێگیرکەری سپی** دەسنیشان بکەیت و شوێنە تاریک و ڕووناکەکان باشتر بکەیت.
کرتە لە سەر **ریسێتکردنەوە** بکە بۆ ڕێککردنەوەی ڕێکبەندەکانی **جێگیرکەری ڕەش/جێگیرکەری سپی**.

## OLED Motion / OLED Motion Pro

دەتوانیت ڤیدیۆکەت ڕووننتر بکەیت لە ڕێگەی بنبڕکردنی دوا-وێنەکان.

## کەمکردنەوەی ڕووناکی شین

دەتوانیت ئاوتپوتی ڕووناکی شین ڕێک بخەیت بۆ پشوودان بە چاوەکانت لە کاتی سەیرکردنی شاشەکە.

## ڕێگری کردن لە دواکەوتنی ئینپوت (دواکەوتنی ئینپوت)

دواکەوتنی ئینپوت کەم بکەوە بەگوێرەی سیگنالّی وێنە.

## داشبۆردی یاری

ئەگەر ئەم بژاردەیە بخەیتە سەر **هەڵکردن**، دەتوانیت تایبەتمەندی **داشبۆردی یاری** بەکاربێنیت.

- تکایە سەیری **ڕێکبەندەکان** ← **ڕێکبەندە خێرای ڕێنمای بەکارهێنەر** بکە بۆ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی **داشبۆردی یاری**.

- ئەگەر ئەم تایبەتمەندیە بکەیت بە **هەڵکردن**، ناتوانیت هەندێک ئایتمی ڕێکبەندەکانی ڤیدیۆ بگۆڕیت.
- پێویستە **دۆخی دەسنیشانکردن**دیاریکرا بێت بۆ **باشترکەری یاری** پێش بەکارهێنانی تایبەتمەندیەکە.

# دەنگ

## دەنگی یاری AI

بە باشترین شێوە دەنگ بۆ یاری کردن میزان دەکات.

- کاتێک ئەم تایبەتمەندیە بۆ **هەڵکردن**, ⚙ ← ⋮ ← **دەنگ** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** دانراوە، ئەوە دەگۆڕدرێت بۆ **باشترکەری یاری**.
- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی تەلەفزیۆنەکە یان ئامێرە گرێدراوەکانی HDMI (ARC) جێبەجێ دەبێت کە پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکەن.

# تێچوو

## VRR

ئەمە تێکچوونی شاشە و لەرزین لە کاتی پەخشکردنی یاری کەم دەکاتەوە.

## VRR & G-Sync

تەکنەلۆجیای هاودەمکردنی ڕێکخەری نیشاندانی NVIDIA فرەیمەکان ڕێکدەخات بۆ کەمکردنەوەی تێکچوون و شێوانی شاشە.

## AMD FreeSync Premium

تەکنەلۆجیای هاودەمکردنی ڕێکخەری نیشاندانی AMD ڕێژەی تێکردن ڕێکدەخات بۆ کەمکردنەوەی پچڕان و شێوانی شاشە.

### باش سازاندنی شوێنە تاریکەکان

دەتوانیت ڕووناکی شوێنە تاریکەکان پلەبەند بکەیت بە **VRR & G-Sync**، **VRR** یان **AMD FreeSync** کە بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت.

- ڕەنگە بە ئاسایی کار نەکات بەگوێرەی تایبەتمەندیەکان یان ڕێکبەندەکانی کۆمپیوتەر یان کۆنسۆڵی یاری گرێدراو.

- بۆ بەکارهێنانی هەر یەک لە فەرمانەکان، پێویستە **HDMI Deep Color** بۆ تێرمینالەکە بۆ **4K** یان **8K** دیاریکرا بێت.
- دیاریکردنی هەر فەرمانێک بۆ **هەڵکردن** ڕەنگە وا بکات ڕووناکی کەمێک بگۆڕێت بەگوێرەی لەرەلەری ئامێری دەرەکی.

### ڕەنگی پێرست

ڕەنگی پێرستی **باشترکەری یاری** و **داشبۆردی یاری** دەکرێت بگۆڕدرێن.

### ڕێنمای بەکارهێنەر

گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

# کەناڵەکان

## خودکارانە سێتەپ کردنی کەناڵەکان

⚙ ← ● ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **سازاندنی کەناڵ** ← **سازاندنی خودکار**

خۆی بەرنامەکان میزان دەکات.

01 ئەو وڵاتە هەڵبژێرە کە تەلەفزیۆنەکە لەوێ بە کار دەهێنرێت. ڕێککردنەکانی بەرنامە بەپێی ئەو وڵاتە کە هەڵیدەبژێری دەگۆڕرێت.

02 دەست بکە بە **سازاندنی خودکار**.

03 لە ڕووی ڕێنماییەکانی سەر شاشە شێوازی میزانکردنی ئۆتۆماتیک دیاری بکە.

- ئەگەر سەرچاوەی پێدان بە شێوەیەکی گونجاو نەدرابێت لە تەلەفزیۆنەکە، ڕەنگە کاری تۆمارکردنی بەرنامە جێبەجێ نەبێت.
- **سازاندنی خودکار** تەنیا ئەو بەرنامانە دەدۆزێتەوە کە ئێستا پەخش دەکرێنەوە.
- ئەگەر بەشی **قوفڵکردنی کەناڵ** چالاک کرابێت، پەنجەرەیەکی لاوەکی دێتە ڕوو و داوای تێپەڕوشە دەکات.

## بۆ بەکارهێنانی 'میزانکردنی دەستی'

⚙ ← ● ← گشتی ← کەناڵەکان ← سازاندنی کەناڵ (سازکردن و ڕێکبەندکردنی کەناڵ) ← سازاندنی دەستی

ئەم کرداره بۆ گەڕانی بەدەستی و هەڵگرتنی کەناڵەکانە.
لە پەخشی دیجیتاڵ دا، دەکرێت هێزی سیگناڵ و کوالیتیی سیگناڵ چێک بکەیت.

## بۆ بەکارهێنانی 'تێستی سیگناڵ'

⚙ ← ● ← گشتی ← کەناڵەکان ← سازاندنی کەناڵ (سازکردن و ڕێکبەندکردنی کەناڵ) ← تێستی سیگناڵ

زانیاریەکانی MUX و خزمەتەکان و هتد نیشان دەدات.

- تێستی سیگناڵ تەنیا بۆ ئانتێن یان کابل نیشان دەدرێت.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## دەستکاریکردنی بەرنامەکان

دەتوانیت ئەو بەرنامانەی کە لەنێو هەموو بەرنامە تومارکراوەکان دا هەڵتبژاردوون دەستکاری بکەیت یان بیانخەیتە نێو لیستی بەرنامە دڵخوازەکان یان لەو لیستە لایان ببەیت.

### لیستی هەموو بەرنامەکان دەستکاری بکە

⚙ ← ● ← گشتی ← کەناڵەکان ← بەڕێوەبەری کەناڵ ← بژارکردنی هەموو کەناڵەکان

دەتوانیت ئەو بەرنامانەی کە لەنێو هەموو بەرنامە تومارکراوەکان دا هەڵتبژاردوون قوفڵ بکەیت یان ئازاد بکەیت، یان دەتوانیت بە جۆرێک ڕێکیان بکەیت کە لە کاتی گۆڕینی بەرنامە دا بپەڕێندرێن.




❶ بژاردەی ڕیزکردن دیاری بکە.

❷ **قوفڵ کردن / کردنەوەی قوفڵ** : بەرنامە هەڵبژێراوەکان قوفڵ بکە یان بەرنامە قوفڵکراوەکان ئازاد بکە.
**بازدان / هێنانەوە** : بەرنامە هەڵبژێراوەکان بە جۆرێک ڕێک بکە کە لە کاتی گۆڕینی بەرنامە دا بپەڕێندرێن، یان حاڵەتی پەڕاندن لابببە لەسەر ئەو بەرنامانەی کە دیاری کراون بۆ ئەوەی بپەڕێندرێن.
**گواستنەوە** : کەناڵە هەڵبژێراوەکان بگوازەوە.
**بژارکردنی ژمارەی کەناڵەکان** : ژمارەی کەناڵە هەڵبژێراوەکان بگۆڕە.

**سڕینەوە** : کەناڵە هەڵبژێرراوەکان بسڕەوە.

- ئەو ئامرازانەی کە هەن ڕەنگە پێی سیگنالی پەخش جیاواز بن.
- بۆ مۆدێلێک کە پشتیوانی دەکات لە بەرنامەی سەتەلایت، دەتوانیت لە بەشی **بژارکردنی کەناڵەکانی سەتەلایت (پێشکەوتوو)** دا کەناڵەکانی سەتەلایت بە دڵی خۆت دەستکاری بکەیت.

**لیستی بەرنامە دڵخوازەکان دەستکاری بکە**

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **بەڕێوەبەری کەناڵ** ← **بژارکردنی دڵخوازەکان**

دەتوانیت بەرنامەی مەبەست بخەیتە نێو لیستی بەرنامە دڵخوازەکان یان لای ببەیت لەنێو ئەو لیستە، جێگەی بگۆڕیت، و هتد.




1. لە لیستی هەموو بەرنامەکان دا ئەو بەرنامانەی کە دەتەوێت هەڵبژێرە و دوگمەکە فشار بدە بۆ ئەوەی بخرێنە نێو لیستی بەرنامە دڵخوازەکان.
2. ئەو بەرنامانەی کە هەڵبژێرراون لابببە لە لیستی بەرنامە دڵخوازەکان.
3. **گواستنەوە** : کەناڵێک یان زیاتر دەسنیشان بکە لە لیستی کەناڵە خوازراوەکان، دوگمەی **گواستنەوە** دابگرە، و ئینجا ئەو شوێنە دەسنیشان بکە بۆ گواستنەوە بۆی. کەناڵە دەسنیشانکراوەکە بۆ ئەو شوێنە دەگوازرێتەوە کە دەسنیشانت کرد.
   **گۆڕینی ناوی گرووپی دڵخواز** : ناوی لیستی بەرنامە دڵخوازەکان بگۆڕە.
   **ڕێزبەندی بە کەناڵ** : لیستی کەناڵە دڵخوازەکان بەگوێرەی کەناڵ ڕێز بکە.

## زیاتر بزانە دەربارەی HbbTV

HbbTV (تەلەفزیۆنی بەرینباندی پەخشی هایبرید) ستانداردێکی پەخشی نوێ یە کە ئیمکانی ئەوە فەراهەم دەکات خزمەتەکانی جۆری سووپەر-تێلەتێکست کە لەلایەن بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیەوە دابین دەکرێن لەگەڵ ئەو خزمەتە ئینتەرنێتیانە کە لە ڕێگەی بەرینباندەوە لەسەر Smart TVی پەیوەستکراو بە ئینتەرنێت بۆلاو دەکرێنەوە یەک بخات یان پەیوەستیان بکات بە یەکترەوە.

بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **چێژ لە تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ وەرگرە** ← **HbbTV** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێل پشتیوانیکراو نەبن.

# تۆڕ

## دیاریکردنی تۆڕی تەلدار

⚙ ← ● ← گشتی ← تۆڕ ← گرێدانی تەلدار (ئیسەرنێت)

ئەگەر ڕێککردنەکانی تۆڕ دیاری بکەیت، دەتوانیت خزمەتگەلی جۆربەجۆر وەک ناوەڕۆک و بەرنامەی سەرهێڵ بە کار بهێنیت.
ئەگەر ڕاوتەری گرێدراو بە تۆڕەکە پشتیوانی لە تایبەتمەندی DHCP ناکات، گرێدانی تەلەفزیۆنەکە و ڕاوتەرەکە لە ڕێگەی وایەر خودکارانە گرێدان بە تۆڕ دەکات. ئەگەر پشتیوانی سێتەپی خودکار ناکات، دەتوانیت **بژارکردن** دەسنیشان بکەیت بۆ بە دەستی سێتەپکردنی گرێدانی تۆڕەکەت.

- سێتەپی IPv6 پشتیوانی **بژارکردن** ناکات.
- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی گرێدان بە تۆڕ، سەیری **دەستپێکردن لەگەڵ LG webOS TV** ← **گرێدان بە تۆڕ** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

## ڕێککردنی 'تۆڕی بێتەل'

ئەگەر ڕێککردنەکانی تۆڕ دیاری بکەیت، دەتوانیت خزمەتگەلی جۆربەجۆر وەک ناوەڕۆک و بەرنامەی سەرهێڵ بە کار بهێنیت.
ئەگەر تەلەفزیۆنەکەت بۆ تۆڕی بێتەل ڕێک کردبێت، دەتوانیت بگەڕیت بۆ ئەو تۆڕە بێتەلانەی ئینتەرنێت کە هەن و پەیوەستیان بکەیت بە تەلەفزیۆنەکەت.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.
02 ئەمە هەڵبژێرە: ● ← گشتی ← تۆڕ ← گرێدانی Wi-Fi.
03 لەسەر **هەڵکراو** دابنە.
04 ڕاوتەری بێتەل دەسنیشان بکە بۆ گرێدان.
بۆ ڕێکبەندی تێروتەسەڵی زیاتر، **تۆڕی دیکە** دەسنیشان بکە.

### تۆڕێکی بێتەلی شاراوە زیاد بکە

ئەگەر ڕاستەوخۆ ناوی تۆڕەکە داخل دەکەیت، دەتوانیت تۆڕێکی بێتەل زێدە بکەیت.

### گرێدان لە ڕێگەی WPS PBC

ئەگەر ئەو ڕاوتەرە بێتەلەی دەتەوێت گرێدانی لەگەڵ بکەیت تایبەتمەندی پاراستنی شێوەبەندی دوگمەی داگرتنی سێتەپی وای فای (WPS-PBC)ی هەبێت، دەتوانیت بە ئاسانی گرێدان بە ڕاوتەری بێتەل بکەیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی WPS-PBCی سەر ڕاوتەرەکە. دوگمەی WPS-PBCی ڕاوتەری بێتەل دابگرە و ئینجا دوگمەی [گرێدانی]ی تەلەفزیۆنەکە دابگرە.

### گرێدان لەڕێگەی WPS PIN

ئەمە ڕێگایەکە بۆ گرێدان بە خاڵی گەیشتن بە بەکارهێنانی تایبەتمەندی پاراستنی شێوەبەندی دوگمەی داگرتنی سێتەپی وای فای (WPS-PIN). ئەو خاڵی گەیشتنە (AP) دەستنیشان بکە کە دەتەوێت گرێدانی لەگەڵ بکەیت. ئەو PIN-ـە بنووسە کە لە سەر ئامێری Wi-Fiی خاڵی گەیشتن نیشاندراوە.

### ڕێکبەندە پەرەسەندووەکانی Wi-Fi

کاتێک گرێدان بە تۆڕێکی بێتەل دەکەیت دەتوانیت زانیاری گرێدانی وەک زانیاری ناونیشانی IPای تۆڕی بێتەل ببینیت. سەرەڕای ئەوەش، دەتوانیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی **بژارکردن** ناونیشانی IP و ناونیشانی سێرڤەری DNS بگۆڕیت کە دەتەوێت گرێدانی لەگەڵ بکەیت.

- سێتەپی IPv6 پشتیوانی **بژارکردن** ناکات.
- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی گرێدان بە تۆڕ، سەیری **دەستپێکردن لەگەڵ LG webOS TV** ← **گرێدان بە تۆڕ** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

# ئامێرەکان

## دیاریکردنی تەلەفزیۆن

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **ئامێرەکان** ← **بەڕێوەبردنی تەلەفزیۆن**

### دۆخی ماڵەوە/فڕۆشگا

دەتوانیت لە نێوان **'شێوازی ماڵەوە'** و **'شێوازی فڕۆشگا'** دا یەکێکیان هەڵبژێریت.
بۆ بەکارهێنانی تەلەفزیۆن لە ماڵەوە، **'شێوازی ماڵەوە'** هەڵبژێرە.
**شێوازی فڕۆشگا** دەستنیشان بکە تەنها ئەو کاتەی تەلەفزیۆنەکە لە فڕۆشگایەک نمایش دەکرێت. **شێوازی فڕۆشگا** ڕێکبەندی باشترکراو بۆ نیشاندانی فڕۆشگا پێشکەش دەکات.

### دەستپێکردنی خێرا+

لەم شێوازە دا، کاتێک تەلەفزیۆنەکەت دەکوژێنیتەوە، دەچێتە حاڵەتی ئامادەباش بۆ ئەوەی هەرکات هەڵتکردەوە خێراتر بتوانیت ئامراز و فرمانەکانی بە کار بهێنیت.
**دەستپێکردنی خێرا+** بخەنە سەر دۆخی **هەڵکردن**.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- چالاک کردنی ئەم فەرمانە ڕەنگە ببێتە هۆی بەکارهێنانی وزەی زیاتر.

### زانیاری تەلەفزیۆن

دەتوانیت سەیری زانیاری بکەیت وەک **مۆدێل**، **ژمارەی زنجیرەیی**، **ناوی ئامێر**.

## بەڕێوەبردنی گرێدانەکانی ئامێری دەرەکی

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **ئامێرەکان** ← **ئامێرە دەرەکییەکان**

دەتوانیت ئەو دیاری بکەیت ئامێرێکی هۆشمەند بەکاربێنیت کە بە تەلەفزیۆنەکە گرێدراوە بۆ ئەوەی تەلەفزیۆنەکە بخاتە کار یان مێژووی گرێدان بەڕێوە ببات.

- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

## گرێدانی کۆنترۆڵەری Bluetooth

دەتوانیت ئامێرەکانی وەک تەختەکلیل، ماوس یان گەیمپادی Bluetooth بە تەلەفزیۆنەکەت گرێ بدەیت و بەکاریبێنیت. ئامێرەکەت هەڵبکە، لەسەر شێوازی جووتکردن دابینێ، و پاشان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەت دا لەسەر **گرێدان** کلیک بکە. کاتێک ئامێرێک کە پێشووتر گرێتداوە هەڵدەکرێت، خودکارانە گرێدان بە تەلەفزیۆنەکەت دەکات. بۆ پچڕاندنی ئەو پەیوەندییەی کە ئێستا هەیە، لەسەر **جیاکردنەوە** کلیک بکە.

- وا ڕێنمایی دەکرێت کە لەگەڵ بەرهەمێک بەکاربهێندرێت کە بۆ سازبوون لەگەل بەرهەمەکانی LG تاقیکرابێتەوە.
  تەختەکلیلی Bluetooth : LG Rolly Keyboard2 KBB-710, Arteck HB192, Logitech K480،
  تەختەکلیلی Apple Magic، تەختەکلیلی Arteck HB030B
  ماوسی Bluetooth : Logitech Mx Master 2S, Logitech M535, Apple Magic Mouse2
  گەیمپادی Bluetooth : SONY DualShock 4، MICROSOFT Xbox One S، NVIDIA Shield
  زنجیرە X،Amazon Luna Controller، MICROSOFT Xbox Controller
- ئەم تایبەتمەندیە تەنها بۆ مۆدێلە Bluetooth چالاککراوەکان بەردەستە.
- گرێدانی کۆمەڵێک ئامێری Bluetooth ڕەنگە بێتە هۆی لاوازی گرێدان یان کارپێکردن.
- ئەگەر ئامێری Bluetooth زۆر لە تەلەفزیۆنەکە دوورە، یان ئەگەر بەربەست لە نێوانیاندایە، ڕەنگە بە شێوەیەکی ئاسایی کار نەکەن.
- بەگوێرەی ئامرازەکان (ڕاوتەری بێتەل، فرنی مایکرۆوەیڤ، هتد)، ڕەنگە شکستهێنانی پەیوەندیکردن ڕووبدات.
- ئەگەر ئەو ئامێرەی لە **ئامێرە تۆمارکراوەکان** دەسنیشانتکردووە گرێ نەدرێتەوە، **جیاکردنەوە**و ئینجا دووبارە ئامێرەکە گرێ بدەوە.
- ئەمە لە ئامێرێکەوە بۆ ئامێرێکی تر جیاوازە. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو ئامێرەی کە دەتەوێت پەیوەستی بکەیت، ڕێنمای بەکارهێنەری ئەو ئامێرە بخوێنەوە.

## کامیرا

دەتوانیت ڕێپێدانەکانی دەسگەیشتن بە کامێرا بۆ هەر یەک لە ئەپلیکەیشنەکان دیاری بکەیت.

## مایکرۆفۆن

دەتوانیت ڕێپێدانەکانی دەسگەیشتن بۆ مایکرۆفۆن بۆ هەر یەک لە ئەپلیکەیشنەکان دیاری بکەیت.

## ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی

ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی سێتەپ بکەیت، دەتوانیت ئامێری لاوەکی گرێدراو بە تەلەفزیۆنەکەت لە ڕێگەی مەجیک ڕیموت کۆنترۆڵ بکەیت لەجیاتی ڕیموت کۆنترۆڵی خۆیان.
بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **شێوازی بەکارهێنانی تەلەفزیۆن** ← **بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

### بە مۆبایل هەڵی بکە

ئەگەر **هەڵکردن لە ڕێگەی Wi-Fi** یان **هەڵکردن لە ڕێگەی Bluetooth** دیاریکرا بێت بۆ **هەڵکردن**، دەتوانیت تەلەفزیۆنەکەت بخەیتە کار بە بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنێک کە پشتیوانی لە **بە مۆبایل هەڵی بکە** دەکات.

- دەبێت تەلەفزیۆنەکە بە تۆڕەکەوە گرێدرابێت.
- دەبێت تەلەفزیۆنەکە و ئەو ئامێرەی کە بە کار دەهێنرێت کۆنێکت کرابێتن بە یەک تۆڕەوە.
- ئامرازی **هەڵکردن لە ڕێگەی Wi-Fi** دەبێت لەنێو ئەپێک دا لەسەر ئامێرێکی هۆشمەند کە پشتیوانی دەکات لە ئەم ئامرازە بە کار بهێنرێت.
- **هەڵکردن لە ڕێگەی Bluetooth** تەنها لە سەر هەندێک تەلەفۆنی هۆشمەند بەردەستە.
- پێویستە تەلەفزیۆنەکە دراببێت لە کارەبا.
- یەکەم جار کە دەتەوێت کۆنێکی بکەیت، دڵنیا ببە ئەو ئامێرەی کە بەکاری دەهێنیت ئامادە یە بۆ کۆنێکت کردن.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

### سڕینەوەی مێژووی گرێدان

دەتوانیت مێژووی گرێدانی ئامێرەکە بسڕیتەوە کە بە تۆڕی بێتەل بە تەلەفزیۆنەکە گرێدراون.

## دیاریکردنی ئینپوتی دەرەکی HDMI

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **ئامێرەکان** ← **ڕێکبەندەکانی HDMI**

دەتوانیت ڕێکبەندەکان جێبەجێ بکەیت بۆ دڵنیاکردنی وێنەیەکی ڕوون و کۆنترۆڵ کردنی ئاسان بۆ ئامێرە گرێدراوەکانی HDMI.

### HDMI Deep Color

ئەگەر ئامێرێک گرێ بدەیت کە پشتیوانی **HDMI Deep Color** دەکات، دەتوانیت چێژ لە وێنەی ڕووتر وەربگریت.
لە دوای گرێدانی ئامێری پەخش کردنەوە، **HDMI Deep Color** بکە بە **4K**.
ئەگەر ئامێرە گرێدراوەکە پشتیوانی ئەم کرداره نەکات، ڕەنگە بە دروستی کارنەکات.
کاتێک کێشەیەک ڕوو دەدات، تکایە ڕێکبەندی **HDMI Deep Color** بۆ **کوژاندنەوە** بگۆڕە.

ئاستی وردبینیی پشتیوانیکراو بۆ شاشە

- 4K : پشتیوانی دەکات لە 4K@120 Hz (4:4:4، 4:2:2، 4:2:0)
- کوژاندنەوە : پشتیوانی دەکات لە 4K@60 Hz (4:2:0)

فۆرمەتی پشتیوانیی 4K @ 100/120 Hz

| وردبینی | ڕێژەی فرەیم (Hz) | قوواڵایی ڕەنگ/گرتنی نموونەی ڕەنگ | | |
|---|---|---|---|---|
| | | 8 بیت | 10 بیت | 12 بیت |
| 3840 × 2160p<br>4096 × 2160p | 50<br>59.94 | YCbCr 4:2:0 | YCbCr 4:2:0 [1] | YCbCr 4:2:0 [1] |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 60 | (1) YCbCr 4:2:2 | (1) YCbCr 4:2:2 | (1) YCbCr 4:2:2 |
| | (1) YCbCr 4:4:4 | (2) (1) YCbCr 4:4:4 | (2) (1) YCbCr 4:4:4 |
| | (1) RGB 4:4:4 | (2) (1) RGB 4:4:4 | (2) (1) RGB 4:4:4 |
| 100<br>120 | (2) (1) YCbCr 4:2:0 | (2) (1) YCbCr 4:2:0 | (2) (1) YCbCr 4:2:0 |
| | (2) (1) YCbCr 4:2:2 | (2) (1) YCbCr 4:2:2 | (2) (1) YCbCr 4:2:2 |
| | (2) (1) YCbCr 4:4:4 | (2) (1) YCbCr 4:4:4 | - |
| | (2) (1) RGB 4:4:4 | (2) (1) RGB 4:4:4 | - |

1) کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **HDMI Deep Color** لەسەر حاڵەتی **4K** دانرابێت.
2) ئەم تایبەتمەندیە تەنها بۆ تێرمینالەکانی **HDMI (4K@120 Hz) IN** بەردەستە.

- تەنیا دەتوانیت ڕێککردنەکانی ئەو **HDMI IN**ـە کە لەو کاتە دا سەیری دەکەیت بگۆڕیت.
- دەتوانیت ڕێککردنێکی جیاواز بۆ هەر پۆرتێکی HDMI دیاری بکەیت.

### (SIMPLINK (HDMI-CEC

دەتوانیت بەئاسانی ئامێری جۆربەجۆری مولتیمیدیا کە لە ڕێگەی HDMI پەیوەست کراون بە ڕیموت کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکە، کۆنترۆڵ بکەیت و بە کاریان بهێنیت.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **شێوازی بەکارهێنانی تەلەفزیۆن** ← **گرێدان بە (SIMPLINK (HDMI-CEC** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

# سیستم

## ڕێککردنی زمان

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **زمان (Language)**

دەتوانیت زمانی مێنووی سەرشاشە و زمانی دەنگی پەخشی دیجیتاڵ هەڵبژێریت.

### زمانی پێرست (Menu Language)

دەتوانیت یەکێک لە زمانەکانی مێنوو هەڵبژێریت بۆ ئەوەی لەسەر شاشە نیشان بدرێت. زمانی ناسینەوەی قسە خودکارانە بۆ زمانی دیاریکراو بۆ پێرستەکە دادەنرێت.

- ناسینەوەی قسە تەنها بۆ هەندێک مۆدێڵ جێبەجێ دەکرێت.

### زمانی دەنگیی بنەڕەتی / زمانی دەنگیی لاوەکی

کاتێ کە بەرنامەیەکی دیجیتاڵ پەخش دەبێتەوە کە چەند زمانی هەیە، دەتوانیت ئەو زمانە هەڵبژێریت کە دەتەوێت.
لە ئەو بەرنامانە دا کە پاڵپشتی ناکەن لە چەند زمان، زمانی گریمانە بە کار دەهێنرێت.

- بۆ پەخشی دیجیتاڵە.

### زمانەکانی تەختەکلیل

زمانێک بۆ گەڕانی دەنگی هەڵبژێرە.

#### بۆ ڕێککردنی زمانی تێلەتێکست

زمانی تێلەتێکست دیاری دەکات.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **چێژ لە تەلەفزیۆنی راستەوخۆ وەرگرە** ← **دەقی زانیارییەکان** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

- تەنیا لە شێوازی دیجیتاڵ دا

## ڕێککردنی شوێن

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **شوێن**

دەتوانی ڕێککردنەکانی شوێن بۆ تەلەفزیۆنی هۆشمەندی خۆت بگۆڕیت.

### ڕێکبەندی ناونیشان

دەتوانیت **هەرێم** و **شار** ی تەلەفزیۆنەکەت بەکار بێنیت.

### وڵاتی پەخشکردن

دەتوانیت وڵاتی پەخش لە سەر تەلەفزیۆنەکەت دیاری بکەیت.

### کۆدی زیپ

ئەم فرمانە بە کار دەهێنرێت بۆ ئەوەی لەڕێگەی پێدانی کۆدی پۆستیەوە شوێنی پەخشی تەلەفزیۆنەکەت دیاری بکەیت.

### وڵاتی خزمەتگوزاریەکانی LG

ئەگەر بەشی **دانان بە خودکار** چالاک نەکەیت، دەتوانیت بە شێوەی دەستی وڵاتی خۆت هەڵبژێریت.

### ڕێکبەندی شوێنی کەشوهەوا

تکایە ناوچەی خۆت دیاری بکە بۆ نیشاندانی کەشوهەوا لە سەر سکرین سەیڤەر و هتد.

- ئەگەر پەیوەست نەبیت بە تۆری ئینتەرنێتەوە، دەبێ بە شێوەی دەستی وڵات هەڵبژێریت.
- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

## کات و تایمەر

**گشتی** ← **سیستم** ← **کات و تایمەر** ← ⋮ ← ⚙

دەتوانیت سەیری کات بکەیت یان ڕێکبەندە پەیوەندیدارەکان شێوەبەند بکەیت.

### دانان بە خودکار

کاتی تەلەفزیۆنەکە خودکارانە بۆ کاتی زانیاری پەخشکردنی دیجیتاڵی دیاری دەکرێت کە لە لایەن وێستگەی پەخشکردنەوە دەنێردرێت یان کاتی ناردراو لە لایەن سێرڤەرەکەوە.

### کات / بەروار / هەرێمی کات

ئەگەر کاتی دیاریکراو میزان نەبێت، دەتوانیت بە شێوەی دەستی کات و ڕۆژ میزان بکەیت.

- ئەگەر بە دەستی دیاری بکەیت لەگەڵ ئەنتێنای گرێدراو، زانیاری خشتە، ڕێنوێنی پرۆگرام، هتد. ڕەنگە بە دروستی کار نەکەن.

### ساژاندنی ناوچەی کات

کاتێکك **ساژێنراو** لە بەشی **هەرێمی کات** هەڵدەبژێریت، مێنووی **ساژاندنی ناوچەی کات** چالاک دەبێت.

### کاتگرەکان

#### کاتگری نووستن

دیاری دەکات کە تەلەفزیۆنەکە لە کاتێکی دیاریکراو دا بکوژێتەوە.
ئەگەر ناتەوێت **کاتگری نووستن** بە کار بهێنیت، **کوژاندنەوە** هەڵبژێرە.

#### تایمەری هەڵکردن

**تایمەری هەڵکردن** بخەنە سەر دۆخی **هەڵکراو**.
تەلەفزیۆنەکە هەڵکراوە و کەناڵە دیاریکراوەکە لە کاتە دیاریکراوەکە نیشان دەدات.

- **کات** : ئەو کاتە دیاری بکە کە تیایدا تەلەفزیۆنەکە هەڵ بکرێت.
- **دووبارە بوونەوەی کاتگر** : ڕۆژی هەفتە دیاری بکە. بەربژارەکە بۆ **هیچکام** دیاری بکە بۆ تەنها یەک جار کارپێکردنی تایبەتمەندیەکە.
- **تێچوو** : ئینپوتێکی دەرەکی دیاری بکە بۆ نیشاندان کاتێک هێزەکە هەڵدەکرێت.

- **کەناڵی کاتگر** : کەناڵێک دیاری بکە بۆ نیشاندان کاتێک هێزەکە هەڵدەکرێت. ئەم بەربژارە تەنها ئەو کاتە دەکرێت دیاری بکرێت کە **تێچوو** بۆ **TV** دیاریکراوە.
- **ئاستی دەنگ** : ئاستی دەنگ دیاری بکە بۆ بەکارهێنان کاتێک هێزەکە هەڵدەکرێت.

### تایمەری کوژاندنەوە

**تایمەری کوژاندنەوە** دیاری بکە بۆ **هەڵکراو**.
تەلەفزیۆنەکە لە کاتە دیاریکراوەکە دەکوژێتەوە.

- **کات** : ئەو کاتە دیاری بکە کە تیایدا تەلەفزیۆنەکە بکوژێتەوە.
- **دووبارە بوونەوەی کاتگر** : ڕۆژی هەفتە دیاری بکە. بەربژارەکە بۆ **هیچکام** دیاری بکە بۆ تەنها یەک جار کارپێکردنی تایبەتمەندیەکە.

### کوژاندنەوەی خودکار لە دوای 4 کاتژمێر

ئەگەر بۆ ماوەی 4 کاتژمێر لە دوای هەڵکردنی تەلەفزیۆنەکە هیچ دوگمەیەک دانەگریت لە ڕێگەی تایبەتمەندیەکی وەک **تایمەری هەڵکردن**، تەلەفزیۆنەکە خودکارانە دەکوژێتەوە.
بۆ دڵنیابوون لەوەی کە تەلەفزیۆنەکە ئۆتۆماتیک ناکوژێتەوە، **کوژاندنەوەی خودکار لە دوای 4 کاتژمێر** لەسەر حاڵەتی **کوژاندنەوە** دابنێ.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

- بۆ بەکارهێنانی **تایمەری هەڵکردن/تایمەری کوژاندنەوە**، کات بە دروستی دیاری بکە.

## ڕێککردنی سەلامەتی

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **سەلامەتی**

دەتوانیت قوفڵ بخەیتە سەر پەخشەکانی تەلەفزیۆن یان ئەپلیکەیشنەکان.
دیاری بکە بۆ **هەڵکراو** بۆ جێبەجێکردنی قوفڵەکە.

### قوفڵکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆن

ئەم ئامرازە بەپێی ئەو زانیاریە کە لە وێستگەی پەخش وەیدەگرێت کار دەکات. لەبەر ئەمە، ئەگەر سیگنڵ زانیاریی نادروست بدات، ئەم ئامرازە کار ناکات.
بەپێی پلەبەندیی دیاریکراو، ڕێگە نادات منداڵان سەیری بەرنامەکانی تایبەتی گەورەسااڵن بکەن. بۆ تماشاکردنی بەرنامەی قوفڵکراو تێپەڕوشەکەی پێ بدە. پلەبەندی لە هەر وڵاتێک دا جیاوازە.

- تەنها لە شێوازی دیجیتاڵ دا پشتیوانی دەکرێت.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

### قوفڵکردنی کەناڵ

ئەو بەرنامە کە ناوەڕۆکەکەی بۆ منداڵان شیاو نیە قوفڵ دەکات. دەتوانیت بچیتە سەر کەناڵەکە بەڵام شاشەکەی بەتاڵە و دەنگەکەی بڕاوە. بۆ تماشاکردنی بەرنامەیەکی قوفڵکراو، تێپەڕوشەکەی پێ بدە.

### قوفڵکردنی کاربەرنامەکان

دەتوانیت کاربەرنامەکان قوفڵ بکەیت یان قوفڵی سەریان لابببەیت.

- ئامرازی قوفڵکردن بۆ ئەو بەرنامەی کە ئێستا کراوەتەوە و کاری پێ دەکەیت ڕاستەوخۆ بوونی نیە.

### قوفڵکردنی تێچوو

دەتوانیت قوفڵی پێدراو چالاک ببەیت یان لای ببەیت.

### ڕێککردنەوەی نهێنوشە

وشەی نهێنیی تەلەفزیۆن دیاری بکە یان بگۆڕە.

- نهێنوشەی بنەڕەتی وەک "0000" دیاریکراوە.
کاتێک فەرمنسا یان نەرویج بۆ وڵات دەستنیشان دەکرێت، نهێنوشەکە "0000" نیە بەڵکو "1234" ـە.

#### گۆڕینی تێپەڕوشەی لەدەستچوو

ئەگەر ئەو تێپەڕوشەی کە دیاری دەکەیت، لە دەست بدەیت، دەتوانیت بەم شێوەی خوارەوە بیگۆڕیت:

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

02 ئەمە هەڵبژێرە: ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **سەلامەتی**.

03 لەسەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⊞ **(کەناڵەکان)** ∧ ← ⊞ **(کەناڵەکان)** ∧ ← ⊞ **(کەناڵەکان)** ∨ ← ⊞ **(کەناڵەکان)** ∧ on فشار بدە. پەنجەرەی پێدانی تێپەڕوشەی سەرەکی نیشان دەدرێت.

04 لە پەنجەرەی داخلکردنی تێپەڕوشەی سەرەکی دا ژمارەی "0313" داخل بکە و پاشان **تێبکە** فشار بدە. تێپەڕوشە ڕیسێت دەبێتەوە.

## حسابی LGیت بەڕێوە ببە؟

لە **ئەژمێری LG** دا، دەتوانیت ئادرسی ئیمەیلی خۆت بە کار بهێنیت بۆ دروستکردنی حیسابێکی نوێی LG.
بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **دەستپێکردن لەگەڵ LG webOS TV** ← **حسابی LGیت بەڕێوە ببە؟** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

## بەکارهێنانی ڕێکبەندەکانی تەلەفزیۆنی واڕۆ

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندەکانی تەلەفزیۆنی واڕۆ**

دەتوانیت پێڕستی تایبەت بۆ LG SIGNATURE OLED TV R دیاری بکەیت.

### Always-on

دەتوانیت ئامێرێکی هۆشمەند بە تەلەفزیۆنەکەت گرێ بدەیت لە ڕێگەی Bluetooth بۆ پەخشکردنی مووزیک.

### کردنەوەی SIGNATURE

ناوەڕۆکی سەیرکراو دەستنیشان بکە کاتێک شاشەکە دەردەکەوێت لەو کاتەی تەلەفزیۆنەکە هەڵدەکرێت.

### ئاستی دەنگی هێزی تەلەفزیۆن

ئەم تایبەتمەندیە ڕێگەت پێدەدات کاریگەریەکانی دەنگ هەڵ بکەیت/بکوژێنیتەوە کە دەبیستیت لە کاتی هەڵکردن یان کوژاندنەوەی تەلەفزیۆنەکەت.

## بەکارهێنانی ئاگانامەکان

⚙ ← ● ← گشتی ← سیستم ← ڕێکبەندی زیاتر ← ئاگانامەکان

دەتوانی هاوکات تەواوی ئاگادارییەکانی ئەپەکانی تەلەفزیۆنەکە و خزمەتی LG ببینیت. دەتوانیت هەر یەک لە نامەکانی ئاگادارکردنەوە سەیر بکەیت و بسڕیتەوە. بۆ ئەو ئاگانامانەی کە پشتیوانی لە کورتەڕێ دەکەن، دەتوانیت ڕاستەوخۆ بۆ ئەو ئەپلیکەیشن یان وێبسایتە بچیت.




1 دەتوانیت سەیری ووردەکاریەکان بکەیت لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ئایتمی ویستراو. ئەگەر پشتیوانی لە کورتەڕێ دەکات، دەتوانیت ئەپلیکەیشنەکە بخەیتە کار.

2 دەتوانیت ئاگادارییەکان بسڕیتەوە.

3 ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.
بۆ کوژاندنەوەی کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند، دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** دەستنیشان بکە.

## ڕێکبەندەکانی ماڵەوە

⚙ ← ● ← گشتی ← سیستم ← ڕێکبەندی زیاتر ← ڕێکبەندەکانی ماڵەوە

### هەڵکردنی شاشە

دەتوانیت شاشەکە دەستنیشان بکەیت ئەوەی لە کاتی هەڵکردنی تەلەفزیۆنەکە نیشان بدرێت.

### ڕیکلامی ماڵەوە

دەتوانیت ڕیکلامکردن هەڵ بکەیت یان بکوژێنیتەوە لە سەر شاشەی سەرەکی.

### پێشنیاری ناوەڕۆک

دەتوانیت پێشنیارەکانی ناوەڕۆک لە سەر شاشەی ماڵەوە وەربگریت.

- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.

## ڕێکلامی پەردەپارێز

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **ڕێکلامی پەردەپارێز**

دەتوانیت ڕیکلامی نیشاندراوی سەر پارێزەری شاشەی چەند ئەپلیکەیشنێک هەڵ بکەیت یان بکوژێنیتەوە. دیاریکردن بۆ **کوژاندنەوە** ڕێگەت پێدەدات ڕیکلامی نیشاندراوی سەر پارێزەری شاشە بکوژێنیتەوە.

## بۆ ڕێککردنی نیشاندەری پاوەر

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **ڕووناکی ئامادەگی**

دەتوانیت چرای ئامادەباش هەڵ بکەیت یان بکوژێنیتەوە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## دانانی نیشاندەری مەجیک ڕیموت

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **بەربژاری ئاماژەدەر**

دەتوانیت خێرایی و قەبارەی نیشاندەرەکە دیاری بکەیت کە دەتەوێت لە کاتێکدا لە سەر شاشەکەدایە.

### ڕچەگرتنی خێرایی

خێرایی نیشاندەر دیاری دەکات.

### قەبارەی نیشاندەر

قەبارەی نیشاندەر دەسنیشان بکە.

## ڕێکلام

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **ڕێکلام**

ئەگەر تەلەفزیۆنەکەت بە ئینتەرنێتەوە گرێدرابێت، لەوانەیە webOS ڕیکلامی فایلەکانی وابەستەبوون سوود لە سنوورەکانی لەرەلەر وەرگرێت بۆ زانینی چەند جارەی نمایشکردنەوەی هەر ڕیکلامێک.

ئەم زانیاریانە بۆ سنووردارکردنی جارەکانی نیشاندانی ڕێکلامێک بە کار دەهێنرێت. هەر کاتێک بتەوێت دەتوانیت بچیتە بەشی ڕێککردنی **ڕێکلام** لە تەلەفزیۆنەکەت و ئەم کووکیە بسڕیتەوە یاخود چالاک یان ناچالاکی بکەیت.
هیچ زانیارییەکی تایبەتی کەسی گرێدراوی ئەم فایلانەی وابەستەبوونەوە نییە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## بەکارهێنانی Live Plus

**Live Plus** بریتیە لە خزمەتگوزاریەک کە کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی ئەو پڕۆگرامانەی سەیری دەکەیت پێشکەش دەکات.
بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **وەرگرتنی زۆرترین سوود لە تەلەفزیۆنی هۆشمەند ← Live Plus** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## ناسنامە دابنێ

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **ناسنامە دابنێ**

دەتوانێت (ناسنامە)یەکی ژمارە دیاری بکەیت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک تەلەفزیۆن.

- ئەم تایبەتمەندیە بۆ سەرپەرشتەکانە. بۆ بەکارهێنان لە ژینگەیەکی نمونەیی ماڵەوە پێشنیارکراو نیە.

## گەڕاندنەوە بۆ ڕێککردنی کۆمپانی

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ریسێتکردنەوە بۆ ڕێکبەندە بنەڕەتیەکان**

تەلەفزیۆنەکە ببەوە سەر ڕێککردنی کۆمپانی. ئەمە هەموو ڕێککردنەکان دەباتەوە سەر حاڵەتی گریمانە.

دوای ڕیسێت کردن، تەلەفزیۆنەکە ئۆتۆماتیک دەکوژێتەوە و هەڵ دەبێتەوە.

- ئەگەر **سەلامەتی** لەسەر **هەڵکردن** دانرابێت، بۆ **ریسێتکردنەوە بۆ ڕێکبەندە بنەڕەتیەکان** پێویستە تێپەڕوشەکەی پێ بدەیت.
- لە کاتی ئامادەکردنی سەرەتایی دا، تەلەفزیۆنەکە مەکوژێنەوە.
- ئێمە پێشنیار دەکەین کە بەرلە فرۆشتنی تەلەفزیۆنەکەت یان دانی بە کەسێکی تر، بچۆ بەشی **ریسێتکردنەوە بۆ ڕێکبەندە بنەڕەتیەکان** و تەلەفزیۆنەکەت ڕیسێت بکەوە.

# دەستگەیشتن

## گۆڕینی حاڵەتی پێرست بۆ شاشەی پرکۆنتراست

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **کۆنتراستی بەرز**

کاتێک ئەم ئامرازە لەسەر حاڵەتی **هەڵکردن** دادەنیت، پشتڕەمینەی هەندێ لە پێرستەکانی سەر شاشە و ڕەنگی فۆنت دەگۆڕیت بۆ ئەوەی کۆنتراستی نێوان شوێنە ڕووون و تاریکەکان ڕێک بکات.

## سکێڵی بۆر

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **سکێڵی بۆر**

ڕەنگی پێرستی سەر شاشەکە بۆ ڕەش و سپی بگۆڕە بۆ زۆرتر ڕووونکردنی ناڕووونیەکە. لەسەر **هەڵکردن** دایبنە.

## گۆڕینی ڕەنگەکان

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **گۆڕینی ڕەنگەکان**

بۆ باشترکردنی بینراوێتی پێرستەکانی سەر شاشە، دەتوانیت چەند ڕەنگێک لە هەندێک پێرست هەڵگرێنیتەوە. لەسەر **هەڵکردن** دایبنە.

## بۆ ڕێککردنی ژێرنووس

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **ژێرنووسەکان**

کاتێ کە وێستگەی تەلەفزیۆن بەرنامەیەک بە ژێرنووسەوە بڵاو دەکاتەوە ژێرنووسەکان ببینە.
**ژێرنووسەکان** لەسەر حاڵەتی **هەڵکردن** دابنە و ڕێککردنی دەقی ژێرنووس هەڵبژێرە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- بۆ پەخشی دیجیتاڵە.

## مێنوو بۆ کەسانی چاوکز

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **شرۆڤەی دەنگی**

ناوەڕۆکی سەر شاشە بە دەنگ ڕوون دەکرێتەوە بۆ کەسانی نابینا.
ئەگەر کۆمپانیای پەخش لە **شرۆڤەی دەنگی** پشتیوانی بکات، دەتوانیت ئەم ئامرازە بە کار بهێنیت بۆ کەسانی چاوکز.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## جۆری دەنگ

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **جۆری دەنگ**

بۆ ئەو کەسانە کە گرفتی بیستن یان بینینیان هەیە ڕووونکردنەوەی دەنگی یان ژێرنووس دابین دەکرێت.

### ئاسایی

دەنگی گریمانە هەڵبژێرە.

### شرۆڤەی دەنگی

بۆ ئەو کەسانە کە چاویان کزە ئەو دەنگە گریمانە کە پێت باشترە لەگەڵ دەنگی تایبەتی کەسانی چاوکز هەڵبژێرە.

### ژێرنووسی وتراو

بۆ کەسانی چاوکز تەنیا ئەو دەنگەی تایبەتی کەسانی چاوکز هەڵبژێرە کە پێت باشترە.

### هەر دەنگێکی تەواوکەر

هەموو ئامێرە لاوەکیەکانی بڵاوکردنەوەی دەنگ نیشان دەدات.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## ئامرازی دیکەی دەنگ

⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **دیاریکردنی دەنگیی زیاتر**

بۆ ئەو کەسانە کە گرفتی بیستن یان بینینیان هەیە ڕوونکردنەوەی دەنگی یان ژێرنووس دابین دەکرێت.

### هیچکام

دەنگی گریمانە هەڵبژێرە.

### شرۆڤەی دەنگی

بۆ ئەو کەسانە کە چاویان کزە ئەو دەنگە گریمانە کە پێت باشترە لەگەڵ دەنگی تایبەتی کەسانی چاوکز هەڵبژێرە.

### دەنگیی خاوێن

بۆ ئەو کەسانە کە گوێیان گرانە ئەو شێوازەی دەنگ کە پێت زۆڵترە لەگەڵ دەنگی تایبەتی کەسانی گوێگران هەڵبژێرە.

### ژێرنووسی وتراو

بۆ کەسانی چاوکز تەنیا ئەو دەنگەی تایبەتی کەسانی چاوکز هەڵبژێرە کە پێت باشترە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## بۆ ڕێککردنی تایبەتی کەسی گوێگران

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

02 ئەمە هەڵبژێرە: ⋮ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن**.

03 **ژێرنووسەکان** بخەنە سەر دۆخی **هەڵکردن**.

04 **گوێ گرانی** بخەنە سەر دۆخی **هەڵکردن**.

ژێرنووسێک دابین دەکرێت بۆ ئەوانەی کێشەی بیستنیان هەیە.

- کاتێک **گوێ گرانی** خراوەتە سەر **هەڵکردن**، پێشینەی پێدەدرێت بەسەر بەرزاڕە سەرەکیەکان.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# پاڵپشتی

## چاودێری OLED

⚙ ← ⋮ ← **پاڵپشتی** ← **چاودێری OLED**

چەندین خزمەتگوزاری چاودێری نایاب بۆ بەکارهێنەرانی تەلەفزیۆنی OLED دابین دەکات.

### ڕێکبەندەکانی وێنەی چاودێری

دۆخی شاشەی گونجاو بۆ شێوازی سەیرکردنت دیاری دەکات.

- ناکرێت **وێنە** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** لە کاتی بەکارهێنانی **ڕێکبەندەکانی وێنەی چاودێری** دیاری بکرێت.

### کوژاندنەوە

**ڕێکبەندەکانی وێنەی چاودێری**کە دەکوژێنێتەوە.

### دۆخی ئاسوودەیی

وێنەکە بە کۆنتراست، ڕووناکی و درەوشاوەیی ئاسایی نیشان دەدات.

### دۆخی شانۆ

وێنەی گونجاو بۆ فیلم.

### دۆخی چاودێری منداڵ

ڕووناکی شین ڕێک دەخات بۆ ئەوەی سەیرکردنی شاشەکە لای منداڵان ئاسانتر بکات.

### خود چاودێری ئامێر

چەندین تایبەتمەندی بۆ باشترکردنی دۆخی تەلەفزیۆنەکە دابین دەکات.

### باشترکەری بیرگە

تەلەفزیۆنەکەت باشتر بکە لە ڕێگەی سڕینەوەی ئەپلیکەیشنە بەکارنەهاتووەکان یان یادگە ناپێویستەکان.

## خود دەسنیشانکردنی شاشە

لە دوای ڕادانی تاقیکردنەوەیەک بۆ پشکنینی ئەوەی کە سیگنالّی وێنە بە شێوەیەکی ئاسایی دەردەچێت، دەتوانیت ئەوە دەسنیشان بکەیت ئایا لە سەر شاشەکە ناسروشتیە یان نا.
ئەگەر هیچ کێشەیەک لە تێستەکە دا نیە، سەرنجی ئامێری دەرەکیی پەیوەستکراو یان سیگنالّی پەخش بدە و بزانە کێشەی هەیە یان نە.

## خود دەسنیشانکردنی دەنگ

دەست بکە بە 'تێستی دەنگ' تا بزانیت ئایا بلّاوکردنەوەی سیگنالّی دەنگ ئاساییە یان نە، پاشان دیاری بکە کە ئایا هەڵەیەک هەیە یان نە.
ئەگەر هیچ کێشەیەک لە تێستەکە دا نیە، سەرنجی ئامێری دەرەکیی پەیوەستکراو یان سیگنالّی پەخش بدە و بزانە کێشەی هەیە یان نە.

## پاشەکەوتی وزە

بە گۆڕینی ئاستی ڕووناکیی شاشە ڕێژەی بەکارهێنانی کارەبا کەم دەکاتەوە.

## هەنگاوی پاراستنی ووزە

- **خودکار** : هەستکەری تەلەفزیۆن ڕادەی ڕووناکیی دەوروبەر هەڵدەسەنگێنێت و ئۆتۆماتیک ڕۆشنایی شاشەی تەلەفزیۆنەکە ڕێک دەکات.
  - ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- **کوژاندنەوە** : **هەنگاوی پاراستنی ووزە**کە دەکوژێنێتەوە.
- **کەمترین** / **ماماوەندی** / **زۆرترین** : تایبەتمەندی پاراستنی هێز بەگوێرەی **هەنگاوی پاراستنی ووزە**ی دیاریکراوی سەر تەلەفزیۆنەکە بەکاربێنە.

## کەمترینی ڕووناکی

دەتوانیت ئەوە دیاری بکەیت شاشەکە چەند تاریک بێت کاتێک **هەنگاوی پاراستنی ووزە** بۆ **خودکار** دیاریکراوە.

## هێزی خودکار کوژاوەتەوە

کاتێک تەلەفزیۆنەکە هەڵکراوە، خودکارانە دەکوژێتەوە ئەگەر لە ماوە دیاریکراوەکەدا هیچ دوگمەیەک دانەگریت.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## شاشە کوژاوەیە

شاشە دەکوژێتەوە و تەنیا دەنگی تەلەفزیۆنەکە پەخش دەکرێت.
بۆ هەڵکردنەوەی شاشەکە دەتوانیت دەست بنیت بە هەریەک لە دوگمەکان دا بێجگە لە دوگمەی پاوەر و دوگمەکانی دەنگ.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

### شاشە بۆ خوارەوە

ئەم تایبەتمەندیە ڕێگەت پێدەدات شاشەکە بکوژێنیتەوە و تەنها گوێ لە دەنگەکە بگریت.
بۆ هەڵکردنەوەی شاشەکە دەتوانیت دەست بنیت بە هەریەک لە دوگمەکان دا بێجگە لە دوگمەی پاوەر و دوگمەکانی دەنگ.

- ڕێکبەندەکان تەنها بۆ مۆدێلەکانی LG SIGNATURE OLED TV R بەردەستن.

- ئەگەر ئامرازی **هەنگاوی پاراستنی ووزە** بە کار بهێنیت، لەسەر ڕۆشنایی تەلەفزیۆنەکەت کاریگەری دادەنێت.

### چاودێری پەنالی OLED

لە ڕێگەی **چاودێری پەنالی OLED**وە دەتوانیت کێشەی پێدالکانی وێنە لە کاتێک کە شاشە بۆ ماوەیەک بە هەڵکراوی ماوەتەوە چارەسەر بکەیت و کوالیتیی وێنە باشتر بکەیت.

### پاککردنەوەی پیکسێل

هەموو ئەو شتانە کالییرە دەکات کە ڕەنگە ڕووبدەن دوای بە هەڵکراوی مانەوەی تەلەفزیۆنەکەت بۆ ماوەیەکی زۆر. کالییرەکردن زیاتر لە یەک کاتژمێری پێ دەچێت.

- **ئەو کاتەی تەلەفزیۆن دەکوژێتەوە بیخە کار** : هەرکات تەلەفزیۆن سەیرکردنت تەواو بوو، بە دوگمەی پاوەر بیکوژێنەوە. **پاککردنەوەی پیکسێل** دەکەوێتە کار.
- **ئێستا دەستپێبکە** : تەلەفزیۆنەکەت دەستبەجێ دەکوژێتەوە و **پاککردنەوەی پیکسێل** دەکەوێتە کار. دوای تەواوبوونی ئەم تەلەفزیۆنەکە خۆی هەڵدەکرێتەوە.

- کێبڵی کارەبا دەرمەهێنە لەو کاتەی ئەنجام دەدرێت.
- ئەگەر خۆت تەلەفزیۆنەکە هەڵ بکەیت، **پاککردنەوەی پیکسێل** لە کار دەکەوێت.

### دۆخی شاشە

ئەمە ماوەماوە نەختێک شاشەکە تەکان دەدات بۆ ئەوەی وێنە نەلکێت بە پانێلی پیشاندەر دا.

### ڕێکخستنی ڕووناکی لۆگۆ

ئەگەر هاتوو لە کوالیتیی وێنەکان بۆ نموونە لۆگۆکانی تێو فایلەکە کێشە هەبوو، ڕۆشنایی وێنە ستاتیکەکان بگۆڕە.

### پێشنیارەکانی چاودێری

دەتوانیت پێشنیارەکانی چاودێری بخەیتە سەر هەڵکردن یان کوژاندنەوە.

## نوێکردنەوەی نەرمامراز

⚙ ← ⋮ ← **پاڵپشتی** ← **نوێکردنەوەی نەرمامراز**

بەشی 'بەڕۆژکردنی نەرمامراز' بە کار دەهێنێت بۆ پشکنین و وەرگرتنی نوێترین وەشانی بەرنامەکە.

### نوێکردنەوەی خودکار

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاری دەکرێت، نوێکردنەوەکان خودکارانە ئەنجام دەدرێن بێ ڕێکاری دڵنیاکردنەوەی جیاواز جگە لە هەندێک نوێکردنەوەی گرنگ نەبێت.

### پشکنین بۆ نوێکردنەوەکان بکە

کاتێک کە بۆ نوێترین بەڕۆژکردن / ئاپدەیت دەگەڕیت، تەنیا وەختێک دەتوانیت بەرنامەکە بەڕۆژ بکەیت کە فایلی بەڕۆژکردنی نوسخەی نوێ هەبێت. تەلەفزیۆن ئۆتۆماتیک نوسخەی نەرمامرازی تۆ دەپشکنێت بەڵام، ئەگەر پێویست بێت، دەتوانیت بە شێوەی دەستی بیپشکنیت.

- ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆن جیاوازن.
- دەتوانی نوێترین وەشان لە ڕێگەی سیگنالی پەخشی دیجیتاڵ یان پەیوەستبوون بە ئینتەرنێت وەربگریت.
- کاتێ کە لە ڕێگەی سیگنالی پەخشی دیجیتاڵ نەرمامرازەکە دادەگریت ئەگەر کەناڵ بگۆڕیت پڕۆسەی داگرتن دەپچڕێت. ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ ئەو کەناڵە کە لەسەری دەستت کرد بە داگرتن پڕۆسەی داگرتن دەست پێ دەکاتەوە.
- ئەگەر بەرنامەکە بەڕۆژ نەکرێت، ڕەنگە هەندێ ئامراز بەباشی کار نەکەن.
- لە هەندێ وڵات، ئەگەر پەیوەست نەبیت بە ئینتەرنێت، **نوێکردنەوەی خودکار** نیشان نادرێت.

## بەکاربردنی جیاکاری (پاشەکەوتکردنی وزە)

⚙ ← ⋮ ← **پاڵپشتی** ← **پاشەکەوتی وزە**

بە گۆڕینی ئاستی ڕووناکیی شاشە ڕێژەی بەکار هێنانی کارەبا کەم دەکاتەوە.

### هەنگاوی پاراستنی ووزە

**خودکار** : هەستکەری تەلەفزیۆن ڕادەی ڕووناکیی دەوروبەر هەڵدەسەنگێنێت و ئۆتۆماتیک ڕۆشنایی شاشەی تەلەفزیۆنەکە ڕێک دەکات.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

**کوژاندنەوە** : **هەنگاوی پاراستنی ووزە**کە دەکوژێنێتەوە.
**کەمترین** / **مامناوەندی** / **زۆرترین** : تایبەتمەندی پاراستنی هێز بەگوێرەی **هەنگاوی پاراستنی ووزە**ی دیاریکراوی سەر تەلەفزیۆنەکە بەکاربێنە.

### کەمترینی ڕووناکی

دەتوانیت ئەوە دیاری بکەیت شاشەکە چەند تاریک بێت کاتێک **هەنگاوی پاراستنی ووزە** بۆ **خودکار** دیاریکراوە.

### هێزی خودکار کوژاوەتەوە

کاتێک تەلەفزیۆنەکە هەڵکراوە، خودکارانە دەکوژێتەوە ئەگەر لە ماوە دیاریکراوەکەدا هیچ دوگمەیەک دانەگریت.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

### شاشە بۆ خواروە

ئەم تایبەتمەندیە ڕێگەت پێدەدات شاشەکە بکوژێنیتەوە و تەنها گوێ لە دەنگەکە بگریت.
بۆ هەڵکردنەوەی شاشەکە دەتوانیت دەست بنیت بە هەریەک لە دوگمەکان دا بێجگە لە دوگمەی پاوەر و دوگمەکانی دەنگ.

- ئەگەر ئامرازی **هەنگاوی پاراستنی ووزە** بە کار بهێنیت، لەسەر ڕۆشنایی تەلەفزیۆنەکەت کاریگەری دادەنێت.

### تایبەتمەندیەتی و مەرجەکان

⚙ ← ⋮ ← **پاڵپشتی** ← **تایبەتمەندیەتی و مەرجەکان**

### ڕێکەوتنامەکانی بەکارهێنەر

مەرج و ڕێساکانی تایبەتمەندیەتی هەن بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزاریە پەیوەندیدارەکان بە تەلەفزیۆنی هۆشمەند.

### ئاگاداریی یاسایی

ئاگادارکردنەوەیەکی یاسایی بۆ خزمەتگوزاریەکان لە ڕێگەی تەلەفزیۆن.

### ئاگاداری نەرمامرازی سەرچاوە کراوە

دەتوانیت سەیری ڕێنماییەکانی هەر ئایتمێک بکەیت.

# دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان

## پشکنین ئەنجام بدە لەگەڵ یارمەتیی خێرا

### پشکنین ئەنجام بدە لەگەڵ **یارمەتیی خێرا**

کاتێک تەلەفزیۆنەکە بە خراپی کار دەکات، دەتوانیت یارمەتی بەدەست بێنیت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.
دوگمەی ⚙ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و ⋮ ← **پاڵپشتی** ← **یارمەتیی خێرا** دەسنیشان بکە.
هەروەها دەتوانیت دوگمەی ژمارە **9**ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگریت بۆ بەکارخستنی **یارمەتیی خێرا**.

### ڕێکبەندەکانی باشینەکردن

دەتوانیت خودکارانە سەیری کۆی دۆخی تەلەفزیۆنەکەت بکەیت و بەهاکانی ڕێکبەندی پێشنیارکراو ببینیت و بگۆڕیت.

### پشکنینی ئایتمەکان

ئایتمی کێشەدار دەستنیشان بکە، و دەتوانیت یارمەتی بەدەست بێنیت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

- **ڕێکبەندە خود-دەستنیشانکردنەکانی تەلەفزیۆن** : ئەو ئایتمە دەستنیشان بکە کە هاوتایە لەگەڵ نیشانەکە بۆ دۆزینەوەی ڕێنماییەکان کە دەکرێت یارمەتیدەر بن لە چارەسەرکردنی کێشەکە.
- **دۆخی تەلەفزیۆن بپشکنە** : دەتوانیت دۆخی ئێستای تەلەفزیۆنەکەت بۆ ئایتمی دەستنیشانکراو بپشکنیت.

### خزمەتگوزاری LG Remote

دەتوانیت یارمەتی بۆ کێشەکان لە ڕێگەی ڕیموت کۆنترۆڵەوە وەربگریت.
بۆ **خزمەتگوزاری LG Remote**، دڵنیا بە پەیوەندی بە ناوەندی خزمەتگوزاری بەکاربەری LG Electronics بکەیت.

- ڕەنگە ئەم کردارە لە هەندێک وڵات یان لە هەندێک مۆدێڵ بەردەست نەبێت.

- کاتێک هیچ ناوەرۆکێکی پەیوەست بە **یارمەتیی خێرا** نیە، تکایە سەیری **دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکە.
- ئەگەر هێشتا شکست بێنیت لە چارەسەرکردنی کێشەکە، تکایە پەیوەندی بە ناوەندی خزمەتگوزاری بەکاربەرمان بکە.

# چارەدۆزی کێشەکانی تەزوو/ڕیموت کۆنترۆڵ

## چارەدۆزی کێشەکانی تەزوو/ڕیموت کۆنترۆڵ

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

### ناتوانم تەلەفزیۆنەکە هەڵ بکەم

- دڵنیا ببە کە تەلەفزیۆنەکە بە شێوەیەکی دروست دراوە لە کارەبا.
- ئەگەر چەند سۆکێتێکی کارەبای چەند دانەیی بە کار دەهێنیت، دڵنیا ببە کە دروست کار دەکات. بۆ ئەوەی بزانیت کە چەندڕیانێکی کارەبا دروست کار دەکات یان نە، کابلی کارەبای تەلەفزیۆنەکە ڕاستەوخۆ بدە لە سۆکێتی دیوار و بزانە کار دەکات.
- هەوڵ بدە تەلەفزیۆنەکە بە دوگمەی هەڵکردنی سەر خۆی هەڵ بکەیت.

### تەزووەکە هەڵکراوە، بەڵام شاشەکە دواتر دەردەکەوێت.

- ئەمە لەبەر ئەنجامدانی پڕۆسەیەکی لابردنی نۆیزە بۆ نەهێشتنی هەرجۆرە نۆیزێک کە ڕەنگە لە کاتی هەڵکردن دا دەربکەوێت. ئەمە بە واتای ئەوە نیە کە تەلەفزیۆنەکە کێشەی هەیە.

### نیشاندەری مەجیک ڕیموت لە سەر شاشەکە دەرناکەوێت.

- ڕیموت کۆنترۆڵەکە بەرەو تەلەفزیۆنەکە ڕابگرە و لە هەمان کاتدا دوگمەی ⌂ و ⚙ بۆ ماوەی 5 چرکە دابگرە تا ڕێنماییەکە دەردەکەوێت. ئەو ڕیموت کۆنترۆڵە کە پێشتر تۆمار کراوە لادەبرێت و دووبارە تۆمار دەکرێتەوە.
- هەرکات لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە داوا کرا، باتریەکانی ڕیموتەکە بگۆڕە. (پاتریی ئالکالین بە کار بهێنە.)
- ئەگەر ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **ڕێنمای دەنگ** خرابێتە سەر **هەڵکردن**، نیشاندەری مەجیک ڕیموت دەرناکەوێت. **ڕێنمای دەنگ** بخەنە سەر دۆخی **کوژاندنەوە**. (ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.)

### ناتوانم بە ڕیموت کۆنترۆڵ تەلەفزیۆنەکە هەڵ بکەم.

- دڵنیا ببە کە تەلەفزیۆنەکە بە شێوەیەکی دروست دراوە لە کارەبا.
- پاتریەکانی ڕیموت کۆنترۆڵەکە بگۆڕە. (پاتریی ئالکالین بە کار بهێنە.)
- سەیر بکە بزانە ئەگەر بەربەستێک هەبێت ڕێگری لە سیگنالەکە بکات لە بەردەم وەرگری ڕیموت کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکە. ئەگەر بەربەستێک هەبێت، وەک ساوندبار، لە بەردەم وەرگرەکە لە خوارەوەی تەلەفزیۆنەکە، ڕەنگە ناسینەوەی IR بە دروستی کار نەکات.

### لە ناکاو هێز دەکوژێتەوە.

- ئەوە بپشکنە ئەگەر **تایمەری کوژاندنەوە** ئامادەکرا بێت.
- تەلەفزیۆنەکە خودکارانە دەکوژێنرێتەوە ئەگەر هیچ دوگمەیەک لە ماوەی 4 کاتژمێر دانەگریت تەنانەت لە دوای هەڵکردنی تەلەفزیۆنەکە لە کاتی دیاریکراو لە ڕێگەی **بیرخەرەوە** یان **تایمەری هەڵکردن**.
- هەروەها ئەگەرێک هەیە کە خولی پاراستنی ناوخۆیی چالاک کرابێت لەبەرئەوەی پلەی گەرمی ناوخۆیی بەرهەمەکە بە شێوەیەکی نائاسایی یان لە ڕادەبەدەر بەرز بۆتەوە.

### ناتوانم ئامێرەکە بە ڕیموت کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکە هەڵ بکەم یان بخەمە کار تەنانەت لە دوای دیاریکردنی ڕیموت کۆنترۆڵی جۆکەر.

- دڵنیا بە کە پلاگی تەزووی ئامێرەکە خراوەتە ناو ئاوتلێتەکە.
- پاتریەکانی ڕیموت کۆنترۆڵەکە بگۆڕە. (پاتریی ئالکالین بە کار بهێنە.)
- سەیر بکە بزانە ئەگەر هەر بەربەستێک هەبێت ڕێگری لە سیگنالەکە بکات لە بەردەم وەرگری ڕیموت کۆنترۆڵی ئامێرە گرێدراوەکە.

# چارەدۆزی کێشەکانی شاشە

# چارەدۆزی کێشەکانی شاشە

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

سەرەتا ⚙ ← ⋮ ← **پاڵپشتی** ← **چاودێری OLED** ← **خود چاودێری ئامێر** ← **خود دەسنیشانکردنی شاشە** ئەنجام بدە بۆ ئەوەی بزانیت هیچ کێشە یان شتی نائاسایی لە تەلەفزیۆنەکە دا هەیە یان نە.
ئەگەر سێت-تۆپ-بۆکس بە کار دەهێنیت، بیکوژێنەوە و هەڵی بکەوە.
دڵنیا ببە کە سێت-تۆپ-بۆکس بە دروستی دراوە لە تەلەفزیۆنەکە.

### لەسەر شاشەکە دەڵێت هیچ سیگناڵێک نیە.

- بزانە کابلی هاوتەوەر یان ئەو کابلەی کە دراوە لە ئامێری دەرەکی، دروست دراوە لە تەلەفزیۆنەکە.
- بچۆ لاپەڕەی 🔌 و ئەو پێدەرەی کە کۆنێکت کراوە هەڵبژێرە.
- بزانە ئایا ئامێری دەرەکیت، وەکوو سێت-تۆپ-بۆکس یان پەخشکەری بلووڕەی، هەڵکراوە.

### ناتوانم هیچ بەرنامەیەک ببینم.

- ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **سازاندنی کەناڵ** (**سازکردن و رێکبەندکردنی کەناڵ**) ← **سازاندنی خودکار** دەکاتەوە.
- ئەگەر دەزگای وەرگری دیجیتاڵ بە کار دەهێنیت، لە دابینکەرەکەی پرسیار بکە و داوای ڕێنمایی بکە.

### شاشەکە پچڕاوە.

- بڕۆ بۆ ⚙ ← ⋮ ← **وێنە** و **رێژەی پانی بۆ بەرزی** بگۆڕە.

### دوای کوتوپڕ دەرکەوتنی خەتی ئەستوونی یان ئاسۆیی و حاڵەتی وەکوو تۆڕ لەسەر شاشە، شاشەکە دەلەرزێت.

- تەلەفۆنی بێتەل، قژ ووشککەر، درێڵی کارەبایی، و هتد بدە لە سۆکێتێکی دیکەی کارەبا. ڕەنگە هۆکاری کێشەکە ئەو ئامێرە کارەباییانە بن کە فریکوێنسییان زۆرە بۆ نموونە تەلەفزیۆنێکی تر یان سەرچاوەیەکی بەهێزی ئێلێکترۆمێگناتیس لەو نزیکانە.

### هەر کەناڵێک کواڵیتی وێنەی جیاوازی هەیە.

- بەگوێرەی ڤیدیۆی پێشکەشکراو لەلایەن پەخشکەرەکان، ڕەنگە کەناڵەکان کواڵیتی وێنەی جیاوازیان هەبێت.
- ئەگەر دەزگای وەرگری دیجیتاڵ بە کار دەهێنیت، لە دابینکەرەکەی پرسیار بکە و داوای ڕێنمایی بکە.
- سەرەتا **خود دەسنیشانکردنی شاشە** بخە کار. ئەگەر ئاساییە، ڕەنگە کێشەیەک لە سیگناڵی پەخش هەبێت.

## جیاوازیەک لە کوالێتی وێنە هەیە جیا لەوانەی لە فرۆشگاکە هەن.

- بەگوێرەی ڤیدیۆی پێشکەشکراو لەلایەن پەخشکەرەکان، ڕەنگە جیاوازی هەبێت لە کوالێتی وێنە بەراورد بەوانەی لە فرۆشگاکە نیشان دەدرێن.
- سەرەتا **خود دەسنیشانکردنی شاشە** بخە کار. ئەگەر ئاسایی، ڕەنگە کێشەیەک لە سیگنالی پەخش هەبێت.

## بەرنامەیەک کە بەشێوەی دیجیتاڵی پەخش دەکرێت دەوێستێت یان شاشەکەی شکاوە.

- ئەمە کاتێک ڕوو دەدات کە سیگناڵ لاوازە یان بە شێوەیەکی ناتەواو دەگات بە تەلەفزیۆنەکە. ئاراستەی ئانتێنەکە بگۆڕە یان بزانە کابلەکە دروست پەیوەست کراوە.
- ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **سازاندنی کەناڵ (سازکردن و ڕێکبەندکردنی کەناڵ)** ← **سازاندنی دەستی**
ئەگەر لە حاڵەتی '**سازاندنی دەستی**'، دا سیگناڵ زۆر لاوازە، پەیوەندی بکە بە وێستگەی پەخش یان نووسینگەی بەڕێوەبردن و داوا بکە سیگنالەکان چێک بکەن.
- ئەگەر دەزگای وەرگری دیجیتاڵ بە کار دەهێنیت، لە دابینکەرەکەی پرسیار بکە و داوای ڕێنمایی بکە.

## کاتێک ئینپوتی HDMI بەکاربێت، هێڵێکی ستوونی زەق یان لێڵی ڕەنگ لە لای سەروو/خوارەوە/چەپ/ڕاستی شاشەکە دەردەکەوێت.

- ⚙ ← ⋮ ← **وێنە** ← **ڕێژەی پانی بۆ بەرزی** ← **تەنها سکانکردن**
**تەنها سکانکردن** لەسەر حاڵەتی **کوژاندنەوە** دابنێ.
ئامرازی **تەنها سکانکردن** وێنەی ئەسڵیی تۆ وەکوو خۆی نیشان دەدات. ئەگەر سیگنالەکە لاوازە، لاکانی سەروو/خوارەوە/چەپ/ڕاستی شاشەکە ڕەنگە سپی بێت.

## کاتێک هەوڵ دەدەم کە بیدەم لە کابلی HDMI، هیچ نابینم یان وێنەکە پرتەپرت دەکات.

- بزانە ئایا کابلی HDMI® سیفاتی پێویستی هەیە. ئەگەر کابلی HDMI® عەیبدار بێت (چەمابێتەوە یان شکابێت)، ڕەنگە وێنە پرتەپرت بکات یان شاشە سپی بێت.
- دڵنیا ببە کە کابلەکە دروست دراپێت لە پۆرتەکە. پەیوەندیی خراپ یان لەق دەتوانێت نیشاندانی وێنە لەسەر شاشە تووشی گرفت بکات.
- ئەگەر وەرگری دیجیتاڵی UHD بە کار دەهێنیت، ئەمە ڕێک بکە: ⚙ ← ⋮ ← **گشتی** ← **ئامێرەکان** ← **ڕێکبەندەکانی HDMI** ← **HDMI Deep Color**.

## شاشەکە زۆر کز یان تاریک دیارە.

- ⚙ ← ⋮ ← **وێنە** ← **دۆخی دەسنیشانکردن**
**دۆخی دەسنیشانکردن** to بگۆڕە و بیکە ئەو شێوازەی کە دەتەوێت. (**ستاندارد**، **گەش**، هتد.)
ئەمە تەنها لەسەر ئەو شێوازی پێدانە کە خەریکی بە کاری دەهێنیت جێبەجێ دەکرێت.
- ⚙ ← ⋮ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **زەقی** ← **بایەخدانی Motion Eye**
ئامرازی **بایەخدانی Motion Eye** لەسەر **کوژاندنەوە** دابنە. ئەمە تەنها لەسەر ئەو شێوازی پێدانە کە خەریکی بە کاری دەهێنیت جێبەجێ دەکرێت.

- ⚙ ← ● ← **پاڵپشتی** ← **چاودێری OLED** ← **خود چاودێری ئامێر** ← **پاشەکەوتی وزە**
ئامرازی **پاشەکەوتی وزە** لەسەر **کوژاندنەوە** یان **کەمترین** دابنە.
- ⚙ ← ● ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **کەمکردنەوەی ڕووناکی شین**
ئامرازی **کەمکردنەوەی ڕووناکی شین** لەسەر **کوژاندنەوە** دابنە.

### شاشەکە ڕەش و سپیە یان ڕەنگگەلی جیاواز نیشان دەدات.

- شێوازی پێدان یان پەیوەندیی کابل بپشکنە و بزانە کێشەی نیە.
- بچۆ لاپەڕەی و ئەو پێدەرەی کە کۆنێکت کراوە هەڵبژێرە.
- کاتێک گرێدان بە **AV IN** دەکەیت، ئەوە بپشکنە کە هەموو کێبڵێک بە هاوتاکەی پەیوەستکراوە.
- پۆرتی **AV IN** تەنها لە هەندێ مۆدێل دا هەیە.

### ڤیدیۆی Ultra HD نیشان نادرێت.

- لەگەڵ هەندێک کێبڵی HDMI، ڕەنگە سیگناڵ وەرنەگیرێت.
- ڕێکبەندەکانی ئامێری گرێدراو بۆ سیگناڵی پشتیوانیکراو بگۆڕە.

# چارەدۆزی کێشەکانی دەنگ

## چارەدۆزی کێشەکانی دەنگ

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

سەرەتا ⚙ ← ● ← **پاڵپشتی** ← **چاودێری OLED** ← **خود چاودێری ئامێر** ← **خود دەسنیشانکردنی دەنگ** ئەنجام بدە بۆ ئەوەی بزانیت هیچ کێشە یان شتی نائاسایی لە تەلەفزیۆنەکە دا هەیە یان نە.
ئەگەر سێت-تۆپ-بۆکس بە کار دەهێنیت، بیکۆژێنەوە و هەڵی بکەوە.
دڵنیا ببە کە سێت-تۆپ-بۆکس بە دروستی دراوە لە تەلەفزیۆنەکە.

### وێنەی سەر شاشە کێشەی نیە بەڵام هیچ دەنگی نیە.

- کەناڵێکی تر تاقیبکەرەوە.
- ئەگەر ئامێری سێت-تۆپ-بۆکس بە کار بهێنیت، ئەگەر دەنگی ئەم ئامێرە یان تەلەفزیۆنەکەت لەسەر 0 دانابێت یان بێندەگت کردبێت، هیچ دەنگێک پەخش ناکرێتەوە. دەنگ لەسەر ئاستێکی گونجاو دابنە.
- ⚙ ← ● ← **دەنگ** ← **دەنگ بۆ دەرەوە**
**دەنگ بۆ دەرەوە** بکە بە **ئامێری Optical Out + سپیکەری تەلەفزیۆن** یان **سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە**، و ئینجا

دووبارە بیپشکنە. ئەگەر بێ کێشە گوێت لە دەنگەکە دەبێت، سەیری گرێدانی سپیکەری وەک ساوند بار یان ڕێکبەندەکانی سپیکەری دەرەکی بکە.

### لە هیچیەک لە بڵندگۆکان دەنگ نایەت.

- ⚙ ← ⋮ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **بالانس**
  لە بەشی **بالانس** دا بە دوگمەی پێداگەڕان و بەپێی پێویست بالانسی دەنگ بگۆڕە.
- کاتێک گرێدان بە **AV IN** دەکەیت، ئەوە بپشکنە ئەگەر کێبڵەکانی دەنگی چەپ/ڕاست (سپی/سوور) بە دروستی گرێدراون. (پۆرتی **AV IN** تەنها لە هەندێ مۆدێل دا هەیە.)

### دەنگی تەلەفزیۆن هاوکات نیە لەگەڵ وێنە یان هەندێجار لە ناکاو دەنگ زۆر دەبێت.

- ئەگەر ئەم حاڵەتە تەنیا لە هەندێ کەناڵ و بەرنامە دا ڕوو دەدات، ڕەنگە سیگناڵی گواستنەوەی کۆمپانیای پەخش ببێتە هۆی ئەم حاڵەتە. تکایە لە دابینکەری خزمەتی پەخش (تەلدار/کابلی) داوا بکە کێشەکە بدۆزێتەوە.
- ئەگەر هەموو کەناڵەکان هەماهەنگ و هاوسات نین، بچۆ لاپەڕەی ⚙ ← ⋮ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **هاوتاکردنی شاشە و دەنگ** و ڕێکبەندەی هەماهەنگکردن بگۆڕە.
- ئەگەر دەزگای وەرگری دیجیتاڵ بە کار دەهێنیت، لە دابینکەرەکەی پرسیار بکە و داوای ڕێنمایی بکە.

### کاتێ کە کەناڵ دەگۆڕم ئاستی دەنگ دەگۆڕدرێت.

- ئاستنی دەنگی پەخشی بەرنامە لە وێستگە جیاجیاکانی پەخش دا جیاوازە.
- ⚙ ← ⋮ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕێکخستنی خودکاری ئاستی دەنگ** **ڕێکخستنی خودکاری ئاستی دەنگ** لەسەر حاڵەتی **هەڵکردن** دابنێ.
- ئەگەر دەزگای وەرگری دیجیتاڵ بە کار دەهێنیت، لە دابینکەرەکەی پرسیار بکە و داوای ڕێنمایی بکە.

### هەندێ لە بەرنامەکان دەنگیان نییە یاتەنیا مووزیکێکی زەمینی پەخش دەکەن.
(ئەو بەرنامانە کە لەلایەن کۆمپانیاکانی پەخشەوە بۆ درەوەی وڵات دروست کراون)

- لە بەشی ••• ← **زمانی دەنگی** دا زمانی دڵخوازی خۆت هەڵبژێرە.

# چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی کۆمپیوتەر

## چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی کۆمپیوتەر

**داشبۆردی ماڵەوە** بخەکار لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ⎋ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە. ▦ ← **بژارکردن** ← **بژارکردنی ئینپوتەکان** لە گۆشەی لای ڕاستی سەرەوە دەسنیشان بکە. لە دۆخی بژارکردن، وێنۆکی تێرمینالی HDMI گرێدراو بە

کۆمپیوتەرەکە بکە بە **کۆمپیوتەر** بۆ جێبەجێکردنی ڕێکبەندەکانی ڤیدیۆ و ڕێژەی ڕووبەری کە هاوڕێکن لەگەڵ کۆمپیوتەرەکە.

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

### دوای ئەوەی کە تەلەفزیۆنەکە پەیوەست دەکەم بە کۆمپیوتر شاشەکە هەر بەتاڵە.

- بزانە ئایا کۆمپیوترەکە باش پەیوەست کراوە بە تەلەفزیۆنەکە.
- بە کۆنترۆڵی لەدوور تەلەفزیۆنەکەت بکوژێنەوە و دووبارە هەڵی بکە.
- لە حاڵێک دا کە تەلەفزیۆن هەڵکراوە کۆمپیوترەکە لەنۆ (ڕیستارت) بکە.
- دڵنیا بە کە وردبینی دەرچووی دانراو لە سەر کۆمپیوتەرەکە بۆ وردبینی HDMI-کۆمپیوتەری پشتیوانیکراوی تەلەفزیۆنەکە دانراوە.
- بۆ بەکارهێنانی جووت پیشاندەر، بزانە ئایا کۆمپیوترەکەت یان نوتبۆکەکەت پشتیوانی دەکات لە شیوازی جووت پیشاندەر.
- دووبارە کابلی HDMI پەیوەست بکە.
- ئەگەر پۆرتی RGBی کۆمپیوتەرەکەت داوە لە **HDMI IN**ی تەلەفزیۆنەکەت، پێویست بە کۆنێکتۆری RGB بە HDMI هەیە.
ئەگەر کۆنێکتۆری RGB بە HDMI بە کار بهێنیت هیچ شتێک لەسەر شاشە نابینیت.

### شاشەکە بەتەواوی نیشان نادرێت یان ناهاوسانگە لە کاتی گرێدان بە کۆمپیوتەرێک.

- وردبینی یان ووردبینی کۆمپیوتەرەکە لەسەر ئەندازەیەک دابنێ کە تەلەفزیۆنەکە قەبوولی بکات. بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **ئاگادار بوون لە زانیاری** ← **ڕوناکیی پشتگیری کراو : HDMI-PC** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.
- ناوی ئەو ئامێرەی HDMIـە کە پەیوەست کراوە بکە PC.
**داشبۆردی ماڵەوە** بخەکار لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە. ⋮ ← **بژارکردن** ← **بژارکردنی ئینپوتەکان** لە گۆشەی لای ڕاستی سەرەوە دەسنیشان بکە. وێنۆکی پۆرتی HDMIی گرێدراو بە **ئینپوتەکان** بگۆڕە بۆ کۆمپیوتەر و **هەڵگرتن** دەسنیشان بکە.

### کاتێ کە بە کابلی HDMI کۆمپیوترەکە پەیوەست دەکەم بە تەلەفزیۆنەکە، هیچ دەنگ نایەت.

- بڕۆ بۆ پەڕەی کۆنترۆڵ ←دەنگ ←پەخشکردنەوە← LGTV بۆ دیاریکردنی ئامێری بنەڕەتی لە ڕێکبەندەکانی کۆمپیوتەر.
- بۆ ئەوەی بزانیت کە کارتی گرافیکت پشتیوانی دەکات لە پەخشی دەنگی HDMI یان نە، لە دروستکەرەکەی پرسیار بکە و داوای ڕێنمایی بکە.

# چارەدۆزی کێشەکانی پەخشکردنەوەی فیلم

# چارەدۆزی کێشەکانی پەخشکردنەوەی فیلم

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

زانیاری زیاتر دەربارەی فایلە پشتیوانیکراوەکان دەکرێت لە **ئاگادار بوون لە زانیاری** ← **شێوازی فایلی ڤیدیۆی پشتیوانیکراو** دەست بخرێت لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

### ناتوانم لە نێو 'پەخشکەری میدیا' دا فایلێک بدۆزمەوە.

- بزانە ئایا فایلەکانی سەر ئامێری خەزنکردنی USB لەسەر کۆمپیۆتر دەخوێنرێنەوە.
- بزانە ئایا جۆری فایلەکە قەبوولّ دەکات.
- فلتەرەکە بگۆڕە بۆ **هەموو**.

### من پەیامێک دەبینم کە دەڵێت پشتیوانی ناکرێت لەم فایلە.

- بزانە ئایا فایلەکە لەسەر پەخشکەری ڤیدیۆ یان کۆمپیۆتر کێشەی هەیە یان نەهە. (بزانە ئایا فایلەکە تێکنەچووە)
- بزانە ئایا جۆری فایلەکە قەبوولّ دەکات.
- بزانە ئایا ئەو وردبینیە (ڕیزۆلووشنە) پشتیوانی دەکرێت یان نە.
- بزانە ئایا ئەو کۆدخوێنی ڤیدیۆیە دەناسێت.
- بزانە ئایا ڕێژەی فرەیم پشتیوانیکراوە.

### پەیامێک دێتە ڕوو کە دەڵێت "ئەم دەنگە پشتیوانی ناکرێت" یان ڤیدیۆ بێکێشە پەخش دەبێتەوە بەڵام دەنگی نیە.

- بزانە ئایا فایلەکە لەسەر پەخشکەری ڤیدیۆ یان کۆمپیۆتر کێشەی هەیە یان نەهە. (بزانە ئایا فایلەکە تێکنەچووە)
- بزانە ئایا جۆری فایلەکە قەبوولّ دەکات.
- بزانە ئایا ئەم کۆمپیۆترە پشتیوانی دەکات لەو کۆدخوێنی ئاودیۆ.
- بزانە ئایا پشتیوانی دەکات لەو ڕێژەی بیتە (بیت ڕەیت).
- بزانە ئایا لەڕەڵەری نموونە پشتیوانیکراوە.
- بزانە ئایا ژمارەی کەناڵەکانی دەنگ پشتیوانیکراوە.

### من ناتوانم ژێرنووسەکان ببینم.

- بزانە ئایا فایلەکە لەسەر پەخشکەری ڤیدیۆ یان کۆمپیۆتر کێشەی هەیە یان نەهە. (بزانە ئایا فایلەکە تێکنەچووە)
- بزانە ئایا ناوی فایلی ڤیدیۆ و فایلی ژێرنووس یەکێکە.
- هەروەها بزانە ئایا فایلی ڤیدیۆ و فایلی ژێرنووس لە ناو یەک پەڕدان (فۆڵدەر) دان.
- بزانە ئایا فۆرمەتی فایلی ژێرنووس قەبوولّ دەکات.
- بزانە ئایا ئەو زمانە قەبوولّ دەکات یان نە.

(دەتوانی فایلی ژێرنووس لەنێو Notepad دا بکەیتەوە بۆ ئەوەی زمانەکەی ببینیت.)

- ئەگەر کۆدکردنی ژێرنووس بەدروستی ڕێک نەکرێت، ڕەنگە ژێرنووسەکان باش نیشان نەدرێن. دوگمەی ▼ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە لە ماوەی کردارەکانی پەخشی دووبارەی ڤیدیۆکە دابگرە. SUB دەسنیشان بکە و بەهای **لاپەڕەی کۆد** بگۆڕە.
- ئەگەر لە ڕێگەی ئامرازی هاوبەشکردنی ناوەڕۆکەوە فایلێکی ڤیدیۆ پەخش بکەیت کە لەسەر ئامێرێکی تر خزن کراوە، بەپێی ئەو بەرنامەی کە بەکاری دەهێنیت ڕەنگە ژێرنووس مەوجوود نەبێت.
- ئەگەر تۆ لەڕێگەی یەکەیەکی NAS-ەوە ڤیدیۆ پەخش بکەیتەوە، پشتیوانی ناکرێت لە ژێرنووس. لە دروستکەری NAS پرسیار بکە و داوای ڕێنمایی بکە.

## کاتێک ئامێری خەزنکردنی USBم دەدەم لە تەلەفزیۆنەکە، ناینasێت.

- بزانە ئایا تەلەفزیۆنەکە پشتیوانی دەکات لە ئامێری خەزنکردنی USB. بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **گرێدانی ئامێرە دەرەکییەکان** ← **پەیوەستکردنی USB** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

# چارەدۆزی کێشەکانی تۆمارکردن

## چارەدۆزی کێشەکانی تۆمارکردن

بۆ بۆ زانیاریی وردتر لەبارەی تۆمارکردن، بچۆ بەشی **چێژ لە تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ وەرگرە** ← **تۆمارکردن** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** دا.

## چۆن دەست بکەم بە تۆمارکردن؟

- ئامێرێکی خەزنکردنی USB، کە سەرجەم لانیکەم 4 گیگابایت جێگەی هەبێت، لە تەلەفزیۆنەکە گرێ بدە. پێویستە لانیکەم 1 گیگابایتی بەتاڵ بێت. (بۆ بۆ زانیاریی وردتر لەبارەی ئامێری خەزنکردنی USB، بچۆ **گرێدانی ئامێرە دەرەکییەکان** ← **پەیوەستکردنی USB** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** دا.)
  دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **تۆمار** دەسنیشان بکە.
  دەتوانیت تۆمارکردن دەست پێ بکەیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ●ی سەر مەجیک ڕیموت.
- هەندێک ئامێری هەمارگەی USB پێویستیان بە فۆرماتکردنە لە سەر تەلەفزیۆنەکەت. فۆرماتکردن گشت داتای هەڵگیراوی سەر ئامێری هەمارگەی USB دەسڕێتەوە، و ئامێرەکەش بە سیستەمی فایلی NTFS و FAT32 فۆرمات دەکرێت. پێش ئەوەی ئامێرێکی هەمارگەی USB بە تەلەفزیۆنەکەت گرێ بدەیت، هەموو داتایەکی هەڵگیراوی سەر ئامێرەکە لە سەر کۆمپیوتەرەکە پاشەکەوت بکە.

## چ سیگنالگەلێک پشتیوانی دەکەن لە تۆمارکردن؟

- تۆمارکردنەکانی ڕاستەقینە و خشتەکراو تەنها بۆ ئەو پڕۆگرامانە بەردەستن کە ڕاستەوخۆ لە تەلەفزیۆنەوە وەردەگیرێن.
- کەناڵەکانی ئامێری کردنەوەی کۆد ناکرێت تۆمار بکرێن.

- ناوەڕۆکی پارێزراو تومار ناکرێت.

### ئایا ئەگەر تەلەفزیۆنەکە کوژابێتەوەش، **تۆمارکردنی خشتەکراو** هێشتا دەشێت ئەنجام بدرێت؟

- تەنانەت ئەگەر تەلەفزیۆنەکە کوژابێتەوە، **تۆمارکردنی خشتەکراو** لە کاتی دیاریکراو تومارکردن دەست پێ دەکات و تەواوی دەکات.
- ئەگەر تەلەفزیۆنەکە لە کارەبا دەر هێنرابێت، **تۆمارکردنی خشتەکراو** کار ناکات.

# چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی تۆڕ

## چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی تۆڕ

ئەگەر لە کاتی بەکار هێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.
پێش گرێدانی تۆڕێکی بێتەل، ناو و نهێنوشەی ئامێرە وای فایەکە بۆ گرێدان بپشکنە.

دەتوانیت بەم شێوەی خوارەوە دۆخی پەیوەندیی تۆڕ بپشکنیت.

- ⚙ ← ● ← **گشتی** ← **تۆڕ** ← **گرێدانی تەلدار (ئیسەرنێت)**
- ⚙ ← ● ← **گشتی** ← **تۆڕ** ← **گرێدانی Wi-Fi** ← **تۆڕی دیکە** ← **ڕێکبەندە پەرەسەندووەکانی Wi-Fi**




کاتێک X لە تەنیشتی تەلەفزیۆن دەردەکەوێت

- تەلەفزیۆنەکە یان AP (ڕووتەر) بپشکنە.
- بزانە تەلەفزیۆنەکە، AP (ڕووتەر) و مۆدێمی کابلی دروست و بێ کێشە پەیوەست کراون.
- بەم تەرتیبەی خوارەوە هەڵی بکە و بیکوژێنەوە؛
  1. مۆدێمی کێبڵەکەت بکوژێنەوە و هەڵ بکەوە، و چاوەڕوانی دەستپێکردنەوەی ئامێرەکەت بە.
  2. ڕاوتەری تەلدار/بێتەل بکوژێنەوە و هەڵ بکەوە، و چاوەڕوانی دەستپێکردنەوەی ئامێرەکەت بە.
  3. تەلەفزیۆنەکە بکوژێنەوە و هەڵ بکەوە.
- ئەگەر دەتەوێت گرێدانێکی تەلداری LAN دابمەزرێنیت ئەوە بپشکنە ئایا ناونیشانی IP دەکرێت لە ڕاوتەرەکە بە دروستی دەست بخرێت. ئەگەر بە دەستی تۆڕەکەت سێتەپ دەکەیت، بزانە گشت ڕێکبەندەکان دروستن.
- ئەگەر دەتەوێت گرێدانێکی بێتەل دابمەزرێنیت، سەیری خاڵانەش بکە.
  ① SSIDی ڕاوتەرەکەت (ناوی تۆڕ) یان کەناڵی بێتەل دیاری بکە.
  ② کلیلی ئاسایشی ڕاوتەرەکەت دیاری بکە.
ئەگەر ناتوانیت ئەم ڕێکبەندە تەواو بکەیت، سەیری ناملکەی بەکار هێنەر و ڕێنماییە پێشکەشکراوەکان لە لایەن دابینکەری ئینتەرنێتەکەت بکە. ئەگەر هێشتا ناتوانیت شێوەبەندکردنی خۆت دابمەزرێنیت، ڕاوێژ بە کۆمپانیای دروستکەری

ڕاوتەرەکە یان دابینکەری خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتەکەت بکە.

- ئەگەر IPای ستاتیک بە کار دەهێنیت، ڕاستەوخۆ IPـەکەی پێ بدە.




کاتێک X لە تەنیشتی Gateway دەردەکەوێت

- AP (ڕووتەر) بپشکنە یان لەگەڵ دابینکەری ئینتەرنێتەکەت ڕاوێژ بکە.
- کێبڵی ڕاوتەر یان مۆدەمەکە لە پلاکی دیوارەکە دەربێنە، بۆ ماوەی 10 چرکە چاوەڕوان بە و دووبارە گرێی بدەوە.
- AP (ڕووتەر) یان مۆدێمی کابڵی ڕیسێت بکە.
- سەردانی ماڵپەڕی دروستکەری AP (ڕووتەر) بکە بۆ ئەوەی دڵنیا ببیت کە نوێترین firmware (فێرموێر) لەسەر ڕووتەرەکە دامەزراوە.
- ئەگەر ناتوانیت ئەم ڕێکبەندە تەواو بکەیت، سەیری نامیلکەی بەکارهێنەر و ڕێنماییە پێشکەشکراوەکان لە لایەن دابینکەری ئینتەرنێتەکەت بکە. ئەگەر هێشتا ناتوانیت شێوەبەندکردنی خۆت دابمەزرێنیت، ڕاوێژ بە کۆمپانیای دروستکەری ڕاوتەرەکە یان دابینکەری خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتەکەت بکە.




کاتێک X لە تەنیشتی DNS دەردەکەوێت

- AP (ڕووتەر) بپشکنە یان لەگەڵ دابینکەری ئینتەرنێتەکەت ڕاوێژ بکە.
- کێبڵی ڕاوتەر یان مۆدەمەکە لە پلاکی دیوارەکە دەربێنە، بۆ ماوەی 10 چرکە چاوەڕوان بە و دووبارە گرێی بدەوە.
- AP (ڕووتەر) یان مۆدێمی کابڵی ڕیسێت بکە.
- بزانە ئایا ناونیشانی MACی TV/AP (ڕووتەر) لای دابینکەری ئینتەرنێتی تۆ تۆمار دەبێت.(ناونیشانی MAC کە لە پەنجەرەی دۆخی تۆڕ دا نیشان دەدرێت، دەبێت لای دابینکەری ئینتەرنێتی تۆ تۆمار ببێت.)
- ئەگەر ناتوانیت ئەم ڕێکبەندە تەواو بکەیت، سەیری نامیلکەی بەکارهێنەر و ڕێنماییە پێشکەشکراوەکان لە لایەن دابینکەری ئینتەرنێتەکەت بکە. ئەگەر هێشتا ناتوانیت شێوەبەندکردنی خۆت دابمەزرێنیت، ڕاوێژ بە کۆمپانیای دروستکەری ڕاوتەرەکە یان دابینکەری خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتەکەت بکە.

# چارەدۆزی کێشەکانی ئەژمێری LG

## چارەدۆزی کێشەکانی ئەژمێری LG

خۆم تۆمار کردووە بۆ ئەندامێتی سەر تەلەفزیۆن. ئایا پێویستە دووبارە خۆم تۆمار بکەمەوە لە سەر وێبسایتی (www.lgappstv.com)؟

- دەتوانیت وێبسایتەکە بە زانیاری ئەندامیەتی بەکاربێنیت کە لە کاتی خۆتۆمارکردنی سەر تەلەفزیۆنەکە بەکارت هێنا.

### نهێنوشەکەم لەبیر چووە. پێویستە چی بکەم؟

- لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە، دوگمەی **نهێنوشەت لەبیرکردووە؟** دەسنیشان بکە بۆ چوون بۆ لاپەڕەی دۆزینەوەی نهێنوشە. ناونیشانی ئیمەیڵی خۆت لە سەر لاپەڕەی دۆزینەوەی نهێنوشە بنووسە، و لینکێکت بۆ دەنێرین بۆ ڕێککردنەوەی نهێنوشەکەت.
- هەروەها دەتوانیت نهێنوشەکەت ڕێک بکەیتەوە لە ئەژمێری LG ← لە سەر وێبسایتی (www.lgappstv.com).

- لە هەندێ وڵات ڕەنگە دەسگەیشتن بە ماڵپەڕی (www.lgappstv.com) سنووردار بێت.

# چارەدۆزی کێشەکانی ناوەڕۆک

## چارەدۆزی کێشەکانی ناوەڕۆک

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

### لە لاپەڕەی سەرەکی (Home) دا ناتوانم هیچ ناوەرۆکێک ببینم.

- ئەگەر ڕێککردنەکانی وڵات لە بەشی 'دیاریکردنی وڵاتی خزمەت' دا گۆڕدرابێت، ڕەنگە نەتوانیت ئەم ناوەرۆکانە ببینیت. بچۆ ئەم بەشانە و ئەو وڵاتە هەڵبژێرە کە دەتەوێ لەوێ خزمەتەکە بە کار بهێنیت: ⚙ ← ● ← **گشتی** ← **سیستم** ← **شوێن** ← **وڵاتی خزمەتگوزاریەکانی LG**.
(ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.)
- ئەگەر هەندێ لە ئەپەکان نابینیت، ڕەنگە تۆ ئەوانت سڕیبێتەوە. تکایە ئەپی پەیوەندیدار دووبارە دابمەزرێنە.
- ئەگەر ئەپلیکەیشنەکە سڕاوەتەوە، دەتوانیت ئەپلیکەیشنەکە دابەزێنیت لە **Apps** دووبارە دایبمەزرێنیتەوە. بڕۆ بۆ ⌂ ← **Apps** بۆ دۆزینەوە و دامەزراندنی ئەو ئەپلیکەیشنەی دەتەوێت.
- جۆری ناوەرۆکی پشتیوانیکراو بەپێی وڵات جیاوازە.
- ئەو ناوەرۆکانە کە دابین دەکرێن ڕەنگە لەلایەن دابینکەری خزمەتەوە بگۆڕدرێن یان قەت بکرێن.

# چارەدۆزی کێشەکانی وێبگەڕی ئینتەرنێت

## چارەدۆزی کێشەکانی وێبگەڕی ئینتەرنێت

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

### کاتێ کە ئینتەرنێت بە کار دەهێنم هەندێ بەش لە ماڵپەڕێکی دیاریکراو نیشان نادرێت.

- **گەڕاڵی وێب** تەنیا لە میدیای HTML5 پشتیوانی دەکات و لە پلاگ-ئینی فلاش پشتیوانی ناکات.
- **گەڕاڵی وێب** ڕێگەی زێدەکردنی پلاگ-ئین نادات.
- لەم **گەڕاڵی وێب**ە دا تەنیا بەم فۆرمەتانەی خوارەوە دەتوانیت فایلی میدیا پەخش بکەیت: JPEG/PNG/GIF :
- تۆ ناتوانیت هاوپێچەکان یان وێنەکان پاشەکەوت بکەیت.
- ئەگەر تایبەتمەندی **بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە** هەڵبکرێت، ناوچەی سەر وێبسایتەکە کە ریکلام نیشان دەدات بە بەتاڵی دەردەکەوێت. ئەگەر هەندێک ناوەڕۆکی سەر وێبسایتەکە شاراوە بێت و نەبینرێت، هەوڵی دانانی ⋮ ← **ڕێکبەندەکان** ← **بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە** بۆ **کۆژاندنەوە** لە **گەڕاڵی وێب** بدە. **ڕێکلامی سپۆنسەرکراوی** سەر لاپەڕەی خشتەبەندی نوێ نیشان دەدرێت تەنانەت ئەگەر تایبەتمەندی **بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە** بۆ **کۆژاندنەوە** دیاری بکەیت.

### کاتێک کە سەردانی ماڵپەڕێک دەکەم، ئینتەرنێتگەڕ خۆی بۆ خۆی دەبەسرێت / دادەخرێت.

- ئەگەر بیرگە جێگەی تەواوی بۆ جێکردنەوەی وێنەکانی ماڵپەڕێک نەبێت ڕەنگە بەزۆر ببەسترێت / دابخرێت. ئەوە بپشکنە ئەگەر بتوانیت دەسگەیشتنت بۆ ماڵپەڕەکە هەبێت لە ڕێگەی کێشەی سەر کۆمپیوتەرەکەت.

### لە کاتی سەیرکردنی ڤیدیۆ لە **گەڕاڵی وێب** دا، ڤیدیۆکە بە زۆر دەکوژێنرێتەوە.

- لەوانەیە بتوانیت بە دانانی ⋮ ← **ڕێکبەندەکان** ← **Adaptive Streaming** بە **بەکارهێنانی JavaScript** لەسەر **کۆژاندنەوە** لە **گەڕاڵی وێب** دا، ئەم کێشەیە چارەسەر بکەیت. ڕێککردن ئەو خشتەبەندانە ناگرێتەوە کە بەرلە گۆڕانکاری کراوە بوون، و تەنیا ئەو خشتەبەندانە دەگرێتەوە کە دوای گۆڕانکاری کراونەتەوە.

# ئاگادار بوون لە زانیاری

## شێوازی فایلی وێنەی پشتیوانیکراو

### شێوازی فایلی وێنەی پشتیوانیکراو

| فۆرمەتی فایل | فۆرمەت | وردبینی |
| --- | --- | --- |
| jpeg، jpg، jpe | JPEG | کەمترین : 64 × 64<br>زۆرترین<br>جۆری ئاسایی : 15360 (W) × 8640 (H)<br>جۆری پێشکەوتوو : 1920 (W) × 1440 (H) |
| png | PNG | کەمترین : 64 × 64<br>زۆرترین : 5760 (W) × 5760 (H) |
| bmp | BMP | کەمترین : 64 × 64<br>زۆرترین : 1920 (W) × 1080 (H) |

# شێوازی فایلی ڤیدیۆی پشتیوانیکراو

## شێوازی فایلی ڤیدیۆی پشتیوانیکراو

### زۆرترین ڕێژەی گواستنەوەی دەیتا

- ڤیدیۆی Full HD
H.264 1920 × 1080@60P BP/MP/HP@L4.2 Maximum 40Mbps
HEVC 1920 × 1080@60P Main/Main10@L4.1 Maximum 40Mbps
- ڤیدیۆی ULTRA HD (تەنها مۆدێلەکانی ULTRA HD)
H.264 3840 × 2160@30P BP/MP/HP@L5.1 Maximum 50Mbps
HEVC 3840 × 2160@60P Main/Main10@L5.1 Maximum 60Mbps
- ڤیدیۆی HFR (تەنهای مۆدێلەکانی پشتیوانی HFR)
HEVC 3840 × 2160@120P Main/Main10@L5.2 Maximum 60Mbps
- ڤیدیۆی Dolby Vision (تەنهای مۆدێلەکانی پشتیوانی Dolby Vision)
HEVC 3840 × 2160@60P Main/Main10@L5.1 Maximum 50Mbps
- ڤیدیۆی 8K (تەنها مۆدێلەکانی 8K)
AV1 7680 × 4320@60P
HEVC 7680 × 4320@60P Main/Main10@L6.1 Maximum 100Mbps

### ژێرنووسی پشتیوانیکراوی دەرەکی

smi، srt، sub (MicroDVD, SubViewer 1.0/2.0)، ass، ssa، txt (TMPlayer)، psb (PowerDivX)، dcs (DLP Cinema)

## فۆرماتی ژێرنووسی ناوەکی

Matroska (mkv) : Sub Station Alpha (SSA)، Advanced Sub Station Alpha (ASS)، SRT
MP4 : Timed Text

## کۆدخوێنی پشتیوانیکراوی ڤیدیۆ

| پاشگر | کۆدخوێنەکان | |
|---|---|---|
| asf<br>wmv | ڤیدیۆ | پرۆفایلی VC-1 Advanced (بێجگە لە WMVA)، پرۆفایلی Simple و Mainی VC-1 |
| | دەنگ | WMA Standard (بێجگە لە WMA v1/WMA Speech) |
| avi | ڤیدیۆ | Xvid (کە GMC پشتیوانیکراو نیە)، H.264/AVC، MPEG-4، Motion Jpeg |
| | دەنگ | MPEG-1 Layer I، II، MPEG-1 Layer III (MP3)، Dolby Digital، LPCM، ADPCM |
| mp4<br>m4v<br>mov | ڤیدیۆ | H.264/AVC، MPEG-4، HEVC، AV1 |
| | دەنگ | Dolby Digital، Dolby Digital Plus، AAC، MPEG-1 Layer III (MP3)، Dolby AC-4 |
| 3gp<br>3g2 | ڤیدیۆ | H.264/AVC، MPEG-4 |
| | دەنگ | AAC، AMR-NB، AMR-WB |
| mkv | ڤیدیۆ | MPEG-2، MPEG-4، H.264/AVC، VP8، VP9، HEVC، AV1 |
| | دەنگ | Dolby Digital، Dolby Digital Plus، AAC، PCM، MPEG-1 Layer I، II، MPEG-1 Layer III (MP3) |

| | | |
|---|---|---|
| ts<br>trp<br>tp<br>mts | ڤیدیۆ | H.264/AVC، MPEG-2، HEVC |
| | دەنگ | MPEG-1 Layer I، II، MPEG-1 Layer III (MP3)، Dolby Digital، Dolby Digital Plus، AAC، PCM، Dolby AC-4 |
| mpg<br>mpeg<br>dat | ڤیدیۆ | MPEG-1، MPEG-2 |
| | دەنگ | MPEG-1 Layer I، II، MPEG-1 Layer III (MP3) |
| vob | ڤیدیۆ | MPEG-1، MPEG-2 |
| | دەنگ | Dolby Digital، MPEG-1 Layer I، II، DVD-LPCM |

- Dolby AC-4 : ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## هۆشداریەکان لەبارەی پەخشکردنەوەی ڤیدیۆ

- هەندێ لەو ژێرنووسانە کە بەکارهێنەر دروستی کردوون ڕەنگە باش نیشان نەدرێن.
- پێویستە فایلێکی ڤیدیۆ و فایلی ژێرنووسەکەی لە ناو هەمان فۆڵدەردا بن. بۆ ئەوەی ژێرنووسەکان بە دروستی نیشان بدرێن، دڵنیا بە کە فایلی ڤیدیۆ و فایلی ژێرنووسەکە هەمان ناویان هەیە.
- بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆنەکەت و ئەوەی کە بەرهەمی کام کۆمپانیا بێت، ڕەنگە ژێرنووسی سەر ئامێری NAS (ئەمباری گرێدراو بە تۆڕ) پشتیوانی نەکرێت.
- ئەو پەخشکراوانەی کە(GMC) Global Motion Compensation و Quarterpel Motion Estimation (Qpel)یان تێدا بێت پشتیوانی ناکرێن.
- ڤیدیۆی ULTRA HD (تەنها مۆدێلەکانی 2160 × 4096، 2160 × 3840 : ULTRA HD)
هەندێ ڤیدیۆی ULTRA HDی کۆدکراو بە شێوازی HEVC جیا لەو ناوەرۆکانە کە بە شێوەی ڕەسمی لەلایەن LG Electronicsەوە بڵاو کراونەتەوە ڕەنگە پەخش نەکرێنەوە.
هەندێ لە کۆدخوێنەکان ڕەنگە دوای ئاپگرەیدی نەرمامراز پشتیوانی بکرێن.

| پاشگر | کۆدخوێنەکان | |
|---|---|---|
| mkv/mp4/ts | ڤیدیۆ | H.264/AVC، HEVC |
| | دەنگ | Dolby Digital، Dolby Digital Plus، AAC |

- تەنها Window Media Audio V7 و سەرتر پشتیوانی دەکرێن.
- پرۆفایلی AAC Main پشتیوانی ناکرێت.
- ئەو فایلە ڤیدیۆییانە کە بە هەندێ کۆدکەری تایبەت دروست کراون ڕەنگە پەخش نەکرێنەوە.

- ئەگەر فۆرمەتی فایلی ڤیدیۆ جیاواز بێت لە ئەو فۆرمەتانە کە دیاری کراون ڕەنگە پەخش نەکرێت.
- ئەگەر فایلی ڤیدیۆ لەسەر جۆرێک لە ئامێری خزنکردنی USB دانرابێت لە پشتیوانی نەکات لە خێرایی زۆر، ڕەنگە باش پەخش نەکرێتەوە.

# شێوازی فایلی مووزیکی پشتیوانیکراو

## شێوازی فایلی مووزیکی پشتیوانیکراو

| فۆرمەتی فایل | زانیاری | |
|---|---|---|
| mp3 | ڕادەی بیت | 32 kbps - 320 kbps |
| | نموونەی فرەکانس | 16 kHz - 48 kHz |
| | پشتیوانی | MPEG-1, MPEG-2 |
| | کەناڵەکان | مۆنۆ، ستێریۆ |
| wav | ڕادەی بیت | - |
| | نموونەی فرەکانس | 8 kHz - 96 kHz |
| | پشتیوانی | PCM |
| | کەناڵەکان | مۆنۆ، ستێریۆ |
| ogg | ڕادەی بیت | 64 kbps - 320 kbps |
| | نموونەی فرەکانس | 8 kHz - 48 kHz |
| | پشتیوانی | Vorbis |

| | | |
|---|---|---|
| | کەناڵەکان | مۆنۆ، ستێریۆ |
| wma | ڕادەی بیت | 128 kbps - 320 kbps |
| | نموونەی فرەکانس | 8 kHz - 48 kHz |
| | پشتیوانی | WMA |
| | کەناڵەکان | تا 6 کەناڵ |
| flac | ڕادەی بیت | - |
| | نموونەی فرەکانس | 8 kHz - 96 kHz |
| | پشتیوانی | FLAC |
| | کەناڵەکان | مۆنۆ، ستێریۆ |

- لەوانەیە ژمارەی ئەو کەناڵانەی پشتیوانی دەکرین بەپێی نموونەی فرەکانس جیاوازبن.

# ڕوناکیی پشتگیری کراو : HDMI-DTV

## شێوازی پشتیوانیکراوی HDMI-DTV

| وردبینی | فرەکانسی ئاسۆیی (کیلۆهێرتز) | فرەکانسی ئەستوونی (هێرتز) |
|---|---|---|
| 640 × 480p | 31.46 | 59.94 |
| | 31.5 | 60 |
| 720 × 480p | 31.46 | 59.94 |

| | | |
|---|---|---|
| 60 | 31.5 | |
| 50 | 31.25 | 720 × 576p |
| 50 | 37.5 | 1280 × 720p |
| 59.94 | 44.95 | |
| 60 | 45 | |
| 50 | 28.12 | 1920 × 1080i |
| 59.94 | 33.71 | |
| 60 | 33.75 | |
| 23.97 | 26.97 | 1920 × 1080p |
| 24 | 27 | |
| 25 | 28.12 | |
| 29.97 | 33.71 | |
| 30 | 33.75 | |
| 50 | 56.25 | |
| 59.94 | 67.43 | |
| 60 | 67.5 | |
| 100 | 112.5 | |

| | | |
|---|---|---|
| 119.88 | 134.86 | |
| 120 | 135 | |
| 23.97 | 53.94 | 3840 × 2160p |
| 24 | 54 | |
| 25 | 56.25 | |
| 29.97 | 67.43 | |
| 30 | 67.5 | |
| 50 | 112.5 | |
| 59.94 | 134.86 | |
| 60 | 135 | |
| 100 | 225 | (3840 × 2160p [1) 2] |
| 119.88 | 269.73 | |
| 120 | 270 | |
| 23.97 | 53.94 | 4096 × 2160p |
| 24 | 54 | |
| 25 | 56.25 | |
| 29.97 | 67.43 | |

| | | |
|---|---|---|
| | 67.5 | 30 |
| | 112.5 | 50 |
| | 134.86 | 59.94 |
| | 135 | 60 |
| (4096 × 2160p [1) 2] | 225 | 100 |
| | 269.73 | 119.88 |
| | 270 | 120 |

1) کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **HDMI Deep Color** لەسەر حاڵەتی **4K** دانرابێت.
2) تەنها چەند پۆرتێکی ئینپوتی HDMI دیاریکراو پشتیوانیکراون.

# ڕوناکیی پشتگیری کراو : HDMI-PC

## شێوازی پشتیوانیکراوی HDMI-PC

| وردبینی | فرەکانسی ئاسۆیی (کیلۆهێرتز) | فرەکانسی ئەستوونی (هێرتز) |
|---|---|---|
| 640 × 350 | 31.46 | 70.09 |
| 720 × 400 | 31.46 | 70.08 |
| 640 × 480 | 31.46 | 59.94 |
| 800 × 600 | 37.87 | 60.31 |

| | | |
|---|---|---|
| 1024 × 768 | 48.36 | 60 |
| 1152 × 864 | 54.34 | 60.05 |
| 1360 × 768[3)] | 47.71 | 60.01 |
| 1280 × 1024<br>(تەنها مۆدێلەکانی 8K، ULTRA HD) | 63.98 | 60.02 |
| 1920 × 1080<br>(تەنها مۆدێلەکانی 8K، ULTRA HD، Full HD) | 67.5 | 60 |
| 1920 × 1080<br>(تەنها مۆدێلەکانی 8K، ULTRA HD) | 134.86 | 119.88 |
| | 135 | 120 |
| 2560 × 1440[1)]<br>(تەنها مۆدێلەکانی ULTRA HD 50/60 Hz) | 88.78 | 59.95 |
| 2560 × 1440[1)]<br>(تەنها مۆدێلەکانی 8K، ULTRA HD 100/120 Hz<br>100/120 Hz) | 182.99 | 119.99 |
| 3840 × 2160<br>(تەنها مۆدێلەکانی 8K، ULTRA HD) | 53.94 | 23.97 |
| | 54 | 24 |
| | 56.25 | 25 |
| | 67.43 | 29.97 |
| | 67.5 | 30 |
| | 112.5 | 50 |

| | | |
|---|---|---|
| | 134.86 | 59.94 |
| | 135 | 60 |
| 3840 × 2160[1]<br>(تەنها مۆدێلەکانی 8K، ULTRA HD 100/120 Hz) | 225 | 100 |
| | 269.73 | 119.88 |
| | 270 | 120 |
| 4096 × 2160<br>(تەنها مۆدێلەکانی 8K، ULTRA HD) | 53.94 | 23.97 |
| | 54 | 24 |
| | 56.25 | 25 |
| | 67.43 | 29.97 |
| | 67.5 | 30 |
| | 112.5 | 50 |
| | 134.86 | 59.94 |
| | 135 | 60 |
| 4096 × 2160[1]<br>(تەنها مۆدێلەکانی 8K، ULTRA HD 100/120 Hz) | 225 | 100 |
| | 269.73 | 119.88 |
| | 270 | 120 |
| 7680 × 4320[2]<br>(تەنها مۆدێلەکانی 8K) | 107.89 | 23.97 |

| | |
|---|---|
| 24 | 108 |
| 25 | 110 |
| 29.97 | 131.87 |
| 30 | 132 |
| 50 | 220 |
| 59.94 | 263.74 |
| 60 | 264 |

1) کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **HDMI Deep Color** لەسەر حاڵەتی **4K** دانرابێت.
2) کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **HDMI Deep Color** لەسەر حاڵەتی **8K** دانرابێت.
3) کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **HDMI Deep Color** لەسەر حاڵەتی **کوژاندنەوە** دانرابێت.

- ئەو پۆرتی HDMIی کۆمپیۆتەرە کە پشتیوانی دەکرت بەپێی مۆدێل جیاوازە. ئەو نامیلکە بخوێنەوە کە لەگەڵ تەلەفزیۆنەکە دابین کراوە.

# زانیاریی مۆڵەت

## زانیاریی مۆڵەت

ڕەنگە مۆڵەتە پشتیوانیکراوەکان بە گوێرەی مۆدێڵ بگۆڕێن.

Dolby

Manufactured under license from Dolby Laboratories. Dolby, Dolby Vision, Dolby Vision IQ, Dolby Audio, Dolby Atmos, and the double-D symbol are trademarks of Dolby Laboratories.

HDMI

The terms HDMI and HDMI High-Definition Multimedia Interface, and the HDMI Logo

are trademarks or registered trademarks of HDMI Licensing Administrator, Inc. in the .United States and other countries

## Bluetooth

The Bluetooth® word mark and logos are registered trademarks owned by the Bluetooth SIG, Inc. and any use of such marks by LG Electronics Inc. is under license. .Other trademarks and trade names are those of their respective owners

## Quickset

## HEVC